نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەمەد و هاوڕێیانی

بەڵگەنامەکان

محەممەد ڕەزا سەیف قازی

و: عەلی ئەکبەر مەجیدی

نهێنییەکانی دادگاییکردنی
قازی محەمەد و هاورێیانی

عەلی ئەکبەر مەجیدی

نهێنییەکانی دادگاییکردنی

قازی محەمەد و هاوڕێیانی

محەمەد ڕەزا سەیف قازی

و: عەلی ئەکبەر مەجیدی

تایپ: ئاراس حەسەن ئەحمەد

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك :

شاروخ ئەرژەنگی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپی یەکەم ٢٠٠٨ سلێمانی

ژمارەی سپاردنی (٧٠٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

زنجیرە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان ژمارە ٢٨

پێرست

پێشەکی وەرگێڕی کوردی:

ئـەم کتێبـە کـە ئێـستا لەبـەر دەسـتماندایە پێتـان خۆشـە کـەبزانن سـەربوردەی شۆڕشـی قازییـەکانی کۆمـاری کوردسـتان بـە چ شـێوازێكو چۆن سەری هەڵداوەو تەنانەت حکومەتی ئەو کاتـەی کوردسـتان چۆن توانیویـەتی سکەی پارە دروست بکات؟

سەرکردەکانی حکومەتی کوردستان چۆنو لەلایەن کێوە دادگایی کـراونو گەورەترین زیانیان لە چ لایەنێکەوە پێگەیشتووە؟

ئەوا بەردەوام بـن لەسـەر خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە تـا نهێنییـەکانتان بـۆ دەربکەوێت کە تا ئێستا نەدرکاونو زۆربەی زۆری ئەو بەڵگەنامانە بۆ خەڵکی کوردستان نادیارنو بەزمانی کوردی نەخراونەتە بەر دەست، هەرچەند ئـەم بەڵگەنامانە کە بڵاومان کردۆتەوە ٣٠٪ی هەموو ئەو بەڵگەنامانەش نییـە کـە سـەبارەت بەحکومـەتی کوردسـتانی سـاڵی (١٩٤٦ز) و سـەرکردەکانی ئاشـکرا کراوە.

ئـەم بەڵگەنامانـەی کـەدەیبینینو لـە ئەرشیفی (ناوەنـدی بەڵگەنامـەکانی میللـی ئێـران) یـا لەئەرشـیفی هـەوالگری سۆڤیەت بەدەسـت هـاتوون، نـەك لەبەرچـاوی کـاڵی کـوردە بـەڵکو دژایـەتی خـودی کۆمـاری ئیـسلامی ئێرانـە لەبەرامبەر رژێمی پاشایەتی ئێرانـدا وایکـردووە کەئـەو بەڵگەنامانـە بخرێتـە بەر دەست تا بەو شێوازە بەخەڵك بڵێت (ئەوە ئێمـە پیاومـاقوڵترین لـەرژێمی پاشایەتی).

با باش بزانین کە چەند ئەوەندە رژێمـی پاشـایەتی زوڵمـی کـردووە، سـەد ئەوەندە رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران کوردو کوردستانیان چەوساندۆتەوە.

رۆژێـك دێـت کـه کۆڵەکـەکانی کۆشـکی کۆمـاری ئیـسلامی دواکـەوتوو دەڕوخێت‌و نامە نهێنییەکانیان دژی نەتەوەکانی جوگرافیای ئێران بەتایبـەت کورد دەخرێتە روو. ئەو رۆژانە بـەڕێوەن کـەپیاوانی رێـوی سیفەتی کۆمـاری ئیسلامی دادگایی دەکـرێن‌و دیکۆمێنتـەکانیان دژی کـوردو کوردسـتان ئاشـکرا دەبێت.

زۆربــەی بەڵگەنامــەکانی ئەوکاتــە ســەبارەت بــەکۆماری کوردســـتان بەدەستمان نەگەیشتووەو هێشتا لەهەواڵگرییەکانی کۆماری ئیـسلامی ئێـران‌و هەواڵگیریی سۆڤیەت‌و فراماسۆن (ماسۆنیە)دا ماوەتەوە.

هەمیـشە لەمێـژوودا ئـەوجۆرە بەڵگەنامانـە دوای سـەدەیەك بەتـەواوی ئاشـکرا دەبـن. ئەگــەر کۆمــاری ئیــسلامی ئێــران ئــەم شەســت لاپــەڕە بەڵگەنامەیەی تەسلیمی نووسـەر کردبێـت یـان لەشـوێنێکی تـرەوە بەدەسـتی هێنابێت ئەوا کۆماری ئیسلامی ویستوویە بڵێت حکومەتـەکانی پێـشوو دژی کـوردو کوردسـتان بـوون و ئێمـە دۆسـتیانین، بـەڵام ئێمـەی کـوردی ئاوارەو هـەڵوەدا نـابێ بـەوکارە رواڵەتییانـە بخەڵـەتێین‌و بـڕوا بـەدوژمنێکی دێـرین بکـەین کەرەشـەکوژی‌و کوشـتاری بەکۆمـەڵ‌و کوشـتنی زنجیرەیـی‌و دوابـەدوای یەك ئەنجام دەدات. هەر کـەس بیـەوێت کودەتـا بکـات وەکـو بەرپرسـی هێـزی ئاسمانی‌و نوێنەرانی پارێزگاکانی باکوری ئێرانی لێ دەکەن‌و هەر بەئاسمانەوە کۆتاییان پێ دێنن.

پەیمانی جەزایرو سیڤەرو ..... هتـد لـەبیرمان نەچۆتەوە، کە تـاك تـاکی بڕگە و تەوەرەکانی بۆ لەناوبردنی ئێمەیە.

ئـەوە گلـەیی تێـدا نییـە کـە شـەڕی دووبەرەکییـە مـافی ئێمـەیان زەوت کردووە و خۆیان بە سەرو بنی دنیا دادەنێن. لەکاتێکدا مێژوو شایەتحاڵە کـە بەهەزاران پلان‌و خوێنڕشتن بوونەتە خاوەنی دەسەڵات.

عەلی ئەکبەر مەجیدی ٢٠٠٧/٦/٢٦

پێشەکی:

هیچ دیاردەیەکی مێژوویی ناتوانرێت بەشێوازی جیاجیا لەدیاردەو گۆڕانکارییەکانی یەك نەتەوە، یان ناوچە بخرێتە ژێر وردبینی، یان لەناو تەرازووی مێژوودا بێت. سا، هەر دیاردە، یان رووداوێك، وەکو ئەڵقەی زنجیرێکن کە پەیوەندی لەگەڵ ئەڵقەکانی تردا هەیە دوور یان نزیك. بەهۆی نەبوونی ئازادی بەیانو بوونی سەرکوتو دیکتاتۆری بەردەوام هەندێ لەمێژووی وڵاتی ئێران لەتاریکیدا ماوەتەوەو یان لەسێبەردا بووەو ئەو جۆرەی کە دەبوایە بهاتبایە ناو بازنەی روونو راشکاوی مێژوو نەبووە و لەبەرامبەردا هەواڵو زانیاری هەڵەو بەپێچەوانە دراوەتە خەڵكو جگە لەرێژەیەکی کەمو دیاریکراو لەکۆمەڵگادا، ئەوانیتر لەراستی کارەکە بێ ئاگا ماون و دادگاییکردنیان لەچوارچێوەی زانیاریی پاڵێوراو و سەرەندکراوی رابردوودا بووە کە لەدارو دەستەی گرێدراوی حکومەتی ئەوکاتە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر تاك یان کەسانێك بەنووسینی راستییەکان ویستبێتیان زەینی خەڵك بەگشتی روون بکەنەوەو راستیەکانی بەرچاو بەو جۆرەی کەروویداوە بەخەڵك رابگەیەنن، هەوڵدانەکانیان یان بەجۆرێك نەزۆك بووە، یان دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان، نووسەر تووشی چارەنووسی شوومو تاڵ بوومتەوەو لەسووچی زیندانەکاندا رزاوەو لەناچووەو تۆزێ فەرامۆشیو لەبیرکردن بەخێرایی، نووسینو نامەی ئەو کەسانەی گرتووەو نەیهێشتووە بڕۆنە ناو خەڵکەوەو بدرکێت. ئەوە شێوازی زاڵو هەمیشەیی سیستمی دیکتاتۆرییە لەتەواوی کۆمەڵگای جیهاندا. ساڵەهای ساڵ زۆربەی خەڵکی یەکێتی سۆڤییەت و بەشێك لەرووناکبیرانو ئۆپۆزیسیۆنەکانی جیهان، "ستالین" بەپیاوێکی ئاسنینو شۆڕشگێڕی دژی داگیرکەر ناسیوەو لەرێگەی

ئارمان‌و دکتۆریەن‌و مانیفیستی کەسێکی وەها گیان‌و ژیانی خۆیان فیداکرد، ئایا ئەوانە کە لەکاتی مردنداو لەکاتی لەسێدارەداندا دروشمیان ئەوە بوو: بژی ئازادی، بژی کومۆنیست‌و بژی ستالین‌و پاشان گیانیان لەدەست دەدا، ئێستا ئەگەر زیندووببنەوە لەقسەو رەفتاریان شەرمەزار نابن، یان لەوەی گیانیان بەخۆڕایی لەدەستدا، پەشیمان نین؟ ئایا پیرۆزباییان لە قەسابی مێژووش کرد و وەکو قارەمان ناویان ئەهێنا نابێتە مایەی شکستی کەسێتی‌و شەرمەزارییان؟ ئەو کەسە کە بەپێی وتەی مێژوونووسانی رووسی حەوت سەد هەزار کەسی لەناوبرد و بەوتەی مێژوونووسانی جیهانی ۳ ملیۆن کەس و تەنانەت بنیاتنەرانی تیۆری کۆمۆنیزم‌و یارانی لنینی بەشێوازێك چەوساندەوە کە دانیان بە هەموو شتێکدا دەنا و بەئەشکەنجەی جەستەیی‌و دەروونی وای لێکردن تا دان بەوەدا بنێن کە سیخوڕی ئەڵمانیاو رۆژئاوا بوون و تەنانەت کارێکی کرد تا بنەماڵەکانیان بێزاری ورقی خۆیان بەباوك‌و دایك‌و هاوسەرو ئازیزەکانیان دەرببڕن‌و داوای سزادانی ئەوانیان کرد، بەزەیی بە زینۆپۆف"و "کاسینۆف"و "بوخارین" بنیاتنەرانی کۆمۆنیست‌و تیۆرییەکانی نەکرد. تەنانەت بەزەیی بە منداڵیشدا نەهاتەوەو سۆزێکی پیشان نەدا، یان نەیبوو تا پیشانی بدات، بەڵام باسەکە لێرەدایە، تا ئەوکاتەی دیواری ئاسنینی یەکێتی سۆڤییەت بڕۆخێت‌و پەردەکان بەلاوە بدرێت، دنیا بەتایبەتی جیهانی سێیەم، یەکێتی سۆڤییەت یان بەباشترین شوێنی جیهان دەزانی. لەم دواییانەش تا کاتێك کە "رەزا شا" ئێرانی بەجێنەهێشتبوو، هەندێ لەخەڵك بڕوایان بەچیرۆکی "پزیشك ئەحمەدی"و "شەش قامکی"و "سەرپاس موختاری" هەبوو کە بەشەوان سازیان دەژەن‌و بەرۆژا مرۆڤیان دەژەن. لەکاتی "محەمەد رەزا شا" بەگشتی دوو کتێب لەبارەی کوردو شۆڕشەکانیان‌و ئەو کارەساتانەی کە لەلایەن حکومەتەوە بەرەنگاری بوونەوە نووسیبوویان، یەکێکیان: "لەمەهابادی خوێناوییەوە تا قەراخەکانی ئاراس"و ئەویتر سەبارەت بەئازەربایجان‌و حزبی دیموکرات بوو بەناوی "هەم مەرگ بوو هەم گەڕانەوەش" کە نووسەرەکەی "نەجەف قولی خانی پوسیان" یەکێك لەئەفسەرەکانی سوپا بوو لەروکنی دووهەمدا. ئەگەر بتویستایە کوردستان

بناسـیت‌و لەحزبـە سیاسـییەکان‌و کەسـانی بـەناوبانگ لێبکۆڵینـەوە، تـەنها بەڵگـەی نووسـراو و دیکۆمێنـت ئـەوە بـوو خـودی رژێـم بەحـەزی خـۆی پـاڵاوتبووی بـۆ بەلاڕێـدا کێـشانی زەینـی خـەڵك بەگـشتی. هەنـدێ بابـەت بـەنازناوی "سـلێمان – ح" هـەبوو و جگـە لەوانـە کەسـێك نەیـدەوێرا راسـتییەکان بنووسـێت، ئەگـەریش بینووسـیایە، یـان بڵاونـەدەبووەوە، یـان چارەنوسـێکی شـووم چـاوەڕێی نووسـەرەکەی دەکـرد. تـەنها کەسـێك ئـەو تەلەسمەی شکاند. ویلیام ئیگەلتۆن" کۆنسۆڵی ئەمریکا بوو لـە"تـەورێز" کـە کتێبـی "کۆمـاری ١٩٤٦ی کورسـتان"ی نووسـی، سـەرەڕای ئـەوەی ئـەو کەسـە گرێـدراوی سـەرکردەکانی حکومـەت بـوو، بـەوەش بیروبۆچـوونی رژێمـی نووسـیبوو و رژێـم پیاچـوونەوەی کتێبەکـەیان کردبـوو و پاڵاوتیبوویـان. بەدڵنیاییەوە راستیە نهێنییەکانی بۆ خۆی راگرتبوو و پاراستبووی‌و ئێـستاش لەبیرەوەرییە تایبەتییەکانیدا هەرمابێت، بـەڵام نـاکرێ بەپەردەیـەك بـەر لـە هەتاو بگریت‌و بەداخستنی پەنجەرەکان راستییەکان لەچاوانی تیژی خـەڵك ناشاردرێتەوە، چونکە پێوانە لەکۆتاییدا کاری خۆی دەکات، سـەرەڕای ئـەوەش مەسەلە زۆر نهێنییەکان لـەنوکی زمـان‌و قەڵەمـەکان تێپـەڕیوەو گەیـشتووەتە گوێی خەڵك.

بەڵام لەوەرگێڕانی ئەو کتێبەدا، ئەمانەتداری جێبەجێ نـەبووەو زۆر لـەو بابەتانـە یـان لابـراوە یـان پێـی زیـادکراوە کـە لەراسـتییەکانەوە هـەزاران کیلۆمـەتر دوورە. یـەکێك لـەو راسـتیانەو سووچـێکی تاریـك لـەرووداوەکانی مێژووی ئەو ناوو خاك‌و نیشتمانە، دادگاییکردنێکی شێوە شانۆیی قازییـەکان بوو کە دلێری‌و ئازایەتی‌و مرۆڤ دۆستی‌و وڵات پارێزی قازی محەمەدو سەیف قازی‌و سەدر، دنیـای سەرسـام کـردو تەنانـەت دوژمـن‌و دیکتاتۆرەکـانی مـات‌و سەرسام کردوو و سەرنجیانی راکێشا.

خوێنەری هێژا ئـەو راسـتییە چۆن لێکدەدەنـەوە، پـارێزەری بـەدیلگیراوی قازی محەمەد کە رژێم بەزۆرو زۆرداری هێنابووی تا یاسا بەسەر قازییەکانـدا بسەپێنێت، (سـەروان شـەریفی) پـارێزەری پێـشەوا قـازی پـاش لەسـێدارەدانی قازییەکان رۆیـشتووەتە مـاڵی قـازی‌و بەگریانـەوە داوای لێبـوردن لەبنەماڵـەی

قازی دەکاو پارەی پارێزەری وەرناگرێتو کاتێک کەدەگاتە تاران دەست لەکاری سوپا (کاری ناولەشکر) بەردەداتو پاشان دەیگرنو رووبەڕووی توندو تیژییەکانی رژێم دەبێتەوە.

ئێستا دوو رووداوی بەرگری قازی دەگێڕمەوە:

کاتێک کە قازی دادگاکە بەپێشەوا قازی دەڵێت ئێوە داڵدەتان بردۆتە لای دوژمن. پێشەوا قازی وەڵامدەداتەوە: "ئێوە لەکوێ بوون تا بەرگری لەو کارەساتە بکەن؟" پێشەوا قازی زۆربەی کات پرسیاری بەپرسیار وەڵام دەدایەوە. دەڵێت: "ئێوە بەم هەموو ئەستێرەو مەدالیاوە لەکوێ بوون کاتێک کە ئەم دوژمنە هاتۆتە ناو خاکی نیشتمان؟ خۆم بینیومە ئەفسەرو سەربازگەلێك بەبێ ئەوەی دوژمن نزیکیان بێتەوە، چەكو داراییەکانیان دەگۆڕایەوە بەجلێکی کۆنو دڕاوی مەدەنی تا لەشەڕکردن هەڵبێن. من زیاتر لە سەدان کەسم بردە ماڵی خۆمو قسەم بۆیان کردو لەباوەڕو فیداکاریو خۆڕاگری هەرچەند باسم کرد قانع نەبوون. خۆراکم پێیان داو جلم لەبەریان کردو پارەم نایە گیرفانیانو چەکەکانیانم دایەوەو وتم ئەوە ناموستانەو دەستی لێبەر مەدەنو دوایی رەوانەی تارانم کردن"

بەڵام لەبارەی پەسەند کردنی لێپرسراوێتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ناوچەی کوردنیشن قازی محەمەد دەڵێت: ((پەیوەندییەکان لەگەڵ ناوەندا پچڕا بوو ئەگەری ئەوە زۆربوو کە عەشیرەتەکان بێنە ناو شارو دەست بکەن بە تاڵانو کوشتار. خەڵك بەزۆرینەی دەنگ داوایان لێم کرد ئەو بەرپرسێتییە لەئەستۆ بگرم، ئەگینا قەد بەدوای پلەو پایەو پۆستەوە نەبووم، چونکە پێشتر پلەو پایەم هەبوو. مەبەست ئەوەبوو خوێن لەلووتی کەسێك نەڕژێتو هەروەهاش بوو، بەڵام ئێوە ئاغاکان لەلایەن گەورەکانتانەوە ئەمریکاو بەریتانیاوە فەرمانی لەسێدارەدانمانتان راگەیاند. ئەو هەموو پاساوە مەهێننەوەو فەرمانەکەتان جێبەجێ بکەن، مەرگ لەرێگەی ئازادیو نەتەوەدا بۆمان شیرینو جوانە. دڵنیابن ئاخ بەسەر زارماندا نایەت، بەڵام براکەم پرسیارێکم هەیە، "سدر" نوێنەری پەرلەمان بووەو ئێستاش کەسێکی پەرلەمانییە، چۆن دەتوانن دادگایی بکەنو حوکمی

لەسێدارەدانی بەسەردا بسەپێنن، منو "سەیف قازی" بۆ خواردنەوەی شەربەتی شەهید بوون ئامادەینو هیچ جۆرە لاوازییەك پێمانەوە نابینن.))
سەیف قازی بۆ سەلماندنی قسەکانی قازی محەمەد دەڵێت: ((ئێمە پشتمان لەدوژمن نەکردووەو رامان نەکردووە، خۆمانمان تەسلیمی بیروباوەڕی خەڵك کردووەو ئێستاش خۆمان فیدای میللەت دەکەینو بەلای خەڵکەوە روومان سپییەو لەگەڵ ئێوەی روو رەشو رێوی سفەتدا هیچ جۆرە هاوشێوەییەکمان نییە. ئێمە ئامادەین حوکمەکەتان جێبەجێ بکەین.)) بەڵام هەندێك لەقسەکانی نەمر سەیف قازی لەدادگای پێداچوونەوەی نمایشی وەها بوو:

((جەنابی بەرپرس، قازییە بەرێزەکانی دادگا هەر چییەکیان ویست لەبارەی ئێمەوە وتیانو هەر لەزگەیەکتان ویست پێمانەوە لکاندو سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە کە تەنانەت مەسەلە روونو بەرچاوەکانتان قبوڵ نەکرد چونکە لەگەڵ ئەو فەرمانانەی پێتان درابوو یەکی نەدەگرتەوە. یەکێك لەو فەرمانانە ئەوە بوو کە لەلایەن حەزرەتە بەرێزەکەتانەوە حوکمی قائیممقامیم وەرگرتووە)).

لەدانیشتنەکانی ئێمە لەگەڵ تاراندا ئاغای "قەواموڵسەڵتەنە" وتی چونکە سیستمەکەمان "مەشروتەی پاشایەتییە"، لەگەڵ کۆماردا دژەو یەك ناگرێتەوە. من لەگەڵ "ئەلاحەزرەت"دا قسەم کردووەو ئێمە دەتوانین ناوچەی کوردنشین بخەینە ژێر قائیممقامییەتی تەواوو جەنابی "قازی محەمەد"یش ببێتە قائیممقامی ئەو ئەیاڵەتە. ئەوان دەیانزانی مەبەستمان دابینکردنی حکومەتێکی فیدراتیوڤەو نەماندەویست لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا شەڕ بکەین، بەڵام لەکۆتاییدا ئەو خەوەیان پێمانەوە دیبوو. من ئاکامی دانیشتنەکانم ئاراستەی پێشەوا کردو ئەویش فەرمووی کە تەنها وتەبێژیی حزب لەئەستۆ دەگرمو ئێوە دەبێ ئەو لێپرسراوێتییە قبوڵ بکەن. حاشا کردنو دژایەتیم بێ فایدە بوو، جەنابی قازی محەمەد ئەو بەرپرسێتییەی خستە ئەستۆم و ئاغای "موزەفەری فیرۆز" جێگری وەزیرەکەتان حوکمی قائیم مقامی بۆم بەرێکرد کە بۆ سەلماندنی وەفاداری خۆی یەك ئوتومبێلی فۆردی پاشایەتی لەگەڵی ناردبوو و بەڵێن وابوو چەند

ستۆنی سەربازی بۆ پاراستنی سنوورەکانی رۆژئاوای وڵات بنێرێت بۆ ئێرە. دوایی زانیمان هێزێکی گەورەی سەربازی لەرێگەی پارێزگای کرمانشانەوە چووەتە خاکی عێراق تا لە"سەردەشت" سەقامگیر بێت. لەو پەیماننامەیەدا دەوڵەتی ئاغای قەوام قبوڵی کرد کە لەکەسانی پسپۆری ئێمە لەپاراستنی سنوورەکان کەڵك وەربگیردرێتو زۆر مەسەلەی تر کە باسی دوورو درێژە.

((بەڵام جەنابی بەرپرسی دادگا! ئێوە ئەمڕۆ قائیم مقامی وڵاتێك دادگایی دەکەین، ئایا پێکەنیناوی نییە؟!))

بەرپرسی دادگا: ((من هەقم بەسەر ئەو شتانەوە نیە، لەوبارەوە شتێکمان پێنەوتراوە)).

سەیف قازی: ((بەڵام جەنابی بەرپرس دەزانم هەمووتان وەکو یەکنو بەئاسانی درۆتان پێدەکرێت، لەم رووەوە دەزانن کە پەیماننامەی دەوڵەتەکەتان جێی متمانە نییەو بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆتان هەموو کارێك دەکەن، لەکاتێکدا ئێمە پەیماننامەکانمان بەخوێنی خۆمان واژۆ دەکەینو بەهیچ شێوازێك بەپێچەوانەی پەیمانو بەڵێننامەکانمان هەڵسوکەوت ناکەین، بۆیە ئەمرۆ من لێرەمو ئێوە دادوەرنو من تاوانبار.

ئێوە تەنانەت هیچ رێزێك لەیاسا نێو دەوڵەتییەکان ناگرنو لەکۆتاییدا چونکە ئێستا تۆپو تفەنگتان بەدەستەوەیە، وادیارە حەق بەئێوەیە.

لەئاکامدا ئەو شتەی نەدەبوا رووی بدایە، روویدا....

بەشەوان لەئاسماندا رێژەیەکی زۆر لەئەستێرەکان تیشك دەدەنەوەو دەدرەوشێنەوە، بەڵام زۆرێك لەئەستێرەکان درەوشاوەترنو جیاوازن لەگەڵ ئەستێرەکانی تردا، مێژووی نەتەوەکان هاوشێوەی ئاسمانی پڕ لەئەستێرە نییە، بەڵام هەندێك کەس هەن کە ئەستێرەی رووناکیو سەرنج راکێشی نەتەوەیەکنو بەرووناکی خۆیان رووناکی دەبەخشنە ئەو نیشتمانەو هەگیز ناکوژێنەوەو وەکو مۆم دەسوتێن تا رووناکی بدەنە کۆمەڵگای جیهانی.

سوپاسی بێ پایان بۆ ئێوە مرۆڤە ئازاکان کە لەمەرگ نەترسانو پشتتان نەکردە خەڵکی خۆتانو نەمر مانەوە. هەزاران سوپاس.....

ئێمە لەروونکردنەوەی نهێنییەکانی تاریکی مێژووی نەتەوەی خۆمان یەکەمین هەنگاومان هەڵهێناو، بهێڵن با کەسانیتریش هەنگاوەکانی دوایی هەڵبهێنن تا نەوەی نوێ بەناسینی رابردوویان بڕوایان بەخۆیان هەبێت.

بەهیوای سەرکەوتن بۆ کاک مەحەمەد رەزای سەیف قازی لەوەرگێڕانی ئەم کتێبەداو بەهەنگاونان لەم ڕێگایەدا و بەپێداگری و ئەمانەتداری لەبەرزی و نزمی ژیان نەترسێت، چونکە خوێنەران و خەڵکی رۆشنبیر باشترین دادوەرن و بەرهەمێك کە لەسەر بنەمای راستییەکان و حەقیقەتەکان بێت و بەدوور لەشاردنەوە، بەدڵنیاییەوە لەبەر چاوی تیژی خەڵك ون نابێت و خەڵك بەگشتی پێشوازی لێدەکەن. بەهیوای سەرکەوتن بۆ خەڵکی رۆشنبیر.

عەلی سەیف قازی

١٣٧٨/١٠/١٧

١٩٩٩/١/٤

شوێن پێی ئەوانەی ڕۆیشتوون، ڕێچکەشکێن و ڕێخۆشکەرە

خوێنەری هێژا!

نووسینێك وا ئێستا لەبەردەستاندایە وەرگێڕانێکە بەیارمەتی برای بەڕێز کاك "محەمەد ڕەزای سەیف قازی" لەنەوەکانی شەهیدی ڕێزدارو سەرداری سەربەرزی عەشق و ئازادی، نەمر "محەمەد حسێن سەیف قازی" نووسراوە، چاوەڕێ دەکرێ لەلایەن ڕۆشنبیران و قەڵەم بەدەستانەوە پەسەند بکرێت.

پێویستە بۆ ئاسانکاری خوێنەران، ئاماژەیەك بدەینە چۆنێتی نووسینی ئەم کتێبەو سوپاسگوزاری کۆچکردو دکتۆر "ڕەحیم سەیف قازی" بکەم کە بۆ یەکەمین جار هاتە ناو ئەم گۆڕەپانەو بەزەحمەتی زۆرەوە دەستی کرد بەکۆکردنەوەی بەڵگەو دیکۆمێنتە پێویستەکان و لەم ڕێیەدا هەر جۆرە کێشەو فیداکارییەکی قبوڵ کرد تاراستیەکان لەچوارچێوەی وشەکاندا بۆ نەوەی داهاتوو لەسەر لاپەڕەی مێژووی نەتەوەیەکی زوڵملێکراوو لەهەمانکاتیشدا دلێرو شەریف بنەخشێنێت و گۆڕەپانەکان لەسەر بەرژەوەندیخوازەکان دابخەن.

شرۆڤەی دادگاییکردنی ڕێبەرەکانی بزووتنەوەی نەتەوەی کوردستان لەدادگا رواڵەتییەکانی پەهلەوی و ترس و تۆقین لەئەمپەریالیزمی جیهانی، بەتایبەت ئەمپەریالیزمی ئەمریکا لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردو ڕێبەرایەتی خاوێنی قازییەکانی گیان فیدا، نەوەك چیرۆکێکی تێپەڕبوو یان گێڕانەوەی چیرۆکێك، بەڵکو لەچوارچێوەی تراژیدیای نەتەوەیەك پێی گرت و تان و پۆی مێژوویەکی کۆنی تێپەڕاندو شۆڕشێکی گەورەی لەبواری

فەرهەنگیو سیاسییەوە لەکۆمەڵگەی کوردیدا پێکهێنا کەدوایی بووە سومبولی زۆربەی شۆڕشەکان.

چونکە لەکتێبەکەدا ئاماژە دراوەتە ژیاننامەی شەهیدەکانی سەرەتای دیموکراسیو ئازادی، ئیتر بەپێویستی نازانم لێرەدا باسی لێوە بکەم، بەڵام راستیەکە ئەوەیە کە هەندێك کەس ویستوویانە بەو راستییە بگەنو لەو هەوای فورفوشماوییەدا شتە نهێنییەکان بدۆزنەوە، چونکە نەیانتوانیوە، پەنایان بردۆتە بەر قسەو باسی رق لەدڵانو دوژمنان. وەك دەڵێن "چونکە قافیە دژوار بوو — شاعیر دەستی کرد بەهەڵیت پەڵیت"، ئەگینا چۆن دەکرێت بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کە رێبەرەکانیان لەبەرامبەر هەموو پێشنیارەکانی دەوڵەتی ناوەندیو ئەمپەریالیزمی ئەمریکا دەوەستنو بەرژەوەندی شەخسی قبوڵ ناکەن، بەهیچ دابنێین. بزووتنەوەیەك کەتەنانەت شایەتحاڵەکانو هۆکارە سەرەکییەکانی لەسێدارەدانی قازییەکان دانیان پێدا ناوە.

کتێبی دادگاییکردنی قازییەکان لەسەر بنەمای پتەوو بەڵگەدارە کە لەئەرشیفەکانی هێزە هەواڵگریو ئەمنیەکانی یەکێتی سۆڤییەت ی پێشوو لەرێگەی هاوڕێیانو هاوبیرانی نوسەرەوە وەرگیراوەو راستیو دروستیەکی بەقەدەر پاکیو خاوێنیو باوەڕی رێبەرانی شەهیدی خەڵکی کوردە.

بۆ هەمووان روونە ئەوان بۆ ئامانجی مرۆڤایەتییان هەنگاویان هەڵهێناوەو هەرگیز کاری نامرۆڤایی نەڕۆیشتووەتە مێشکیانەوە بۆ پاراستنی گیانیان نەپاڕاونەتەوەو بەوپەڕی دلێرییەوە گیانیان لەسەر شۆڕش داناوەو سەریان بۆ دوژمن دانەناوەو بەسەر بەرزییەوە سەریان چووەتە سەر سێدارەی نایەکسانی. هەروەها زنجیری مێژوو پتەوترو سەقامگیرتر بووەو پەتی تاوان پچڕاوەوە ئەو دلێرییانەش لەمیراتی دەوڵەمەندی رابردووەکانەوەیە. دادوەری ئەو گۆڕەپانە ئەو کەسانەن کەدوای نیو سەدە هێشتا نەوە بەدوای نەوە ئەو رووداوە پڕ لەشانازیو تراژیدیایە بۆ نەوەو رۆڵەکانیان دەگێڕنەوەو ئاگادارییان پێ دەدەن.

بەتەواوی وەرگێڕانی نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازییەکان لەمەهاباد بەزمانی شیرینی فارسی بۆیە گرنگە کە زرۆبەی بیرمەندان و ئەو رۆشنبیرانەی کە بەسەر زمانی کوردیدا زاڵ نین، لەم رێیەوە حەز دەکەن بزانن مێژووی پڕ کارەساتی میللەتی کورد چۆن بووە کە لێوانلێوە لەدۆڕاندن و سەرکەوتن و زوڵم و زۆری بێ ژمار و باشتر لە رەشەکوژی نامرۆڤانەی دەسەڵاتی خۆپەرستی دەوران تێبگەن و پیابچنەوە ئەو راستیانەی کە نەدرکاون، بۆیان روون ببێتەوەو روخساری کورد لەراستییەکاندا ببینن تا زنجیرە پلانەکان کە هەندێکجار پەیوەندیی کلتورەکان لەچوارچێوەی ئێرانی عەزیزدا پەڵەدار بووە، بپچڕێت و پەیوەندی نەپچڕاو بۆ فارسی (زمانی شیرین شەکر) و کورد زمانی خاوەن کلتوری میواندارێتی بەدیاری بهێنێت.

عەلی قازی

نهێنییەکانی داگیرکردنی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی محەممەد حسێن خانی سەیف قازی" (وەزیری جەنگی حکومەتی کوردستان)و "ئەبو القاسم سدر قازی"(نوێنەری پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ١٩٤٥) بریتییە لەرووداو و نهێنییە دیکۆمێنتی کەروخساری خزمەتکاران و دژایەتی کارەکان و شێوازی بیرکردنەوەیان پیشان دەدات. ئەم کتێبە بەدەستی خوالێخۆشبوو"دکتۆر رەحیم سەیف قازی" وەرگێڕاوەتە سەر چوار زمانی رووسی، عەرەبی، تورکی، ئازەری و کوردی و بلاوبووەتەوە. ئەڵبەت تا پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، رژێمی پەهلەوی نەیدەهێشت هیچ جۆرە کتێبێک لەبارەی قازییەکان و کۆماری کورستان بلاوببێتەوەو حەساسیەتێکی تایبەتی بەرامبەر ئەو مەسەلەیە هەبوو و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە من هەوڵبدەم بۆ چاپ و بلاوکردنەوەی ئەم کتێبە.

نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەدو هاوڕێیان بۆ یەکەمین جار لەساڵی ١٩٨٠ لەتاران بەزمانی کوردی بەناوی "باسێک لەمەڕ دادگاییکردنی پێشەوا قازی محەممەدو....) چاپ کراوەو بەرەحم و پشتیوانی خواو بەپشتگیری میللەتی رێزدار ئێستا بەندە محەممەد رەزا سەیف قازی، بەبۆنەی سەد ساڵی ساڵڤەگەری لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد، وەرگێڕانی فارسی ئەم کتێبە لەبەردەستی خوێنەری هێژاو بەتایبەت نەوەی نوێ و عاشقانی ئاڵوگۆڕو بەختەوەری، تا خاڵی زۆر گرنگ لەشۆڕشی خەباتکارانی رامیاری و کۆمەلایەتی قازییەکان و نموونەیەکی روون و بەرچاو لەفیداکاری و

وڵاتپارێزی ئەو ڕێزدارانە ئاشکرا بێت بۆیان. لێرەدا پێویستە کورتەیەك لەبارەی چۆنیەتی پێکهاتەو هۆی رووخانی کۆماری کوردستان بوترێت:

لە (٢٥)ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٥دا حزبی کوردستانی ئێران‌و لە (١٢)ی خەرمانانی ١٩٤٥ فرقەی ئازەربایجان دانرا.

لە(٢١)ی سەرماوەزی ١٩٤٥دا لەئازەربایجان‌و لە (٢)ی ڕێبەندانی هەمان ساڵ لەکوردستاندا حکومەتی نەتەوەیی راگەیەندرا.

بێ گومان هۆکاری سەرەکی شکستی بزووتنەوەی کوردستان، هەڵسوکەوتی پڕ لەهەڵەی سەرپەلەکانی ئازەربایجان‌و خیانەتی دەوڵەتی سۆڤیەت بوو. ئەو کەسانەی لەسەر ئەو باوەڕەن هۆی دامەزراندنی هەر ٢ کۆمارەکە، دەوڵەتی سۆڤیەت بووە، لەهەڵەدان، چونکە هەم بواری زاڵبوون‌و هەم لەبواری بەڕێوەبردنی کاروبارەکان جیاوازییەکی زۆریان هەبووە. لەحکومەتی دەسەلاتداری ئازەربایجاندا، فەرمانڕەوایی بەدەست حکومەتی کۆمۆنیستیەوە بوو کە پۆلیسی نهێنی بەناوی "ئەختاریش" لەناوچەکەدا زاڵ بوون، لەحاڵێکدا لەکۆماری مەهاباد نە کۆمۆنیست فەرمانڕەوا بووە نەپۆلیسی نهێنی، بەڵکو پێش هەر شتێك باس لە ئامانج‌و بەرەوپێشچوونی میللەتی کورد دەکرا. بزووتنەوەی کوردستان بەپێچەوانەی ئیدارەو سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت و باقر ئۆف "یەکەم بەرپرسی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی یەکێتی سۆڤییەت " دامەزراو بیرمەندان‌و بەڕێوەبەرەکانیان، خودی ڕێبەرە کوردەکان بوون، ڕێك بەپێچەوانەی فرقەی ئازەربایجان کە حزبی کۆمۆنیست‌و دامەزرێنەرەکانی "حزبی تودە"یە.

سۆڤیەتەکان دژی دامەزراندنی هەر جۆرە ڕێکخراوێك بوون لەکوردستاندا، بەڵام کوردەکان‌و ڕێبەرەکانی کوردو ڕۆشنبیرانی ئەوکاتە زووتر دەستیان پێکردووەو حزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند. لەسەرەتاوە بۆ پیشاندانی ئامانجەکانی دژە کۆمۆنیستی حزب‌و دەستێوەرنەدانی سۆڤیەت لەناو کاروباری کوردستاندا وابڕیار بوو ناوی بنێین "حزبی دیموکراتی محەمەدی"، پێشتر دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، "حزبی محەمەدی"لەمەهاباد بەڕێبەرایەتی کۆچکردو "ئەبولحەسەن سەیف

ئـەلقوزات" دامـەزراو حزبێکـی ئیـسلامی بـوو و ئامـانج لـەو خەباتـە دژی داگیرکـەرو حکومــەتی دژی ئیــسلامی رەزا شــا بــوو، ئــەو حزبــە بــەحزبی دیموکراتی کوردستان گۆڕدرا.

دوای دامەزراندنی حکومەتی دیموکراتەکان لەئازەربایجان بەلێپرسـراوێتی "سـەید جەعفـەر پیـشەوەری"، لـەقازی محەمـەدیان ویـست کـە لەسـنووری پارێزگای ئازەربایجاندا بمێننەوە تا لـەژێر چاودێری حکومـەتی ئازەربایجانـدا حەقی خوێندن بەزمانی دایکییـان هـەبێت، لـەمڕووەوە مەسـەلەی کوردسـتان ئیتر ناخرێتە ڕوو!

قازی محەمەد کە بەم قسانە تووڕە ببوو وتی: برادەران ئێمـە بیـست ساڵە لـەژێر زوڵمـی رەزاشـا بـووینو پـێش ئـەوەش لـەژێر گوشـاری زوڵـمو سـتەمی شاکانی جۆراوجۆردا بـووین. ئێـستا ئێـوە دەتانـەوێت ئێمـە دووبـارە بچینەوە بندەستی حکومەتێکی ترو پێناسەمان بدەینە دەستی کەسانیتر. ئەگـەر وایـە بێت، باشـتر وایـە لـەژێر دەسـەڵاتی ئێرانـدا بمێنینـەوە، چونکە "مـاد"ەکانو "ئاریایی"ەکان لەیـەك بنەچـەن. لـە ٢١ی سـەرماوەزدا حکومـەتی ئازەربایجان دامەزرا، بەڵام حکومەتی کوردستان دانەمەزرا.

سـەرانی کوردسـتان پـاش چـل ڕۆژ لێـدوانو هاتوچـۆ توانیـان ئـیرادەی میللەتی کورد بەدەوڵەتی سۆڤیەت بسەلمێنن، دەوڵەتی سۆڤیەت وتی: دژایـەتی لەگەڵ میللەتی کوردا نییەو بە هەر شێوازێك کە خۆیان بەباشی دەزانن، با وا بکەن. لەم سـەفەرەدا کـە "محەمـەد حـسێن سـەیف قـازی"و "عومـەر خـان"و "حاجی عەبدوڵا ئەفەندی" لەگەڵ "قازی محەمەد"دا بـوون، خێـرا گەڕانـەوە بۆ کوردستانو بەچراخانیو رازاندنـەوەی مزگەوتـەکانو جادەو شـەقامەکان، دامەزرانـــدنی کۆمـــاری دەســـەڵاتداری کوردســـتانیان راگەیانـــدو لـــە (٢)ی ڕێبەنـدانی ١٩٤٥ی زاینـی بـە بەیاننامەیـەك حکومـەتی کۆماری کوردسـتانیان راگەیاند.

سـۆڤیەتەکان جـارێکی تـر دەسـتیان دایـە دژایـەتیو دیـسان "قـازی محەمـەد"یـان بـۆ تـەوریز دەعـوەت کـردو لێیـان داوا کـرد کـە بارودۆخەکە خـراپتر نـەکاتو لـەوڵاتی ئێرانـداو لەچوارچێوەی حکومـەتی پاشـایەتیدا،

کۆماری دەسەڵاتدار دانەمەزرێنێت. چونکە "کۆمار لەناو پاشایەتیدا ناگونجێت!".

قازی محەمەد بەحاڵەتێکی تووڕە بوونەوە بەڵام بەسامێکی تایبەت دەڵێت: ((ئێمە پاشایەتیمان ناوێت، شامان ناوێت، ئێمە لایەنگری کۆمارین. "کۆماری مەهاباد")).

لە (١٩) یان (٢٠)ی سەرماوەزی ساڵی ١٩٤٦ لەگوندی "خوجامیر" لەرۆژئاوای شاری مەراغە "نێوان مەراغەو بوناب" کۆبوونەوەیەك بە بەشداربوونی قازی محەمەدو پیشەوەریو مەلا مستەفا بارزانیو محەمەد حسێن خان سەیف قازیو ژەنەراڵ کەبیریو چەند کەسێکی تر بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا پەیمانی تەواو درا هەردوو ناوچەی ئازەربایجانو کوردستان تا دوایین دڵۆپی خوێن لەبەرامبەر هێرشی سوپای پاشایەتیدا خۆڕاگری بکەن.

دوای کۆبوونەوەکە پیشەوەری خێرا گەڕایەوە بۆ تەورێزو لەسەردێڕی رۆژنامەی ئازەربایجاندا (ئۆرگانی ناوەندی حزب) بەمانشێتێکی گەورە بابەتێکی بەناوونیشانی "مەرگ هەیە، گەڕانەوە نیە" بەچاپی گەیاند.

ئەو دروشمە خێرا بووە دروشمی "بەلاوەنانی خۆڕاگری". دکتۆر "سەلام ئەڵلا جاوید"، "حاجی عەلی شەبەستەری"و ، "محەمەد بی ریا" پاش راگەیاندنی بەلاوەنانی خۆڕاگری لەرادیۆ تەورێز لەئازەربایجان هەڵاتن. بێ گومان بەلاوەنانی ئەو خۆڕاگیرییە بەفەرمانی سەرانی سۆڤیەت ئەنجامدراوە. یەکێك لەتەوەرەکانی پەیماننامە حەوت تەوەریە کە بەپێی هاوڕێیەتیو هاوکاری کە لەسێی مانگی گوڵانی ساڵی (١٩٤٦)ی لەشاری تەورێز نێوان حکومەتی ئازەربایجانو حکومەتی کوردستان بەسترابوو قازی محەمەدو پیشەوەری واژۆیان کردبوو، وتبوویان کە هیچ کامەیان بەتەنهایی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا لێدوان ناکەنو پەیوەندی ناگرن:

"ئەگەر شەڕ بکەین، پێکەوە شەڕ دەکەین، ئاشتی بکەین پێکەوە ئاشتی دەکەین، پاشەکشە بکەین، پێکەوە پاشەکشە دەکەین". هەرجۆرە کارێك دەبوایە بەرێکەوتن لەنێوانیاندا جێبەجێ بوایە.

کاتێك کەسوپا هاتە ناو مەهاباد، کۆچکردو پێشەوا قازی محەمەد سەیری کرد کە تەورێزو ورمێو مەیاندوو ئاوو سەقز تەسلیم بوونەو مەهاباد وەکو ئەڵقەیەکی مستیلەیی کەوتووەتە بەر گەمارۆی سوپای پاشایەتی، دەرگەی هەموو ئەمباری چەکەکانی مەهابادی کردەوەو چەکەکانی دابەشکرد بە سەر خەڵکی مەهابادو پێشمەرگەکانی بارزانیداو پێیانی وت: ((ئەی خەڵکی گەورەو بەشەرەفی کورد، من رێبەرتان بووم، بەرپرسی یەکەمین‌و دوایین رووداوەکانم، ئەگەر کەسێك دەبێ لەسێدارە بدرێت ئەوە منم، تەواوی چەکەکانتان پێدەدەم‌و بەرەو پیری سوپای پەهلەوی دەڕۆم‌و لێیان داوا دەکەم لەجادە سەرەکییەکەوە بێنە ناو مەهابادو لەبارەگای مەهاباتدا سەقامگیر بن، بەڵام ئەگەر دیتان هێرش دەکەنە سەر گوندەکان‌و گیان‌و نامووستان دەکەوێتە مەترسییەوە، بەرامبەریان بوەستن‌و خەبات بکەن‌و هێرشیان بکەنە سەرو دەستیان کورت بکەنەوە.)) پاشان خۆی‌و هاورێکانی دەڕۆنە مەیاندوو ئاو خۆیان بەسرتیپ "هومایوونی" دەناسێنن‌و سوپاش بەوپەڕی ئارامی‌و بەبێ خوێن رشتن دێتە ناو مەهابادەوە.

لەهێرش بۆ سەر ئازەربایجان‌و کاتێك کەسوپا هاتە ناو ئازەربایجانەوە، ٢٥ هەزار کەس کوژران، بەڵام لەکوردستان‌و مەهاباد بێجگە لەقازییەکان " قازی محەمەدو سدر قازی‌و سەیف قازی"و "محەمەد نازیمی"، "رەسوڵ نەقەدەییان"، "ئەبدوڵلا رەوشەنفیکر"و "حەمید مازوجی"تەنها ١٢ رۆڵەی دلێری خەڵك لەناوچوون.

سلاوی بێ پایان بۆ رۆح‌و گیانی پڕ لەشانازی پیاوانی دلێر کە لەرێی پاراستنی شەرەف‌و ناموسی نیشتمان‌و ولاتەکەیاندا پیاوانە شۆڕشیان کردو لەرێی ئازادیدا لەهیچ نەترسان‌و ئەشکەنجەیان بینی‌و پاشەکشەیان نەکرد، رەنجیان بینی‌و سەریان بۆ دوژمن دانەنەواند، هیچ بەرتیلیان لەبێگانە قبوڵ نەکردو لە تانەو تەشەری دوژمن ترسیان نەبوو، لەعنەتیان لەدرۆ کردو لەنیوەی رێدا تەسلیم نەبوون‌و بەرەوپیری مەرگ رۆیشتن. گیانیان نەدایە دەستی کۆیلایەتی و شەرەفی نەتەوەییان وەکو گەوهەرێکی رووناك پاراست‌و بەگیان فیدایی‌و خوێنی خۆیان نەمامی ئازادییان سەرسەوز کرد. دوژمنان

بەکوشتنی ئەم ڕێزدارانە ڕانەوەستانو تەنانەت بەوپەڕی بێ شەرمییەوە لەنووسینو قسەکانیاندا بەشێوازی جۆراوجۆر دەستیان وەردا لە ئەو نووسینو وتارانە کە لەگەڵ ڕاستییەکاندا دنیایەك جیاوازییان هەیە!

کۆچکردو دکتۆر ڕەحیم سەیف قازی زۆر هەوڵیدا تا ڕاستییەکان بەو شێوازە کە هەن بخاتە بەر دەست، بەڵام نیشتەجێبوونی لەوڵاتی سۆڤیەتو گوشارو سانسۆرەکانی ڕاگەیاندنو نووسین کەزیاد لەرادە لەلایەن دەوڵەتی حاکمو "کا.گ.ب"وە دەسەپێنرا، نووسەری ناچارکردووە تا بەشانو باڵی دەوڵەتی "سۆڤیەت"دا بێتو ئاماژە بداتە پەیوەندی ڕاستەوخۆی ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکانی کوردو لەبەرئەوەیە کە کۆچکردو لەنووسینی ئەو کتێبەدا ناچار بووە بەشانو باڵی دەوڵەتی سۆڤیەتدا بێت! بەندە وەکو وەرگێڕێك دابو نەریتی ئەمانتداریم پاراستووەو ڕێزم لێگرتووەو وەکو خۆی وەرمگێڕاوەو هیوادارم دادوەری دروستو لۆژیکی بسپێرمە دەستی خوێنەری بەڕێز.

بەتەواوی کتێبەکە لەروانگەیەکی تەواودا دەبێتە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەمی کتێبەکە برتییە لەناسنامەو ناساندنی ڕابردووی پڕ لەشانازی شەهیدانی کوردستانو بەشی دووەم لەبارەی دادگاییکردنی قازییەکانەوەیەو هیوادارم وەکو یەکەمین ئەزموونم خوێنەرانی بەڕێز لێمی قبوڵ بکەن.

هەروەها سوپاسی ئەو ڕێزدارو خۆشەویستانە دەکەم کەیارمەتیان داوین بۆ چاپو بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە.

جێی تێبینیو ڕێزە کە سوپاسی مامۆی بەڕێزم کاك "عەلی سەیف قازی" کوڕی کۆچکردوە شەهیدی بەڕێز "محەمەد حسێن سەیف خانی قازی" بکەم کە بەپێشەکییەکی جوان کتێبەکەیان ڕازاندووەتەوەو هەروەها سوپاسی کاك "عەلی قازی" دەکەم. سوپاسی مامۆستاو بەڕێز کاك "محەمەد ڕەئووف موڕادی" دەکەم بۆ هەوڵدانو زەحمەتێك لەئەستۆی گرت بۆ چاپی کتێبەکە! سوپاسی هاوڕێو برای بەڕێزم کاك "سەید محەمەد مەسعود قادری موکری"

دەکەم کە بەحەزێکی زۆرەوە وەرگێڕانی دەست نووسەکانی خوێندەوە پیاچووەتەوەو ڕێنمایی کردووین.

لەو بەڕێزانەی کە ڕاستی و دروستی بابەتەکانیان بۆ ڕوون کردمەوە سپاس دەکەم: کاك میرزا ڕەحمان قازی (ئەفسەری پلە بەرزی سوپای کوردستان)، کاك عەلی هەمام قازیو فەتاح خانی سەیف قازی (کوڕە گەورەکانی شەهیدان قازی محەمەدو محەمەد حسێن خانی سەیف قازی).

لەکۆتاییدا سوپاسی هەموو هاوڕێیانو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە یارمەتییان داین بۆ ئامادەکردنی هەر جۆرە بەڵگەیەکی مێژوویی و دیکۆمێنتو یاخود کۆکردنەوەی وێنەکانی دەورانی کۆماری کوردستان بۆ باشتر ڕوون کردنەوەو ئاشکراکردنی ڕاستییەکانی ئەوکاتە تا بتوانم لاپەڕەیەك لەلاپەڕەکانی شانازی بۆ مێژوو زیاد بکەم.

هاوڕێتان:

محەمەد ڕەزا سەیف قازی

قازی محەمەد

"قـازی محەمــەد" لەبــەرواری (١١)ی گـولانی سـاڵی ١٩٠٠ زاینــی لەشـاری مـەهاباد لـەدایك بـووە. بـاوکی نـاوی "قـازی عـەلی" لەگـەورەپیاوانی شـاری مەهابادو دایکی "گەوهەر تاج خانم" لەبنەماڵەی بەڕێز "فەیزوڵڵا بەگی"یە. خوێنــدنی ســەرەتایی لــەلای بــاوکیو مــامۆی رۆشــنبیرو بــەناوبانگی "ئەبولحەسەن سەیف و قوزات قازی" تەواو کردووە کە یەکێك بوو لەزانایانی دەورانی خۆی.

قــازی محەمــــەد بەپاراوی بەزمانی فارسی قــسەی دەکــــرد. مامۆستاکانی ئینگلیزیی قـازی، "میـستر میلـر"و "مــــیس دال"بــــوون. عەرەبیو قورئانی لەلای "مـەلا حـسێن مەجـدی" فێربــــوو. شــارەزایی تــەواوی لەزمانــەکانی ئینگلیـزیو فەرەنـسیو عەرەبیـــدا هـــەبوو. مامۆســـتای زمــــانی فەرەنـــسی قـــازی،

ماموٚستای بەڕێز کاك ئەبدورەحمان "گیو" موکریانی بوو.

قازی لەسەرەتاوە جلی ئاینی "عەباو عەمامەی عەرەبی" لەبەردەکردو دوایی تەنها عەمامەی لەسەردەکردو عەبای بەلاوەناو کوٚتی درێژی ئەوروپی لەبەردەکرد کە سەر ئەژنوٚکانی دەگرت.

دوای دەرچوونی لەخوێندن لای باوکی خوٚی "قازی عەلی" کە قازی ئەلقوزاتی ئەو سەردەمە بوو، حوکمی دادوەری وەرگرت، بەڵام تا کاتێك کە باوکی دەژیا، بەشێوازی رەسمی کاری دادوەری نەدەکرد. بەرپرسی نووسینگەی ژمارە (٢)ی مەهاباد بوو. لەساڵی ١٩٢٣ تا ساڵی ١٩٢٥ی زاینی لێپرسراوی ئیدارەی روٚشنبیریو ئەوقافی مەهابادی لەئەستوٚ گرت. لەساڵی ١٩٢٦ بەدەست لەکارکێشانی "میرزا ئەبولحەسەن سەیف ئەلقوزات قازی ماموٚی بەرێزی قازی محەمەد لە بەرپرسیارێتی ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد "فێربوونو پەروەردە"، قازی محەمەد بووە بەرپرسی ئەو ئیدارەیە.

لەدەورانی بەرپرسیارێتی قازی محەمەد دوو خوێندنگە کرایەوە: یەکێکیان خوێندنگەی "پەهلەوی"بوو کە بەزوٚر ئەو ناوەیان لەسەری دانابوو و ئەویتریان خوێندگەی کچانی "پرماس" بوو کەدوایی ناوی "پەروانە"یان لەسەری دانا. دوای مردنی قازی عەلی باوکی قازی محەمەد لەساڵی ١٩٣١ زاینی، لەلایەن حکومەتی تارانەوە حوکمی دادوەری ناوچەکەی پێدراو بوو بەدادوەری مەهاباد.

قازی محەمەد بەپێچەوانەی ئەو دەورانەی کەدادوەرەکان بەردەوام بڕیاریان دەگوٚڕا، لەسەر بڕیارەکەی خوٚی پێی دادەگرتو بڕیار، بڕیاری خوٚی بوو. چونکە مەسەلەکانی بەوردی سەیر دەکردو لێی دەکوٚڵینەوە. ئاگاییو شارەزایی تەواوی لەسەر مەسەلەی سیاسیو ئابووریو کوٚمەڵایەتیو......هتد. دەورانی خوٚی هەبوو.

کەسایەتییەکی زوٚر دیموکرات بوو و هەستی بە دیموکراسی بەواتای تەواو دەکرد، پێشەوا قازی محەمەد لەشروٚڤەکردنی مەسەلەکاندا کەسی یەکەم بوو. وەکو شێوازی خوٚی لەقسەکانیدا رستەی کورتی بەکاردەهێناو بەئارامی وتاربێژی سەرنج راکێشی دەکرد. لەساڵی ١٩٣٦ی زاینی لەکوٚڕی سەربازانی

بارەگای مەهاباد بەزمانی کوردی هەندێ لەراستییەکانی باس کرد کە بووە هۆی تووڕەبوونی رەزاشاو وئینجا قازی محەمەدی لەسەر پۆستەکەی لابرد کەدوای دوورخستنەوەی رەزاشا حوکمەکەی بەلاوەناو دووبارە چووەوە سەر پۆستەکەی خۆی.

لەساڵی ١٩٣٨دا کۆمەڵەی ژ. ك "ژیانەوەی کوردستان"یان هەمان رێکخراوی زیندووکردنەوەی ژیانی کوردستان کە ئامانجەکەی خەبات دژی فاشیزمو زیندووکردنەوەی ئازادی نەتەوەیی کورد بوو بەشێوازی نهێنی دامەزراو رۆژ بەدوای رۆژ چالاکییەکەی زیاتر دەبوو. لەبەهاری ساڵی ١٩٤٣ دوای یەکەمین کۆبوونەوەی رەسمی، قازی محەمەد بەنازناوی "بینایی" بەرەسمی دەبێتە ئەندامی ئەو رێکخراوە.

لە (٢٥)ی گەلاوێژی ١٩٤٥دا لەمەهاباد بەواژۆی (٧١) کەس لەکەسانی باوەڕپێکراو ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ. ك) بەیاننامەیەك ڕاگەیەنرا کەتیایدا هەواڵی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان کە حزبێکی دیسپلینی تر بوو ڕاگەیاند و هەروەها ئامانجی (٨) ماددەیی-حزبی دیموکراتی تێدا بڵاوبووەوە*

یەکەمین کۆبوونەوەی حزبی پێکهاتو دوای دانانی پەیڕەونامەی حزب، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە (٤٣)کەس هەڵبژێردراو پێکهاتو لەهەمان کۆبوونەوەدا قازی محەمەد وەکو بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە هەڵبژێردرا. لە(٢)ی رێبەندانی هەمان ساڵ بەپشتگیریو لایەنگری (٢٠)هەزار هاوڵاتی کە پێکهاتبوون لەعەشایەرو رۆشنبیرانو زۆربەی خەڵکی

ناوچەکە حکومەتی کۆماری کوردستانیان دامەزراند و خۆیشی وەکو سەرۆك کۆماری حکومەتی کوردستان هەڵبژێردرا.

لەرۆژی (١٠)ی مانگی خاکەلێوی (١٩٤٧)بە بڕیاری دادگا لە سێدارە درا و شەهید کرا. رۆحی شادو ناوی نەمر بێت.

بەیاننامەی حزبی دیموکراتی کوردستان:

هاوڵاتیان، برادەران، ئاگری شەڕی جیهانگیری کە بەدەستی دوژمنانی ئازادیو پێشێلکەرانی دیموکراسی داگیرسابوو، بەتوانای سەربازانی هاوڕێمان کوژایەوە. دنیای دیموکراسی پیرۆز بوو و دنیای فاشیزم کە دەیویست نەتەوەکانی جیهان بەدیل بگرێتو بندەستیان بکاتو بیانخاتە ژێر دەستی چەند کەسێکی ملهوڕەوە، بەبێ گومان رووخاو شکستی هێنا. بەو شێوازە چاوەڕوان دەکرا رێچکە کرایەوە بۆ

ئازادی نەتەوەکانی جیهان. ئەمڕۆکە تەواوی نەتەوەکانی دنیا لەگەورەو بچووك دەیانەوێ کەڵك وەربگرن لەو ئازادییەی بۆیان کراوەتەوەو لەو بەڵێنانەی لە چوارچێوەی مێژووی ئەتلانتیك پێیان درابوو، ئیدارەی کاروباریان بگرنە دەستو چارەنووسیان بەحەزو ئیرادەی خۆیان دیاریبکەن.

ئێمەی کورد کە لەئێران دەژین ساڵەهایە، بەڵکو چەند سەدەیەکە بۆ حەق‌و دەسەلاتی نەتەوەییمان خەباتمان کردووەو قوربانیمان داوە، بەداخەوە دەسەلاتدارانی داگیرکەری ئێران بەهیچ شێوازێك حازر نەبوون قسەی ئێمە قبوڵ بکەن‌و لەو حەقەی یاسای بنەڕەتی بۆ ویلایەتەکانی ئێرانی داناوە، نەیانهێشتووە کەڵك وەربگرین‌و بەردەوام وەلامیان بەگولەو بۆردومان‌و تۆپ‌و زیندان‌و دوورخستنەوەو دیلگرتن داوەتەوە، بەتایبەت لەدەوری بیست ساڵەی رەزاخانیدا، تەنانەت لەجل پۆشیندا ئازاد نەبووین، بە زۆری رم‌و گوللەی ئەفسەرانی دزو خاین‌و تالانکەر، تەواوی هەست‌و ژیان‌و زەوی‌و ناموسمانیان لەناو بردووەو بۆ لەناوبردن‌و بنبڕکردنی نەتەوەکەمان لەهیچ جۆرە کارێکی دڕندانە دەستیان نەپاراستووە! ئێمەش مرۆڤین، مێژوو و زمان‌و داب‌و نەریت‌و ئەتیکێتێکمان هەیە کە حەزمان لێیانە. بۆچی دەبێ مافمان پێشێل بێت؟ بۆچی ناتوانین لەناو ماڵی خۆماندا ئازادو سەربەخۆ بین؟ بۆچی ناهێڵن بەزمانی کوردی منداڵەکانمان پەروەردە بکەین؟ بۆچی ناهێڵن کوردستان ببێتە ئەیالەتێکی سەربەخۆو بەپێی لیژنەی ئەیالەتی کەیاسای بنەڕەتی دیاریکردووە، بەڕێوە بچێت؟ هاولاتیانی بەڕێز با بزانن ماف نادرێت، دەبێ بیسەینی، ئێمە دەبێ بۆ بەدەستهێنانی ماف و دەسەلاتی نەتەوەکەمان خەبات بکەین، ئەو شۆڕشە یەکگرتنەوەو یەکپارچە بوونی دەوێت، رێکخراو و هەنگاو بەرەو پێش نانی دەوێت. بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزەیە کە حزبی دیموکراتی کوردستان لەمەهاباد دامەزراوەو دەستی بەکار کردووە. ئێوە هاولاتیانی ئازیزمان دەبێ چاوو گوێتان بخەنەگەڕو بازنە بدەنە دەوری حزبی نەتەوەییتان‌و بۆ وەرگرتنی حەقی مەشروعی نەتەوەیی فیداکاری بکەن. حزبی دیموکراتی کوردستان رێبەرو رێنماتانە، تەنها لەژێر ئەو ئالایەدایە کە لەمەترسی لەناوچوون رزگارتان دەبێت‌و هەست‌و ناموس‌و ئابرووی نەتەوەیی دەپارێزێت‌و دەتوانێت لەناو سنووری دەولەتی ئێراندا سەربەخۆیی نەتەوەیی بەدەست بهێنێت. هاولاتیان، ئێمە بێجگە لەمافی خۆمان شتێکی ترمان ناوێت. دروشمەکانمان لەتەوەرەکانی خوارەوە بەکورتی نووسراوە. بیخوێننەوە و تەواوی نەتەوەیی کورد تێبگەیەنن. ئەوە دروشمەکانە:

١. نەتەوەی کورد لەناوخۆی ئێراندا لەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەییەوە ئازادو دەسەلاتدار بێت‌و لەسنووری دەولەتی ئێراندا سەربەخۆیی نەتەوەی کورد لەئەستۆ بگرێت.

٢. بەزمانی کوردی خۆی بتوانێت بخوێنێتو کاروباری ئیدارەکانی دەوڵەت بەزمانی کوردی بەڕێوە بچێت.

٣. لیژنەی ئەیالەتی کوردستان بەپێی یاسای بنەڕەتی خێرا هەڵبژێردرێتو لەتەواوی کارە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتییەکاندا چاودێری بکات.

٤. پۆلیسی دەوڵەت دەبێ لە سەداسەد خەڵکی ناوچەکە بن.

٥. بەپێی یاسایەکی تەواو ئاشتی لەنێوان ئاغاواتو جوتیار پێکبێتو داهاتووی هەردوولا دابین بکرێت.

٦. حزبی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی هەوڵدەدات یەکگرتنەوەو برادەری دابین بکات لەنێوان نەتەوەی ئازەربایجانو ئەو نەتەوانەی لەئازەربایجاندا دەژین (ئاشووری – ئەرمەنی – و .... هتد.

٧. حزبی دیموکراتی کوردستان بەهۆی کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوە سروشتییەکانی فراوانی کوردو پێشکەوتنی کاروباری کشتوکاڵو بازرگانیو پەرەپێدانی کاروباری فەرهەنگیو تەندروستی بۆ ئاسانکاری ئابووریو مەعنەوی نەتەوەی کورد خەبات دەکات.

٨. ئێمە دەمانەوێت ئەو نەتەوانەی لەناوخۆی ئێراندا دەژین بتوانن بەئازادی بۆ بەختەوەریو پێشکەوتنی نیشتمانەکەیان هەوڵبدەن. بژی کوردستانی سەربەخۆی دیموکرات.

بەخاوەنداریێتی (٧٣)واژۆی کەسانی بەناوبانگی شارو سەرانی عەشایری ناوچەی مەهاباد کە زۆربەی واژۆکان گشتی روونو بەرچاوە. ساڵی ١٩٤٥ی زایینی (١٣٢٤ هەتاوی).

ئەندازەی بەڵگەی ئەسڵی ئەو بەیاننامەیە یەك مەترو نیوەو نووسراوی سەرەوە بەدوو زمانی کوردیو فارسی لەپاڵ یەکەوە نوسراوە. واتە نامەکە بەدرێژایی بووەتە دوو لەتەوە، لە یەك لاوە کوردیو لەبەرامبەریەوە فارسیەکەی نووسراوە.

- **تێبینییەکانی وەرگێڕ:**

کارەکانی قازی محەمەد لەدەورانی کۆماری کوردستان بریتین لە:

- بنیاتنانی خوێندنگەی کوردی.
- هاوشێوەکردنی جلی خوێندکارانی خوێندنگەکانو پێشکەشکردنی دوو دەست جلو بەرگ لەلایەن کۆماری کوردستان بۆ خوێندکاران.
- ناردنی خوێندکاران بۆ زانکۆی تەورێزو باکۆ.
- هانداو بانگهێشتی ژنانی کورد بۆ خوێندن.
- چاپو بلاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردی "کوردستان".

محەمەد حسێن سەیف قازی

محەمەد حسێن سەیف قازی لە (٩)ی گوڵانی ١٩٠٤ لەشاری مەهاباد لەدایک بووە. باوکی مامۆستاو شاعیرو رۆشنبیری بەتوانای کوردستان، میرزا ئەبولحەسەن سەیف ئەلقوزات قازیو دایکی زوبەیدە خانم، هاوشێوەی گەوهەر تاج خانم بوو کە ئەویش دایکی کۆچکردو قازی محەمەد بوو.

دوای فێربوونی خوێندنی سەرەتایی لەلای باوکیو مەلا حسێن مەجدی بۆ درێژەدان بەخوێندن بەرەو شاری رەزاییەو ئینجا بۆ تەوریز رۆیشتو لەکۆلێجی پاشایەتی مۆم ریالی ئەمریکی ئەوشارە دەستی

بەخوێندن کرد. تەواوی قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی تەواو کرد.

محەمەد حسێن سەیف قازی زمانی فارسی، تورکی ئازەری، عەرەبی، رووسی، فەرەنسیو بەریتانی دەزانیو لەزۆربەی سەفەرەکانیدا بۆ "باکۆ" وەکو وەرگێڕ وتووێژی دەکرد.

هاتوچۆی کەسانی کارامەو کاریگەر لەژیانیدا بووە هۆی ئەوە کە لەرووداوی کاروباری وڵاتو مەسەلەکانی رۆژ تێبگاتو زانیاری باشی لەو بارەیەوە هەبێت.

محەمەد حسێن سەیف قازی کەسێکی چوار شانەو دلێر بوو. پێش دمەزراندنی کۆماری کوردستان بەفەرمانێك لەلایەن حکومەتی پەهلەوییەوە بۆ جێبەجێکردنی ئاشتیو ئارامی بوو بەلێپرسراوی رێکخراوی ئاسایشی ناوچەکە. ناوەرۆکی فەرمانەکە وایە:

بەرواری ۱۹٤۲/۳/۲۰ بەژمارەی (۳٦)ی نامەی وەزارەتی وڵاتی ئەمنیەیەی ئازەربایجان.

"بۆ ئەوەی کە ئەمنییەتو ئاسایش تبدیل بکرێت لەرێگەی مەیاندووئاو بۆ شاهین دژ بەتەواوی بپارێزرێتو لەهەر جۆرە نائەمنیو بێ ئاسایشی لەو رێگەو دەوروبەرەدا بەجدی بەرگری بکرێتو پێویستە تا کاتێك کە سەقامگیری مەقارەکانی ئەمنییەتی لەرێگەی ناوبراودا لەیەکەمی خاکەلێوی ۱۹٤۲، سەرانی عەشیرەتەکان بەشرۆڤەی خوارەوە بەرپرسیارێتی ئاسایشو ئەمنییەتی رێگەی ناوبراویان لەئەستۆ گرت.

- لەمەیاندووئاو تا گوندی "پارەها"

محەمەد حسێن خانی سەیف قازی بەبیست کەس سوارەوە.

- لەگوندی "پارەها" تا گوندی "قەرەقریۆنلۆ" ۳ جار تەب فەتاح خاتی میر موکری بەیست کەس سوارەوە.
- لەگوندی "قەرەقریۆنلۆ" تا گوندی "کەنیع ئاوا" سەمەد خانی ئیفتیخاری بە دە کەس سوارەوە.
- لەگوندی "کەنیع ئاوا" تا "شاهین دژ" ئەمیر خانی جەعفەری بەپانزە سوارەوە.

چونکە سوارەکانی ناوبراو لەلایەن ئیدارەی ئەمنییەوە موچەیان پێدەدرا، ئەوە بوو کە بەهیچ شێوازێك حەقیان نەبوو دینارێك لەخەڵکی ناوچەکەو ئەوانەی بەوێدا تێپەڕدەبوون وەربگرن.

بەرپرسی ناوچەی (٢)ی ئەمنییەی ئازەربایجان

سەرهەنگ هاشمی

حەمە حسێن سەیف قازی لەکاتی گەنجێتیدا لەجلی پێشمەرگایەتی کوردی

بۆیە محەمەد حسێن سەیف قازی وەکو پارێزەری گیان و ماڵی خەڵك هەڵبژێردرا. هەروەها لەساڵی ١٩٤٥ دوای قازی محەمەد، بوو بەئەندامی کۆمەڵەی ((ژ. ك))و بوو بە یەکێك لە ئەندامە چالاکەکان، هەروەها یەکێك لەدامەزرێنەری حزبی دیموکراتی کوردستان بوو و زۆربەی خەرج و موچەی حزبو هەروەها موچەی پێشمەرگەکانی لەئەستۆ دەگرت*. محەمەد حسێن سەیف قازی لەدامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستانو هەروەها لە یەکگرتنی عەشیرەتەکانی ناوچە بۆ

---

* محەمەد حسێن سەیف قازی بڕی دوو ملیۆن تمەن وەکو یارمەتی پێشکەشی دامەزراندنی کۆماری کوردستانو نەتەوەی کوردی کرد. سەیری بەڵگەنامەکانی کۆتایی کتێبەکەو رۆژنامەی خەباتی قوتابیانو کتێبی بەدرەدین ساڵح چاپی عێراق بکەن.

هاتنــه نــاو حزبــی دیمــوکرات رۆڵێکــی گرنگــی هــەبوو و هەمیــشه هــەنگاو بەهــەنگاو لەمەترسـییەکان‌و ڕووداوەکانــدا لەگــەڵ قــازی محەمــەددا بــوو و هاوکارییەکی نزیکی لەگەڵیدا هەبوو.

دوای قازی محەمەد یەکەمین ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو و وەکــو جێگــری حزبــی دیمــوکراتی کوردســتان‌و جێگــری قــازی محەمــەد هەڵبژێردرا.

هاوکات لەگەڵ دامەزرانــدنی کۆمــاریَ کوردســتان لــە(۲)ی ڕێبەنــدانی ۱۹٤٥ وەکــو وەزیــری جــەنگی کۆمــاری کوردســتان‌و هــەروەها بــەجێگرو ڕاوێــژکاری بەرزی پێشەوا قازی محەمــەد هەڵبــژێردراو لــەو دەورانــەدا بــوو کــە لەلایــەن حزبی دیموکراتەوە پلەی ژەنەراڵی پێدرا.

تێبینی وەرگێڕ:

لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بەهێزی سەربازی کوردو فیداییانی کورد، یان شۆڕشگێڕانی کورد ژەنەراڵ دەوترا. لەکۆبوونەوەیەکدا بەئامادەبوونی ڕێبەرانی کوردستان، پێشەوا قازی محەمەدو ژەنەراڵ سەیف قازی‌و ئەندامانی پەرلەمان‌و سەرانی سەربازی پێکهات، پێشنیاری جێگۆڕکێی وشەی کوردی لەباتی وشەکانی تر دراو کەسانی ئامادەبوو لەکۆبوونەوەکەدا پێشنیارەکانیان خستەڕوو. لەو کۆبوونەوەیەدا ژەنەراڵ سەیف قازی وتی زۆرجار لەکۆچکردو باوکم سەیف ئــەلقوزات بیــستووە لــەزەمانی زۆر دێــرین بەشۆڕشــگێڕانی کــورد وتــراوە، "پێشمەرگە". بەپێشنیاری ژەنەراڵ سەیف قازی جارێکی تر دوای دەیان ساڵ وشەی پێشمەرگە بوو بەباو و شۆڕشگێڕی کوردیان بەوناوە بانگ کرد.

لەساڵی ۱۹٤٦ دوای چاوپێکەوتنێك لەگەڵ "قەوام ئەلسەڵتەنە" وەکو قائیم مقامی شــاری مــەهاباد دەســت نیــشان کــراو هــەروەها لەڕێگــەی ئەنجامــدانی هەڵبژاردنــەکان لەپەرلــەمانی نەتــەوەیی ئازەربایجــان وەکــو نوێنــەری کوردســتان هەڵبــژێردراو دەرئــەنجام وەکــو قــازی محەمــەد لەشــەوی (۱۰)ی خاکــەلێوی ۱۹٤٧ بەشێوازێکی جوامێرانــە لەلایــەن حکومــەتی ئێرانــەوە بــەحوکمی دادگــا، حــوکمی لەسێدارەدانیان بەسەریدا سەپاندو شەهیدیان کرد.

ڕێگەی پیرۆزو ناوی نەمر بێت.

ئەبو لقاسم سدر قازی

ئەبولقاسم سدر قازی لە(١٨)ی گولانی (١٩٠٢)ی زایینی لەشاری مەهاباد لەدایك بوو. برای بچووکی قازی محەمەدو کوڕی قازی عەلی‌و گەوهەر تاج خانم بوو.

ئەبولقاسم سدر قازی وەکو قازی محەمەدی برای لەلای باوکی‌و مامۆی ڕێزداری "سەیف ئەلقوزات، فێری خوێندن‌و زانست بوو.

ئەبولقاسم سدر قازی پیاوێکی زۆر زاناو ڕەوشت بەرز بوو و لەگەڵ هەموو کەسێکدا بەگەرمی‌و هاوڕێیانە هەڵسوکەتی دەکردو هەژار و دەوڵەمەند خۆشیان ئەویست و ڕێزێکی تایبەتیان لێدەگرت.

سەدر قازی بەقسەی باوکی سەردانی ئیدارەکانی دەکردو یارمەتی نەخوێندەواران‌و ئەو کەسانەی دەدا کەتوانای ئەنجامدانی کاروباریان نەبوو تا لەو نەهامەتییە بێنە دەرەوەو بکەونە سەر ڕەوتی کۆمەڵگا. ئەویش وەکو

براکەی‌و ئامۆزاکەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی هەبوو و ئامادەی خزمەتکردن بەخەڵك و بەرگری کردن بوو لەبەرامبەر زوڵم‌و ستەمی پاشاکاندا.

ئەبولقاسم ئەندامانی کۆمەڵەی ژ. ك بوو و دوایی وەکو براکەی‌و ئامۆزاکەی یەکێك بوو لەدامەزرێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان و ئەندامی رەسمی کۆمیتەی ناوەندی حزب بوو.

لەساڵی ١٩٤٣ لەچواردەیەمین خولی پەرلەماندا پاڵێوراوی ناسراوی خەڵکی مەهاباد بوو کە بەهەبوونی کەسانێك وەکو کاك عەبدوڵلا ئیلخانی زادەو عەلی بەگی حەیدەری لەو پێشبڕکێیەی پەرلەماندا سەرکەوت‌و بوو بەنوێنەری خەڵکی مەهاباد.

ئەبولقاسم سدر قازی وەکو کەسانیتری بنەماڵەکەی لەکازیوەی (١٠)ی خاکەلێوی ١٩٤٧ لەشاری مەهاباد لەسێدارەدرا.

ڕێگەی زیندوو ناوی نەمر بێت.

باسێك لەسەر نهێنییەكانی دادگاییكردنی قازی محەمەد

بەرگری نامەی قازی محەمـەد و هاوڕێیـانی پیشاندەری شۆڕشـی سیاسـیو كۆمەڵایـەتی قـازی محەمــەدو نموونەیـەكی روون لەفیـداكاریو گـەورەییو وڵاتپارێزییانــە. بـاوەڕی پتـەوو پێـداگری پێـشەوای نــەمر بەدیمۆكراسـیو ئــازادیو ســەربەخۆییو پێــشكەوتنی كۆمــەڵگا لــەوتارو قــسە راشــكاو و پتەوەكانیدا (ژەنەراڵ محەمەد حسێن سـەیف قازیو ئەبولقاسـم سـدر قـازی) لەدادگای سەربازیدا ئاشكرا بوو.

ئەو دادگاییە یـەكێك بـوو لەگەورەترین دادگاییـەكانی ئەوكاتـە لـەئێرانو تەنانەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، لەچەند لایەنەوە زۆر گرنگو شایانی باسەو پێویـستی بـە توێژینەوەیـەكی زانـستی هەیـەو پیـشاندەری مێـژووی شـۆڕشـی ئازادی نەتەوەی كوردی ئەوكاتانەیە.

دادگـاییكردنی قـازی و هاوڕێیـانی لەشـوێنێكی بـچوكو بـێ بایـەخو دوور لەچاوی خەڵكو لەژێر چاودێری تونـدی سـەربازانو ئەفـسەرە ئێرانییەكانـدا

بەرێوەچوو و هیچ جۆرە بەڵگەو کاغەزێکی رەسمی لەبارەی ئەو دادگاییەوە بڵاونەکرایەوە.

چەند ساڵ دوای لەسێدارەدانی قازیو هاورێیانی، چەند کەس لەو ئەفسەرانەی کە لەدادگاییکردنەکەدا ئامادەبوون، چەند وتارێکیان بۆ بیرهێنانەوەی بەرگرییەکانو ئەو پرسیارو وەڵامانەی لەقازی محەمەد کرابوو لەرۆژنامەکانی ناو ئێراندا بڵاوکردەوە، بەڵام بەگشتی ئەو ئازایەتییەیان نەبوو تەواوی مەسەلەکان بڵاوبکەنەوە، یان بەئەنقەست نەیانویست راستییەکان ئاشکرا بکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوە حاشایان لەراستییەکان نەکردبوو و بەناچار بەشێك لەراستییەکانی دادگاییکردنو فیداکاریو دلێری قازییەکانی دلێرو بەباوەڕو هەروەها بیروباوەڕەکانیان بڵاوکردەوە. "ئیلگتۆن" نوێنەری ئەمریکا لەکتێبەکەیدا بەناوی "کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان" بڵاوکراوەی ساڵی ١٩٦٣ هەرچەند هەوڵی داوە سیاسەتی داگیرکەری ئەمریکا لەسەر کوردستان لەبەرچاو نەگرێت، سەرەڕای ئەوەش دەنووسێت:

"بەڵگەنامەکانی دادگاییکردنی قازی محەمەدو هاورێکانی هیچ کات بڵاو نەبووەوەو ئەو شتەی لەبەر دەستدایە، تەنها قسەو وتووێژی ئەفسەرە ئێرانییەکانە."

"نەجەف قولی پسیان"* لەکتێبەکەیدا زۆر هەوڵیداوە حاشا لەراستییەکانی دادگاییکردنی قازییەکان بکاتو سیاسەتی دەوڵەتی تاران پاساو بداتو بەباش نیشانی بدات:

"لەدادگاییکردنی قازییەکاندا باسو وتووێژێکی زۆر لەبارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکانەوە کراو تاوانباران ناوی زۆر کەس لەبێگانەو بیانییەکانیان ئاشکرا کردو بەڵگەنامەی زۆریان خستە بەر دەست، بەڵام لێرە ناتوانین قسەیان لێوە بکەین یان ناویان بنووسین".

---

* لەساڵی ١٩٩٩ لەتاران لەچاوپێکەتنێك لەگەڵ نەجەف قولی پسیان پێش مردنی وتی: لەو ساڵانەدا لەروکنی(٢)ئەرتەشدا بوومو ئەوانەی لەسەر دادگاییکردنی قازییەکان نووسیومە، بەهۆی گوشارێکەوە بوو کە لەلایەن رژێمی پەهلەوی بەسەرمدا سەپێنرا بوو و هیچ جۆرە راستییەکی تێدا نییە. و.ف

لەم کتێبەدا بۆ روونکردنەوەی زیاتری دادگاییکردنی قازییەکان لەهەموو ئەو شتانەی سەبارەت بەدادگاییکردنی قازییەکان چ لەئێران و چ لەدەرەوەی ئێراندا بەچاپ گەیشتووە، کەڵك وەرگیراوەو نووسەری کتێبەکە لەلێکۆڵینەوەکانیدا سەبارەت بەو مەسەلەیە بەڵگەو کاغەزی بەدەست هێناوە کە تا ئەمڕۆ بڵاو نەبووەتەوە. هەروەها لەو کەسانەی ئاگایان لەدادگاییکردنی قازی هەبووەو هەروەها ئەندامانی ئاگاداری بنەماڵەی قازی یارمەتیمان وەرگرتووە.

ئەو کاغەزو بەڵگەنامانە روونکەرەوەی زۆر لەراستییەکانە کە بۆ یەکەمین جار بڵاوبووەتەوە، رووداوە گرنگەکان کە لەو زەمانەدا روویداوە بەتایبەت دادگاییکردنی قازییەکان کە بە تەواوی باسی لێنەکرابوو. هەوڵدەدەین تەواوی شێوازی دادگاییکردن و رووداوەکانی سەبارەت بەو کاتانە وەکو خۆی پێشکەشی خوێنەرای بەڕێزی بکەین.

دکتۆر رەحیم سەیف قازی لەکاتی خوێندنی هەواڵی لەسێدارەدانی قازییەکان لەرۆژنامەی باکۆ لەئازەربایجانی سۆڤیەتدا

سدر قازی دوای دەستگیرکردنی قازی محەمەدو محەمەد حسێن سەیف قازی خێرا لەگەڵ "قەوامولسەڵتەنە" کە لەو کاتەدا حزبێکی بەناوی حزبی دیموکرات دانابوو و بوو بەوتەبێژی ئەو حزبە چاوپێکەوتن دەکاتو دەڵێت تۆ بەڵێنت پێمان داوە، "قەوام"یش دەڵێت:

"حزبی دیموکراتی کوردستان گرێدراوی حزبی دیموکراتی ئێمەیەو دڵنیاتان دەکەم کە دوای دادگاییکردن، قازییەکان دوور بخرێنەوە بۆ شاری "کاشان" و ئێوەش بۆ تەواوکردنی ئەم فایلە پێویستە برۆنە مەهاباد"، هەروەها سدر قازی خۆی تەسلیمی بەرپرسانی سەربازی ئێران دەکاتو ئامادە دەبێت بڕوات بۆ مەهاباد. ئەو هەواڵە ئومێدبەخشە دەگەیەنێتە قازی محەمەدو محەمەدحسێن سەیف قازی. پێشەوا قازی محەمەد دەڵێت: "ئەو بەڵێنانەی داوتە هەمووی فرتو فێڵە، من حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران دەناسم، ئەو ئیمامزادەیە نابێت چاوڕێی موعجیزەمان هەبووبێت. من پێشوازی لەمەرگ دەکەم."

گرنگی دادگاییکردنی قازی محەمەدو هاوڕێکانی "سەیف قازیو سدر قازی" پێش هەر شتێك نیشاندەری ئەوەیە کە قازییەکان بەگوێرەی ئامانجەکانیان واتا باوەڕی پتەوو راستەقینەیان هەبوو بۆ دیمۆکراسیو شۆڕشو فیداکاری لەرێگەی ئازادیو حەقی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد.

هیچ بەڵێن و پەیمانێك و هیچ جۆرە هەڕەشەو زینداندانیو دادگاییەك نەیانتوانی لەئامانجەکانیان دووریان بخاتەوە، یان لەکارەکانیان پەشیمانیانبکاتەوە. دادگاییکردنی قازییەکان یان باشتر بڵێین رووخانی کۆماری کوردستانو رشتنی خوێنی سەدانو بەڵکو هەزاران کوردی وڵاتپارێز بەهۆی پلانەکانی ئەمریکاو بەریتانیاوە ئەنجامدراو دەوڵەتی ئێران لەم سیناریۆیەدا جگە لەنۆکەری کردنو بوون بەئامێری دەستی داگیرکەر رۆڵێکی تری لەئەستۆدا نەبوو وەئەوە یەکێکی تر بوو لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەو دادگاییە

رۆژی (٢)ی ڕێبەندانی ١٩٤٦ – ژەنەراڵ سەیف قازی – حاجی باباشێخ سیادەتو قازی محەمەدو....

نۆزدەهەمی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٧ واتە لە دوای نزیکەی یەك مانگ دەستگیری‌و دادگایی نهێنی و سەربازی قازییەکان بە بەرپرسیارێتی "پارس تەبار"و ئەفسەرەکانی "ئایرۆم"و "فەیووزی"و "فیرووزی"و "بیگلەری"و "وەرەهرام"و "موزەفەری". ئەنجامو کۆتایی پێهات.

یەکێك لەرۆژنامەوانانی سەر بەهێزی داگیرکەر بەناوی "سلێمان. ج" لەژمارە (٥٠) ی مانگنامەی ئیتیلاعات لەساڵی ١٩٥٢ لەبابەتێکدا لەژێر ناوی "یادێك لەکارەساتی مێژوویی، یان مردن لەرێگەی ئاواتە دوورو درێژەکان لەشارە ییلاقی مەهاباد"دا دەنووسێت:

"کاتێك کە قازییەکان لەزینداندا بوون، هێزە ئەمنیەکان نەیادەهێشت کەسێك چاوی پێیان بکەوێت‌و هەواڵێکیان لەدەرەوە پێ بگات..... بەڵگەو کاغەزەکانێ تاوانەکانیان لەماوەیەکی کورتدا ئامادە بوو. ئەفسەرەکان هەموو پەیمان‌و بەڵێنی سەرۆك وەزیرانیان "قەوام" پێشێل کردو بەپێی یاسای سەربازی لەگەڵ قازییەکاندا هەڵسوکەوتیان کردووە......"

قازی محەمـەدو ژەنـەراڵ سـەیف قـازی لـەکاتی لێدانی مارشـی کۆمـاری کوردسـتان لەخانەقای شەمزینان

لـەکاتی دەسـتپێکردنی دادگاییکردنـدا کـە دەکرێـت تاوانبـاران پـارێزە بـۆ خۆیان بگرن، سەرۆکی دادگا بەقازییەکان دەڵێت: "لـەو ئەفـسەرانە کـە ئێـستا لەمەهابادن.(٢) کـەس وەکـو پـارێزەری خۆتـان هەڵبـژێرن". قـازی محەمـەد پێـشنیاری سـەرۆکی دادگـا رەتدەکاتـەوەو داوای وەکالـەتی سەرلەشـکر "ئەسـلانی"و سـەرهەنگ "مووسـا شـاهتولی" دەکـات کـە دانیـشتوی تـارانن. سـەرۆکی دادگـا لەقـسەکانی پێـشەوا تـووڕە دەبێـت دەڵێـت: "تـۆ بەئەنقەسـت دەتـەوێ رەوتـی دادگـاییکردن دوابخـەیت. رەنگـە دەتـەوێ لەبـەریتانیاوە پارێزەرت بۆ بێت؟"

قـازی محەمـەد کـە لەتـەواوی ژیـانی سیاسـیدا بەکەسـێکی دژی داگیرکـەر ناسرابوو، لەوەڵامیدا دەڵێت: "ئەگەر پەیوەندیم لەگەڵ لەندەنـدا بوایـە هـیچ کات دادگایی نەدەکرامو ئەمڕۆ شوێنم ئێرە نەدەبوو".

لەکۆتاییـدا لەلایـەن دادگـای سـەربازییەوە ئەفـسەرێك بـەناوی مـولازم "محەمـەد شـەریفی" بـۆ پـارێزەری لەقازییـەکان دەسـت نیـشان دەکرێـتو دادگاییەکـە بەهەموویـەوە چـوار رۆژ دەخایـەنێت. رۆژی یەکـەم حـوکمی

تاوانبـاربوونی قازییـەکان دەخوێنرێتـەوەو لـەرۆژی دووهەمـدا بـەو جـۆرە ((نەجـەف قـولی پـسیان)) نووسـیویەتی: ((قـازی محەمـەد ١٤ سـەعات قـسە دەکات....)). ئەو قسانەی قازی محەمەد لەچواردە سەعاتەوە کردوویەتی، دوو دێڕی لەسەر دەنوسێت "لەدادگا قازی محەمەد هێرش دەکاتە سـەر سیاسـەتو چۆنێتی کارکردنی دەوڵـەتی تـارانو دەڵێت: "مـن لەسووچـی ئـەم زیندانـەوە هاوار دەکەمە سەر دەوڵـەتی تـارانو سـەرانی دەڵێم کە ئێوە تاوانبـارن نـەك ئێمـــە.... ئێـــوە وڵاتـــی ئێمـــەتان داگیرکـــردووەو هێرشـــتان کردووەتـــە سەرمان......".

سلێمان. ج لەو بارەیەوە دەنووسێت: "قازی وتی لـەباتی ئێمـە دەبـێ ئێـوە دەستگیرو دادگایی بکرێنو ئێوە تاوانبارن کـە هێرشـتان کردووەتـە سـەرمانو لـەماڵی خۆمانـدا بـەدیل دەمـانگرنو دەمانخەنـە بەندیخانـەوە.... گـشت ئـەو مەسەلانەی روویانداوە سەرچاوەکەی سیاسەتی زاڵمانەی حکومەتـە، تەنانـەت حکومەت ڕێگە نـادات خەڵکە کەخۆیان نوێنـەرەکانیان هەڵبـژێرنو بینێرنـە پەرلەمان.... ئەگەر دەوڵەت تـەواوی کوردەکـان بـەخائین دەزانێـت، بـا دەسـت لەو ناوچەیە هەڵبگرێتو ئەگەر بە وڵاتپـارێزی دەزانێـت ڕێگـە بـدات خۆیـان کاروبارەکانیان بەڕێوەبەرن....."

لەبەڵگەنامـــە مێژووییـــەکانی دەوڵـــەتی ســـۆڤیەتدا لـــەبارەی ڕەوتـــی دادگـاییکردنی قازییـەکان بـەپێی چـاوپێکەتن لەگـەڵ چـەند ئەفـسەرێكو سیاسەتمەدارانی ئاگاداری دەوڵەت، زۆربەی مەسەلەکانی دەوڵەت خراوەتە بەر باسو تیایدا لەبارەی بەرگری نامەکەی قازییەوە نووسراوە : "قـازی محەمـەد لەهەموو دادگاییکردنەکەیدا بەدلێریو ئازایەتییەوە قسەی دەکـرد، تەتانـەت بۆ جارێکیش نەبینرا کە سەر دابنەوێنێتو لەکارەکانی داوای لێبوردن بکاتو پەشیمان بێتەوە."

قازی محەمەد هەموو تاوانەکانی دادگای سـەربازی ڕەتـدەکردەوەو دەیـوت: " تـەنها بـەهۆی پێـشێلکردنی یاسـای بنـەڕەتی لەلایـەن حکومـەتی تارانـەوە نەتـەوەی کـورد چـەکی هـەڵگرتو شۆڕشـی دەسـت پێکـرد." قـازی محەمـەد لەبارەی ئەوەی کە گوایە لەژێر گوشاری دەوڵەتی بێگانەدا ناچارکراوە شۆڕش

دەست پێبکات، زوو هەڵچوو و وتی: "ئێوە ناتوانن لەراستییەکان تێبگەن، من دامەزرێنەری بزووتنەوەی دیموکراسی لەکوردستاندا بووم و دەستم پێکردووەو هیچ هێزی دەرەکی ناچاری نەکردووم ئەو کارە بکەم. هاندەرم لەو کارەدا خۆشەویستی بۆ وڵاتو نەتەوەکەم بوو، هەر حوکمێکم بەسەردا دەسەپێنن بسەپێنن، بەڵام زیان لەنەتەوەکەم نەدەن....."

لەلایەن دادگای سەربازییەوە تاوانی قازییەکان لە (٢٢)تەوەر ئامادە کرا. "ئیلگتۆن" لەو بارەیەوە دەنووسێت: "لەگشت تاوانەکانی قازییەکاندا، شۆڕش دژی یاسای بنەڕەتی ناوی لێوەبراوە".

"سلێمان. ج " دەنووسێت: " گەورەترین تاوانی قازییەکان ئەوە بوو خەڵکیان فێرکرد دژی پاشا درۆشم بەرز کەنەوە. خۆیشیان لەگەڵ تاج و تەختی پاشایەتیدا دوژمنی بکەن."

"پسیان" دەنووسێت: "لەمەهاباددا دروشمی "مەرگ" بۆ کەسێك کەدژی ئازادی کوردانە" دەوتراوو دیاربوو ئەو دروشمەش دژی شا بووە. قازی محەمەدو هاوڕێیانی هاندەری وتن و پەرەپێدانی ئەو دوشمە بوون."

گەورەترین تاوانی قازی محەمەد کە لەدادگا بەدرێژی باسی لێوەکراو، وەکو ئیهانەیەکی گەورە بوو بۆ لەشکری پاشایەتی و بە گوناهێکی لێنەبوردراو دژمێردرا. نامەکەی قازی محەمەد لەکاتی بەرپرسیارێتی "سەرلەشکر رەزم ئارا" بەرپرسی ئەوکاتەی ناوەندی لەشکری ئێراندا بووە.

قازی محەمەدو ئەندامانی پەرلەمانی کابینە

بەردی سەر گۆڕەکەی دکتۆر رەحیم سەیف قازی لەگۆڕستانی باکۆ

دوو مانگ پێش ئەوە بەشە جیاجیاکانی سەربازی ئێران هێرش دەکاتە سەر ئازەربایجان‌و کوردستانی دەسەڵاتدار. بەرپرسی ناوەندی سوپا "رەزم ئارا" لەناوچەی سنەو کرماشاندا کۆبوونەوەیەکی گەورە لەسەرانی سوپای پێکهێناو لەقسەکانیدا هەڕەشە لەکوردەکان دەکات‌و ناوی پێشمەرگەکانی کوردستان دەزڕنێت و ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ شکستی هەندێ لەهێزەکانی ئێران لەناوچەی "ساڵح ئاوا"ی سەقز بەدەستی پێشمەرگەکان، بەشێوازێك کە بووە هۆی پاشەکشەو بەدیل گیراوی هێزەکانی ئێران.

ساڵی ١٩٤٦ گوندی سەراو، دوای گەڕانەوەمیان لە شەڕی سەقز

ریزی یەکەم: ١.مەلا مستەفا ٢. ژەنەراڵ محەمەد حسێن خان سەیف قازی ٣. سەرگورد بەکر عەبدولکەریم ٤. سەرهەنگ مستەفا خۆشناو ٥. کاك مامەند قادری ٦. موسا خانی زەرزا ٧. سەروان محەمەد ئەسحابی ٨. ئەفسەرێکی کوردی باشوور.

ریزی دووەم: لەراست بۆ چەپ: سەرگورد محەمەد ئەمین شەرەفی، سەرهەنگ میرحاج، نووری ئەحەد تەها نەناسرا، عەلی خانی فرووزش

لەبەرامبەر هەڕەشەکانی ڕەزم ئارا، قازی محەمەد لەنامەیەکدا داوای لێدەکات کە لەشەڕو براکوژی دەست هەڵبگرێتو لەڕێگەی وتووێژەوە بەرێزگرتن لەمافو یاسای یەکتر کۆتایی بەو شەڕە بهێنێت، هەروەها قازی محەمەد دەڵێت کوردەکان لەشەڕو هەڕەشە ناترسنو کاتێك لەبارەی هێزەکانی ئێرانەوە قسە دەکات باس لەشیعرەکەی "فیردوس"ی دەکات، چونکە لەهەمان کاتدا ئەم شێعرەی لەفیردەوس بوو بە دروشمی سەرەکی سوپای ئێرانو بەخەتێکی گەورە لەسەر قوماش نووسرابوو و شوێنەکانی تری بارەگاکان هەڵیان واسیبوو. ئەوە شیعرەکەیە:

"همه سربه سرتن بەدشمن دهیم
از ان به كه كشور به دشمن دهیم"
"هەموومان یەکە یەکە سەرمان بدەین بەدوژمن
باشترە لەوەی وڵات بدەینە دەستی دوژمن"

قازی محەمەد لەنامەکەیدا بۆ ڕەزم ئارا لەترسو ترسنۆکی ئەفسەرانی ئێران دەنووسێتو چەند نموونەیەکیان بۆ دەهێنێتەوەو بەباشی دەزانێت شیعرەکەی فیردەوسی بەم شێوازە بگۆڕێت:

"همه سر بەسر پشت بەدشمن دهیم
از ان به كه خود را به كشتن دهیم"
"هەموومان یەکە یەکە پشتمان بدەینە پشتی دوژمنەوە
باشترە لەوەی بەرەو مردن بڕۆین"

"سلێمان. ج" و "پسیان" "ئینگلتۆن"و زۆربەی نووسەران لەوکاتەدا کەئاگایان لەبارودۆخی کوردستان هەبوو، دەنووسن "ڕەزم ئارا" و "محەمەد ڕەزاشا" بەو نامەیە زۆر تووڕە دەبنو ڕقێکی زۆر لەقازی محەمەد هەڵدەگرن، ئەڵبەت محەمەد ڕەزا شا پێشتریش ڕقی لەقازی محەمەد هەبوو، ئەوەش بەو هۆیەوە کاتێك قازی محەمەد لەکاتی سەرۆك کۆماریدا بەدەعوەتی "قەوام" بۆ تاران دەڕوات ، لەگەڵ "محەمەد ڕەزاشا" وتووێژ دەکاو محەمەد ڕەزا دوای وەسفێکی زۆر لەسوپا داوای لەقازی محەمەد کرد لەبەرامبەر سوپادا خۆڕاگری نەکاتو دەڵێت ئەگینا تەواوی کوردستان بەخاكو خوێن دەکێشرێ.

قـازی محەمـەد زەردەخەنەیـە دەیگرێـت و لـەوەڵامی شـادا شکـستی سـوپا لـە"سەردەشـت"دا بـەبیری شـا دەهێنێتـەوە کـە چـەند کـەس لەسـەربازان‌و ئەفـسەرانی سـوپا خۆیـان تەسـلیمی پێـشمەرگەکانی کوردسـتان کـردو پێشمەرگەکان بینیان کە ئەفسەرو سەربازەکان بـەدانانی چەکەکانیان لەسـەر زەوی، جلەکانیـشیان لەبەرداکەنـدووە، ئینجـا پێـشمەرگەکان نـاهێڵن هـەموو جلەکانیان دابکەنن‌و لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێننـەوە بـۆ مـەهابادو لەمـەهابادا قازی محەمەد فەرمان دەدات جلیان بۆ بێنن‌و لەرێگەی سەقزەوە بەرەو تـاران بەرێیان کردن.

محەمەد رەزا بەبیـستنی ئـەو قـسانە تـوورە دەبێـت‌و تەنانـەت لەچـەندین کۆبوونەوەدا قسە دەکات‌و دەڵێت قـازی محەمـەد سـوپای بەگاڵتـەگرتووەو بـێ رێزی دەکات!

قازییەکان تاوانبارن بەبنیاتنانی رێ‌و رەسمی کۆماری‌و جلی سـەربازییان لەبەرکردووەو هەروەها بۆ فێربوونی تەکنیکی سەربازی، گەنجـەکان دەنێرنـە باکۆو تەورێز. چەند بوار لەتاوانـەکان قـەد پەیوەنـدی بەتێکۆشـان‌و شۆڕشـی قازییەکانـەوە نـەبوو، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش وەکـو تـاوان دادەنرێـت. لـەو تاوانـەوە تـاڵانکردنی مـاڵی سەرلەشـکر "ئەفـشار" لـە "هۆڵەسـۆ"و کوشـتنی بەرپرسـی سـەرژمێری مـەهاباد "قـازی رەزا" لەسـاڵی ١٩٤٣ بەدەسـتووری ئـەوان بووە.

کەسـی لای راسـت: محەمـەد حـسێن سـەیف قازی لەجلی ژەنەراڵیدا وەزیری جـەنگی کۆمـاری سـەربەخۆی کوردسـتان‌و کەسـی لای چـەپ سـەلاحەدین کـازم ئـۆف ناسـراو بـە کاکـە ئاغـا ئەفسەری سوپای سۆڤیەت.

پێویسته بزانین لەوکاتەدا لەناوچەی "ئەفشار"دا بەتایبەت "سایین قەڵا" (شاهین دژ)و "هۆڵەسۆ" هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونی نییەو ئەو ناوچەیە لەژێر ماڵی ئاغەواتی گەورە "یەمین لەشکر" تاڵان کرا، هیچ پێشمەرگەیەکی کورد تیایدا دەستی نەبوو و "قازی زادە" پێشتر لەحکومەتی سەربەخۆی کوردستان کاتێک کە بەرپرسی عەشیرەتەکانی "دێبوکری"و "مامش" لەمەهاباد حکومەتیان دەکرد تیرۆرکرابوو و لەکۆتاییشدا کەس نەیزانی کێ ئەو کارەی کردووە.

لەیەکێکی تر لەتەوەرەکانی تاوانەکانیاندا نوسراوە کە لە تەسلیم بوون و رفاندنی چەکەکانی بارەگای مەهاباد لەهاوینی ١٣٢٠ (١٩٤١) قازییەکان تاوانبار بوونە. ئەگەر ئەو قسەیە راست بێت، ئەی تەسلیم بوون و رفاندنی چەکی بەشە جۆراوجۆرەکانی سوپای ئێران لەتەورێزو ورمێ و کرماشان و سنەو قەزوین و تاران لەئەستۆی کێدا بووە؟ روونە کە لەهاوینی ساڵی ١٩٤١ کاتێک کە سوپای دەوڵەتە هاوپەیمانەکان هاتنە ناو ئێرانەوە، بارەگای مەهابادیش وەکو تەواوی سوپای ئێران و دیکتاتۆری رەزاشا جیابووەو یەکگرتوویان لەدەستداو تا داگیرکرنی دیسانەوەی مەهابادو رووخانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان هیچ بەشێك لەسوپای ئێران و هیچ هێزێکی چەکدار لەلایەن حکومەتەوە لەمەهاباد نەبوو کەناچار بێ چەك دابنێت. تەنانەت گوردانی ژاندارمری مەهاباد بەفەرماندەیی "فەریدئازەر" تا دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان و ئازەربایجان نەهاتە مەهابادەوە لەمەیاندووئاو مایەوەو دوایی لەلایەن هێزی پێشمەرگە لەناوچەی "مەحمود جغ" چەکی لێ سەنرا..

تاوانەکانی محەمەد حسێن سەیف قازی

"ئیگلتۆن" لەبارەی تاوانەکانی (محەمەد حسێن سەیف قازی)یەوە دەڵێت: "تاوانەکانی محەمەد حسێن سەیف قازی بریتیە لەجل لەبەرکردنی ژەنەراڵی، سێ جار سەفەر کردن بۆ باکۆو بەشداریکردن لەو شەڕانەی دژی ئێران بوون. لەبەرگری نامەیەکدا وتی: "دوای واژۆ کردنی پەیماننامەیەك لەنێوان پیشەوەری و مزەفەرو هەڵبژاردنی من بۆ قایمقامی مەهاباد، ئیتر جلی سەربازیم لەبەر نەکردو سەفەرەکانم بۆ باکۆ لەلایەن بەرپرسانی ئازەربایجانەوە جێبەجێ بووە، "لەکۆتاییدا وتی تاوانبارکردنی من وەکو تەنها بەرپرسی شەڕی ناوچەکە کارێکی باش نییە، ئەوە ئێوە بوون کە دەستتان پێکرد." یەکێکی تر لەتاونەکانی سەیف قازی سووتاندنی بەڵگەنامەکانو لیستی چەكو تەقەمەنیی سوپای کۆماری کوردستانو لیستی سەربازانی کۆماری کوردستان بوو.

تاوانەکانی سدر قازی

سدر قازی بەوە تاوانبار کرا کە لەمزگەوتی عەباس ئاغای مەهاباد لەیەکێك لەقسەکانیدا هێرشی کردۆتە سەر سیاسەتی دەوڵەتی ئێرانو پلانەکانی بۆ سەر کوردستان، باسی لەسەربەخۆیی نەتەوەی کورد کردووەو بەرگری لێکردبوو.

هەروەها سدر قازی بەوە تاوانبار کرا کە لەکاتی نوێنەرایەتییەکەیدا هاوکاری لەگەڵ حزبی "توودە"ی ئێراندا کردووە لەپەرلەمان.

بێ گومان هەموو تاوانەکان تەنها بۆ یاسایی نیشاندانی رەوتی دادگاییکردنەکە ئامادەکرا بوو و بەگشتی بەهۆی هەر کام لەو تاوانانەوە هیچ تاوانبارێك مەحکوم ناکرێ بە لەسێدارەدانو ئەوە تەنها رواڵەتی مەسەلەکەیەو لەپشتی ئەو پەردەیەوە بەناوی ئەو تاوانانەوە، مەسەلەی گەورەی سیاسی خرایە بەر دەست کە راستەوخۆ پەیوەندی هەبوو لەگەڵ

وڵاتانی داگیرکەر بەتایبەت لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکادا کەدوایی بۆمان روون دەکرێتەوە.

دادگای سەربازی خێرا کۆتایی بەکاری خۆی هێناو حوکمی لەسێدارەدانی قازی محەمەدو محەمەد حسێن و ئەبولقاسم سدر قازی راگەیاندو سەرسورهێنەرتر ئەوەیە کەحوکمی دادگا بە قازییەکان رانەگەیەنراو ئەوەش بەپێچەوانەی یاسای دادگای سەربازییەوە.

لەمادەی (٢١٣) یاسای دادگای سەربازی کە حوکمی دادگا دەبێ لەکۆبوونەوەی رەسمی بەئامادەبوونی بەرپرسی دادگاو تاوانبار بوترێت. حوکمی دادگای سەربازی جێبەجێنەکراو ئەفسەرەکان گەڕانەوە بۆ تاران.

قازییەکان سێ مانگ بەو حوکمەوە لەزیندان مانەوەو لەو ماوەیەدا پلان و هەوڵی هێزی داگیرکەر بەتایبەت ئەمریکا سەبارەت بەکوردستان و چارەنووسی قازییەکان دەگەڕا.

ئەو گروپە لەمێژوونووسان و نووسەران کە لەبارەی کۆماری مەهابادو بەتایبەت دادگاییکردنی قازییەکانەوە هەندێك بابەتیان نوسیوەو لەبارەی بەدواخستنی حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکان تەنها یەك هۆیان هێناوەتەوە. ئەوا بەکۆی دەنگ لەسەر ئەو باوەڕەن چونکە لەکوردستان شەڕ درێژەی هەبوو و هێزەکانی پێشمەرگە لەچەندین شوێندا لەبەرامبەر سوپای ئێراندا خۆڕاگرییان دەکرد، دەوڵەتی ئێران نیگەرانی حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکان بوو. بێ گومان ئەوە لایەکی مەسەلەکە بوو، واتا یەکێك لەهۆکارەکان، بەڵام لایەکی دیکەی مەسەلەکەو هۆی سەرەکی بەدواخستنی حوکمی لەسێدارەدانی قازیەکان لەسیاسەتی دەوڵەتانی بەریتانیاو ئەمریکادایە.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەساڵەکانی ١٩٤١ و ١٩٤٦ بەتایبەت رێبەرایەتی کردنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو بزووتنەوەیەو بەهۆی بەرنامەو ئامانج و سیاسەتی روون و ئاشکراو هەوڵ و شۆڕشی سیاسەتمەدارەکانی کاریگەر، قازی محەمەدو رێبەرایەتی حزب، لێدانێکی قورس و گرانی لەپەیکەری دەوڵەتانی داگیرکەردا، بەشێوازێك ئەو

دەوڵەتانە پێگەیان لەکوردستانو کۆمەڵگای کوردیدا کەدەیانتوانی لەو ڕێگەیەوە سیاسەتی داگیرکەرانەیان بەرەو پێش ببەن، لەدەستیاندا.

لەهەمان کاتدا کاریگەریو سەقامگیری دەوڵەتی سۆڤیەت لەژێر ناوی مافی مرۆڤو خێرخوازیو ئازادیخوازی لەکوردستاندا زۆر پەرەی پێدرابوو. دەوڵەتانی داگیرگەر تێگەیشتبوون کە بزووتنەوەی نەتەوەی کورد هەمیشە لەچوارچێوەی بەشێکی بچوك بەناوی کوردستان نامێنێتەوە درەنگ یان زوو لەناوچەکانی دیکەی کوردستاندا ریشە دادەکوتێتو مەسەلەی کوردستان دەبێتە کێشەی گەورەی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەگەر بارودۆخی تایبەتو ستراتیژیای کوردستان بەتایبەت هاوسنوربوونی لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتو هەروەها سروشتی دەوڵەمەندو جوانی ناوچەکەو باری نەتەوەیی لەبەرچاو بگرین، دەبینین کە مەسەلەی کوردستان چ پێگەیەکی گرنگو بەنرخی هەبوو لەسیاسەتی دەوڵەتانی داگیرکەردا.

جگە لەوەش بۆ دەوڵەتانی داگیرکەر زۆر گرنگە کە بەپلان بتوانن دەوڵەتانی تورکیاو عێراقو سوریا هەمیشە لەمەترسی کوردەکان بپارێزن، واتا ئەگەر یەکێك لەو دەوڵەتانە دژی سیاسەتی وڵاتانی داگیرکەر وەستاو فەرمانەکانیانی جێبەجێ نەکرد، بتوانن کوردەکان دژی ئەو وڵاتە هانبدەن و ئەوەش دروشمی کۆنی دەوڵەتانی داگیرکەر بوەو لەبارەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بەتایبەت بەریتانیا.

هەوڵدانو مێژووی سەدساڵەی دوایی کوردستان چەند جار بووەتە قوربانی ئەو سیاسەتە داگیرکارییە.

"لورد کیر ئۆزنی" بەریتانیایی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کوردستان بۆ ئەمپراتۆری بەریتانیای گەورە وەکو ئاوو هەوا پێویستە، پاشان جەنابی "برژینسکی"و "کسنیجر"ی ئەمریکایی هەر وەکو ئەو قسەیەی دووپات کردەوە.

بەهۆی هەوڵو تێکۆشانی نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەمریکاو بەریتانیا بەگوێرەی چارەنووسی فازییەکان، "ڕۆژنامەی ئازادی" کە بەزمانی کوردی

لەعێراقدا بەچاپ گەیشتووە نوسویەتی: "دەسەڵاتدارانی بەریتانیاو ئەمریکا، قازی محەمەد بەدوژمنی پلە یەکی خۆیان دەزانن و لەلایەکەوە هەوڵیان دەدا لەهێزو رێزو کاریگەری قازی لەناو نەتەوەی کورددا بەسوودی دەسەڵاتی بەرژەوەندیخوازی خۆیان سود وەربگرن. لەهەمان کاتدا کە قازییەکان لەزینداندا بوون چەند جار نوێنەرانی ئەمریکاو بەریتانیا دیداریان لەگەڵیاندا کردو لێدوانیان لەگەڵیاندا کرد تا بەڵکو بتوانن سەرنجیان بۆ لای سیاسەتی دەسەڵاتداری خۆیان رابکێشن.

نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان لەمەراسیمی بەستنی پەیماننامەی هاوڕێیانە لەچەپەوە بۆ راست بریتین لە:

١. ژەنەراڵ محەمەد حسێن سەیف قازی ٢. پێشەوا قازی محەمەد ٣. محەمەد ریا. ٤. پیشەوەری

فڕۆکەخانەی تەورێز:

پێشوازیکردنی لەهاتنی "میر جەعفەر باقرئۆف" بۆ تەورێز، محەمەد حسێن سەیف قازی بەهێمای × دیاریکراوە.

ڕێبەرانی حزبی دیموکرات و حزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەرەزبەری ساڵی ١٩٤٦ لەگوندی "خوجامیر" (خۆشەمیهر)ی ئێستا لەمەراغە، پەیماننامەی دوولایەنەیان واژۆ کرد. لەچەپەوە بۆ ڕاست: پیشەوەری، قازی محەمەد، ، حاجی عەلی شەبستەری، محەمەد حسێن سەیف قازی.

لەچەپەوە بۆ راست: حەبیب ئەمیری، باڵوێزی گەورەی ئەمریکا "جۆرج وی ئالن"و "عومەرخانی شەریفی"

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستدان کە قازییەکان لەزینداندا بوون، واتا پێش یەکەمین دادگاییکرن، ئەم کەسانەی خوارەوە بۆ کوردستان سەفەریان کردووە: کونسوڵی ئەمریکی لەتەوریز "لیسترسیتۆن"، کونسوڵی بەریتانیا "کارس"، نوێنەری کلیسای پرۆتستانی ئەمریکی لەتەوریز. لیۆئەنگیستۆن بستلی"، دیپلۆماتو کەسی شارەزای ئەمریکی لەمەسەلەی کوردستاندا جەنابی "دۆهار"و باڵوێزی ئەمریکی لەتاران "جۆرج ئالن". هەروەها لەگەڵ ئەفسەرە ئێرانییەکاندا لەمەهاباد وتووێژیان کردو بەیارمەتیان دیداریان لەگەڵ قازییەکاندا کرد لەزیندانی بارەگای مەهاباددا.

لەو بارەیەوە بەڵگە ئەرشیف کراوەکانی دەوڵەتی سۆڤیەت دەنوسێت: "نوێنەری ئەمریکیو بەریتانیا لەمەسەلەی کوردستانو بەتایبەت لەبارەی چارەنووسی براکانی قازییەوە لەهەوڵو تێکۆشاندانو هەموو رۆژێک هاتوچۆی مەهاباد دەکەن...."

سەرلەشکر "فەزلوڵڵا هومایۆنی"

فەرماندەی سوپای ئێران لەکوردستاندا سەرلەشکر هۆمایۆنی بۆ جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکان زیاتر لە هەموو کەسێك بەپەلە بوو و بەپێی بەڵگەنامەکان دەیویست رۆژی(٢٣)ی کانونی دووەم واتا یەك رۆژ دوای کۆتایی دادگاییکردنەکە، حوکمی لەسێدارەدانەکە جێبەجێ بکات، بەڵام "رەزم ئارا" لەپەیامێکی تەلەگرافی لەتاراندا داوای لێدەکات جارێ دەستی لێهەڵبگرێت. بەجۆرێك کە "ئیگلتۆن" دەنووسێت: "سەرلەشکر هومایۆنی لەو رووداوە زۆر نیگەران بووەو سەرهەنگ "فەیووزی" دەنێرێت بۆ تاران تا لە دواخستنی لەسێدارەدانی قازییەکان ئاگادار بێت.

ئیگلتۆنی ئەمریکی کە ئاگای لەهەموو مەسەلەو وتووێژەکانی پشتی پەردە بوو، بەتەواوی هێزەوە هێرش دەکاتە سەر سەرلەشکر هومایۆنی. دەنووسێت: "سەرلەشکر هومایۆنی ناتوانێت تێبگات کەسیاسەت وەهای

دەوێت تا جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکان ماوەیەك بەدوا بخرێت......" ئاشکرایە کە ئەو سیاسەتە پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ سیاسەتی حکومەتی داگیرکەردا. شایانی باسە دوای حوکمی دادگای سەربازی، دەزگاکانی راگەیاندنی حکومەت بێ ئەوەی حوکمەکە بڵاوبکەنەوە، تەکنیکێکی خەڵك خەڵەتێنیان لەبەرچاوگرتووەو بەهەموو تواناوە هەوڵیاندا تا بتوانن گوایێ زۆربەی خەڵکی کوردستان دژی کارەکانی قازی محەمەدو براکانی بوونەو گشت کارەکانیان بەبێ دەنگی خەڵکی بووەو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ باوەڕو ئامانجو ئاواتی نەتەوەی کورددا نەبووە. لەتەکنیکە خەڵك هەڵخەڵەتێنەکانی حکومەتی ئەو کاتەی ئێران دەتوانین ئاماژە بدەینە ناوەرۆکی ئەم نامەیە: "قازیو براکانی نیشتمان فرۆشنو هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئامانجو باوەڕەکانی نەتەوەی کورددا نییەو ئەو شتانەی ئەنجامیان داوە لەلایەن دەوڵەتانی دەرەوە بووەو پێویستە هەموویان بکوژرێن....."

بەیارمەتی چەند کەسێکی کورد وەکو کوڕەکانی شێخ عەبدولرەحیم شەمسەدین بایەزیدو ئەبدولڕەحمان خەڵکی گوندی "باجۆند" ئەو نامەیە لەکوردستان بەپەنجەمۆرو واژۆی خەڵك تۆمارکرا بەڵام بێجگە لەو ناوانەی خوارەوەو چەند جاشێکی ترو کەسێکی تر ئەو نامەیەیان ئیمزا نەکرد: "عومەرخانی شەریفی"، "عەزیز مامش"، "رەشید بەگی هەرەکی" ، "مەلا خەلیل"، "مەلا سدیق سدقی" (ئیمام جەماعەتی مزگەوتی عەباس ئاغا)، "مەلا محەمەد دەرەبەگی"، "مەلا ئەحمەد تەوحیدی"، عەبدوڵا عەزیز مەنگوور"، "رەحمان عەتاری"، "میرزا رەحمەتی شافعی" (مفتی گەورەی گورە)، "میرزا رەشید سوورە شافعی"، "عەبدوڵلا کەریمی" ، "حەسەن داوودی"، "عەبدوڵلا سەیدی") "حاج سالح شاتری"، "عەلی بەگی حەیدەری" ، "عەبدوڵلا ئیلخانی زادە" حاجی سەعید خەرازی (ئەبریشەمی)و چەند نۆکەرێکی تر.

بەڵام هەندێك کەس وەکو "مەلا عەلی سووجە"، "مەلا محەمەد ماوەرانی" ، "میرزا محەمەد خاتەمی" ، "عەلی ئاغا ئەمیر ئەسعەد (عەلیار)"

، "کـەریم ئاغـای کـەریمی" ، "رەحمـان ئاغـا فـەتاحی" و "جـەنابی شـێخ عەبـدوڵڵا ئەفەنـدی کـە هەرچـەند کەوتنـە بـەر هێـرش‌و دەسـتگیری‌و ئەشکەنجەو دوورخستنەوە، ئامادەنەبوون نامەکەی ناوەندی سوپای پەهلەوی واژۆ بکـەن. یـەکێکی تـر لـەو کەسانە کۆچکردو "مـەلا محەمـەد بزینـانی" ناسـراو بـە "مـەلا رەشـە" کـەئیمامی جەماعـەتی مزگـەوتی سـەید نیزامـی مەهابادی لەئەستۆ هەبوو. بۆ ئەوەی ناوی بیر نەچێتەوەو لەمێـژوودا تۆمـار بکرێت، بە ئەرکی سەرشانمی دەزانم رەنگدانەوەی مەلا محەمەد دوای بینینـی نامەکە کە لەزمانی نزیکیان‌و ناسراون‌و خزمانییەوە بیستوومە بیگێڕمەوە:

رۆژێـك یـەکێك لەسـەرهەنگەکانی سـوپا لەگـەڵ "سـوورەی شـافعی"و "رەحمان هەتاری"و چەند کەسێکی تر بەدوای سەلماندنێك بۆ نامەکە بـوون‌و دەڕۆنـە مزگـەوتی سـەید نیـزام بـۆ لای "مـەلا محەمـەد"، لەوکاتـەدا مـەلا محەمـەد لەگـەڵ چـەند نوێژکـەرێکی تـردا خـەریکی دەست نوێـژگرتن بـووە، لەبەرئەوەی نوێژکەرەکان بەمەسەلەکە نەزانن بانگ لەمەلا محەمەد دەکەن‌و دەچنە سووچێك لەمزگەوتەکەوەو لەوێدا نامەکەی لەبەردەست دادەنـێن تـا واژۆی بکات‌و بلێ وابووە. مـەلا محەمـەد کاتێـك نامەکـە دەخوێنێتـەوە، هـاوار دەکات‌و دەڵێت: ئەی جەماعەت ئەوانـە دەیانـەوێت دین‌و ئیمانم لێ بـستێنن، دەیانەوێت کافرمان بکەن، ئەوا دەیانەوێت شەرەف‌و نامۆس‌و پیاوەتیم بنێمە ژێـر پـێ‌و دژی نەتەوەکـەم هـەنگاو بنـێم. بـەهاواری مـەلا محەمـەد خـەڵکی لەدەوری کۆدەبنەوە، سەرهەنـگ‌و هاوڕێکانی نامەکە هەڵدەگرن‌و لەمزگـەوت هەڵدێن.

بۆیـە لـەو رێیـەوە نـاتوانن حزبـی دیمـۆکراتی کوردسـتان‌و رێبـەرانی‌و نەتەوەی کورد دژی یەك بوەستێنن.

واژۆکردنـی ئـەو نامەیـە لەلایـەن خـەڵکی زەحمـەتکێش‌و بندەسـت‌و رۆشـنبیرانی کوردسـتان پیـشاندەری پەیوەنـدی خـەڵکی کوردو هاوڕێیـەتی‌و هاوهەنگاوییان بووە لەگەڵ حزبەکەیاندا.

لەبڵاوکراوە جۆراوجۆرەکاندا وەها نیشاندرا بوو کە دوای حوکمی دادگای سەربازی، قازییەکان لەزیندانی مەهاباددا بەدیل گیراون کە راست نییەو دوور لەراستییە.

بەڵگەنامەکان پیشانیدەدا بەنهێنی قازییەکان دەبەن بۆ تاران و دوای لێدوان لەگەڵیاندا بەڵێنیان پێدەدەن تا لەکاری خۆیان پەشیمانی دەرببڕن و سیاسەتێکی بەسوودی دەوڵەتی داگیرکەر رەچاو بکەن.

لەبەرواری پێنجەمی رێبەندانی ساڵی ١٩٤٧، واتا (١٢) رۆژ دوای تەواوبوونی دادگاییەکە، قازییەکان بەنهێنی بۆ تاران دەبەن و لەزیندانی دژبان لەژێر چاودێری ئەمنیەتیدا دەیانپارێزن، لەلایەن بەرپرسانی سوپاو دەربارەوە، هەندێك لەو کوردانەی گرێدراوی حکومەتی تاران و کەسانێکی ناودار کەقسەیان باوی هەیە وەکو ئەردەڵان سەنەندجی و فەهیمی و هەروەها عەبدوڵا ئیلخانی زادەیان بۆ لێدوان ناردە لای قازییەکان؛ ئامانج لەوتووێژەکان ناچارکردنی قازییەکانە بۆ پەشیمانبوونەوە لەکارەکانیان و راگەیاندنی ئەوە بەنەتەوەی کورد بەتایبەت هێزی چەکداری کوردو خۆڕاگری نەکردنیان لەبەرامبەر سوپای ئێران و چەکەکانیان دابنێن و وەفاداری خۆیان بۆ رژێمی پاشایەتی و رق و کینەی خۆیان دەربڕن لەبەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی سۆڤیەت و حزبی توودەدا.

لەهەمان کاتدا کوردەکانی سەر بە دەوڵەت رایانگەیاندبوو کە ئەگەر قازییەکان ئەو پێشنیارانە قبوڵ بکەن و داوای بەخشین لەشا و سەرۆك وەزیران بکەن، لەبەندیخانەو مەرگ رزگاریان دەبێت، بێجگە لەوەش لەهەمان کاتدا باڵوێزی ئەمریکا "جۆرج ئالن"و "ژەنەراڵ شوار تسکۆف" و لیژنەی ئاگاداری ئەمریکی لەمەسەلەی کوردستان و "دۆهار" لەگەڵ قازییەکاندا چاوپێکەوتنیان کردووەو پێشنیارە بەناوبانگەکەی ئەمریکایان بۆ دووپات دەکەنەوە: "ئەگەر قازییەکان لەکوردستاندا جێبەجێکەری سیاسەتەکانی ئەمریکا بن، یارمەتییان دەدەین و لەزیندان و مەرگ رزگاریان دەبێت....."

هەروەها "جۆرج ئالن" رادەگەیەنێت: "ئەگەر قازی رازییە، دەوڵەتی ئەمریکا ئامادەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان یارمەتی بدات....."

پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد چەند نامەیەك بۆ سەرۆکەکانی وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕی جیهانی دووەم (ئەمریکا، بەریتانیاو سۆڤیەت) بۆ کۆنفرانسی پۆستمدام دەنێرێ‌و پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لێدەکات‌و داوای بەرەسمیەت ناسینی تەواوی کوردستان‌و نەتەوەی کورد دەکات لەلایەن وڵاتانی سەرکەوتووی ئەو شەڕەوە کە بەپێی پەیماننامەی :ئەتلانتیك" بەدەستی خودی ئەو دەوڵەتانە تۆمار کرابوو.

ئەو داواکارییە لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیاوە بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندییان لەئێراندا بێ وەڵام دەمێنێتەوە و تەنها دەوڵەتی سۆڤیەت وەڵامی ئەرێ دەداتەوە. ئەمریکاو بەریتانیا دوای دەستگیرکردنی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی، سەرنجیان دەخەنە سەرو رەنگە ئەوەش خۆی پلانێکی سیاسی بوو چونکە لەوکاتەدا ئەمریکا (٣٠)هەزار سەرباز بۆ یارمەتیدانی ئێران رەوانەی ئەو وڵاتە دەکات‌و بەریتانیاییەکان کەسایەتییان لەبەرامبەر مەلا مستەفا بارزانی نیشاندا بوو و داوای لێدەکەن لەکارەکانی پێشووی پەشیمان بێتەوەو داوا لەهێزی پێشمەرگەی بارزانی‌و مەهاباد بکات چەکەکانیان دابنێن‌و تەسلیمی هێزەکانی پەهلەوی بن تا لەدامەزراندنی کۆماری کوردستاندا یارمەتییان بدەن. قازی محەممەد لە وەڵامدا دەڵێت: "ئێمە داوای لێبوردن ناکەین‌و لەکارەکانمان پەشیمان نین‌و هەروەها چەند جار وتوومانە دەستی هاوڕێیەتی دەگوشین لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە دەستی دۆستی‌و هاوڕێیەتیمان بۆ درێژ دەکەن، بەو مەرجەی کە بەکەمتر لەخۆیان دامان نەنێن، ئێمە رێز لە بیرو باوەڕی گشت نەتەوەکان دەگرین.

وەڵامی قازی محەممەد بەپێشنیاری نوێنەری ئەمریکا کە لەزۆربەی بڵاوەکراوەکاندا بڵاوبوویەوە، جارێکی تر باوەڕی تەواو و پتەوی قازی محەممەدی بۆ بزوتنەوەی دیمۆکراسی‌و ئازادیخوازی نەتەوەی کورد پیشاندا. قازی محەممەد لەبارودۆخی خراپی زینداں‌و لەکاتێکدا کە حوکمی

لەسێدارەدانی درابوو لەوەڵامی ئەمریکییەکاندا وتبووی: "من دوو ڕوو نیم‌و باش دەزانم چیتان لێم دەوێت، بەڵام من باوەڕی خۆم لەدەست نادەم. من ناتوانم خیانەت لە نەتەوەکەم بکەم، من‌و میللەتەکەم دەستی برایەتی‌و هاوڕێیەتی سۆڤیەتمان گرتووەو پێشوازی لەیارمەتی‌و پشتگیرییەکانیان دەکەین".

هەر لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی ئازەربایجان نووسی: "گیان فیدایی‌و ئیرادەی قازی محەمەد لەزیندانی تاریکی دوژمندا پتەوتر و شێلگیرتر دەبێت. قازی محەمەد بەجۆرێ ئالنی وتبوو نەتەوەی کورد هیچ جۆرە چاوەڕوانییەکی لەدەوڵەتانی داگیرکەر نییەو تەنها بەهێزی خۆی ئازادی بەدەست دێنێت...".

ئەمریکاو بەریتانیا بەهۆی بندەستەکانیەوە لەعێراق هەوڵیاندا سەرنجی قازی بۆلای خۆیان ڕابکێشن‌و بیکەن بەجێبەجێکاری سیاسەتەکانی خۆیان لەکوردستاندا، لێرەدا ڕووداوێك لەو دەورانە کەپەیوەندییەکی نەپچڕاوی لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتانی ئەمپریالیستدا هەیە، دەیگێڕنەوە. ئەو ڕووداوە لەبارەی تێکۆشانی "شێخ عەلادین زینوە"وەیەو خۆی وەها دەدوێت: "ڕۆژێکیان (سەید عەلی حجازی" کە لەوکاتەدا بەرپرسی ئەمنیەتی عێراق بوو، چووە لای شێخ عەلادین‌و پێی دەڵێت لەنامەیەکدا بە قازی محەمەد ڕابگەیەنێت ئەگەر حەزی هەبوو، دەوڵەتی عێراق ئامادەیە بهێنێتە عێراق‌و بەڕێزەوە بیپارێزێت. شێخ، نامەیەك دەنووسێت‌و دەیداتە یەکێك لەکەسەکانی جێباوەڕی‌و دەینێرێت. قازی محەمەد نامەکە دەخوێنێتەوە، بەڵام هیچ وەڵامێك ناداتەوە، نامەبەرەکە دەگەڕێتەوە و ئەمە بۆ شێخ دەگێڕێتەوە.

ڕێبەرانی گرێدراو بەداگیرکەران لەعێراقدا بەوە ڕازی نابن‌و ئەمجارەش سیخوڕی ژمارەیەکی داگیرکەر لەعێراقدا واتا "نوری سەعید" کە لەو کاتەدا سەرۆك وەزیران بوو، بەتایبەتی خۆی لەگەڵ شێخ عەلادیندا بەتەلەفۆنی قسە دەکات کەدیسان لەگەڵ قازی محەمەددا پەیوەندی بگرێت‌و کارێك بکات تا قازییەکان ڕازی بن‌و بڕۆن بۆ عێراق. شێخ عەلادین ئەمجارە بەدەستی کوڕەکەی شێخ ئەبدولقادر نامەیەکی تر بۆ قازی محەمەد دەنێرێت. قازی

محەمەد دیسان نامەکە دەخوێنێتەوە و لەوەڵامدا دەڵێت بەباوکت بڵێ کە خۆی بووەتە نۆکەری ئەوانو دەیەوێت منیش خۆمیان پێ بفرۆشم....

قسە پڕ لەتانەو تەشەرەکانی قازی محەمەد بووە هۆی ئەوە دەستی لەسەر هەڵبگرن. لێرەدا ئاشکرایە کە هەوڵو تیکۆشانی فەرماندەکانی عێراق لەبەرئەوە نەبووە کە لایەنگری لەسەربەخۆیی کوردستان بکەن یان بیانەوێت خزمەتێك بەنەتەوەی کورد بکەن، چونکە لەهەمان کاتدا بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی عێراقو بەریتانییەکانەوە لەباشووری کوردستان بەشێوازێکی توند سەرکوت دەکرا.

دوای ئەوەی کە رێبەرانی تارانو نۆکەرە ئەمریکییەکانیان ئامانجەکانیان فەشەلی هێناو پلانەکانیان ئاشکرا بوو، جارێکیتر قازییەکانیان گەڕانەوە بۆ بارەگای مەهاباد.

بۆ پیشاندانی هەوڵو تێکۆشانی نوێنەری ئەمریکا سەبارەت بەقازییەکان بەڵگەنامەیەکی تر دەخرێتە روو کە تا ئەمرۆ بڵاونەبووەتەوەو تەنها لە ئەرشیفی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤییەت دایە: "فەرماندەکانی سوپای ئێران لەمەهاباد (سەرلەشکر هومایۆنیو سەرهەنگ موزەفەری، هاوسەری قازییەکان (قازی محەمەدو سدر قازیو سەیف قازی (حاجی مینا خانمو شاسوڵتان خانمو حاجی فەروخ لەقا)یان دەعوەت کردو پێشنیاریان پێکردن ئەگەر ئامادە بن هەژدە هەزار تمەن بەرتیلیان پێبدەن، بارودۆخی بەدیلگیراوەکانیان باشتر دەکەنو رزگاریان دەکەن.

دوای ماوەیەك دیسانەوە"هومایۆنی" ، قازییەکان دەعوەت دەکات پێیان دەڵێت کە هەوڵی من بۆ قازییەکان نەگەیشتۆتە ئەنجام، چونکە چارەنووسی قازییەکان لەدەستی ئەمریکییەکاندایەو من وا بەباشی دەزانم کە سەردانی باڵوێزخانەی ئەمریکا بکەن لەتەورێز. هەروەها سەرلەشکر هومایۆنی دەڵێت: "باڵوێزخانە دەتوانێت داواکاری بەلاوەنانی حوکمی لەسێدارەدان قبوڵ بکاتو تەنانەت لەزیندان رزگاریان بکات. بنەماڵەو خزمی قازییەکان ئەو پێشنیارە قبوڵ ناکەنو دەڵێن بەهیچ شێوازێك لەگەڵ ئەمریکییەکاندا پەیوەندی ناگرن.

لەزینــدانی مــەهاباد هەڵـسوکەوتیان لەگــەڵ قازییەکانــدا خــراپ بــووەو نەیانهێشتووە کەسێك چاوی پێیان بکەوێت. لەبارەیەوە وەهایـان نووسـیوە: " قــازی محەمــەدو هاوڕێیــانی لــەژوورێکی بــچوك و تاریــك و شــێداردا زینــدانی بــوون و نــەیاندەهێــشت کەســێك بیانبینێــت. هــەموویان نــەخۆش بــوون و نەیاندەهێشت پزیشك چارەسەریان بکات.

مەلا مستەفا بارزانی و کوڕەکانی ئیدریس و مەسعودو ئەحمەد تۆفیق

سەرەڕای هەموو کۆسپ و بەربەستەکانیان ، ٢ کەس لەفیـدائیيانی محەمـەد حــسێن ســەیف قــازی بــەناوەکانی "رەحــیم زاهیــدی" و "ســاڵح قــەزەڵباش" بەپارەو بەرتیل توانیان بەنهێنی بڕۆنە زیندان و چاویان پێیـان بکـەوێت، لـە وتووێژو چاوپێکەوتنێکی وەهادا قازییەکان وتیان کە دەیانبـەن بـەرەو تـاران. قازی محەمەد دەڵێت: "زۆر هەوڵیاندا سـەرنجی ئێمـە بـۆلای خۆیـان راکێـشن، بــەڵام هــەموو پێــشنیارەکانیانمان رەتکــردەوەو ئامانجــەکانیانمان تێکــدا. بەخزمەکانمان بڵێن بەهیچ شێوازێك لەگەڵ نوێنـەری ئـەمریکادا دانەنیـشن. هــەروەها قــازی محەمــەد دەڵــێ درۆیــان لەگەڵمانــدا کــردووە، بــەڵام مــەهێڵن نەتــەوەی کــورد هەڵبخەڵــەتێن، بــا درێــژە بەشۆڕشــەکەیان بــدەن و کوردســتان ئازاد بکەن بەئامانجی خۆیان تا لە ناو بردنـی رژێمـی پاشایەتی چەکەکانیان

دانەنێن. دەوڵەت زۆر هەوڵیدا تا نامەیەك بۆ هێزە چەكدارەكانی كوردستان بەتایبەت بارزانییەكان بنووسم كەدەست لەخۆڕاگری هەڵبگرن و لەگەڵ سوپای ئێراندا شەڕ نەكەن، بەڵام ئێمە نەماننوسی. بهێڵن با درێژە بەشەڕ بدەن.

زۆربەی مێژوونووسان كە لەبارەی كۆماری سەربەخۆی كوردستانەوە توێژینەوەی بنەماییان كردووە لەسەر ئەو باوەڕەن كە مێژووی كۆماری سەربەخۆی كوردستان لەرۆژی داگیركردنی مەهابادو بەدیل گرتنی قازییەكان لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە كۆتایی پێهات، بەڵام لەراستیدا وا نییە، چونكە زۆربەی هێزەكانی پێشمەرگەی كۆماری كوردستان بۆ چەند مانگ لەناوچەی شنۆو لاجان و ترگۆڕو مرگۆر خۆڕاگرییان كردو لەرێگەیەكی ترەوە زیانی زۆریان لەدەوڵەتی ئێران بینیوە.

راوەستاوەكان لەچەپەوە بۆ راست:

عەبدولڕەحیم جەوانمەرد قازی، جەعفەر ئاغای كەریمی، سەید نانەوازادە، سدیق حەیدەری، میرزا عەزیز سدقی.

دانیشتووەكان لەچەپەوە بۆ راست:

شاعیری نەتەوەیی هەژار، پێشەوا قازی محەمەد، شاعیری نەتەوەیی هێمن

حکومـــەتی ئێـــران جیـــا لەســـوپای تـــەنزیماتی خـــۆی، ڕێـــژەی زۆری لەئاغاواتەکانی چەکدار کردو ناردنی بۆ شەڕی دژی هێزەکانی پێشمەرگە، وەکو "عەزیز ماش"و "عەبدوڵڵا ئیلخانی زادە" و "عومەر خانی شەریفی" و "ڕەشـید بـەگی جـەهانگیری". لەناوچـەی شـنۆو لاجانـدا پێـشمەرگەکانی بـارزانیو ڕێژەیـەك لەپێـشمەرگەکانی مـەهابادی بەفەرمانـدەیی "محەمـەد مەولوود = حەمەد مەولوود" ، سوپاکەیانی تێکداو شکستی پێیـان هێنـا.(١٩) کەسیان لـێ کوژراو (٥) ئەفـسەرو (٦٨) سـەربازیان بـەدیل گـیر. لەناوچـەی "تەرگـەوەر" و "مەرگـەوەر"دا بـەپێی بەڵگەنامـەکانی ئەرشـیفی سـۆڤیەت، هێزەکـانی پێشمەرگە بەفەرمانـدەیی "زیـرووی بـەهادوری (کـەدوایی بـەرەی گۆڕی) نزیکەی(٧٠٠) کەسیانی نابوود کردو(٣٢٠)کەسی بەدیل گرتن، هەروەها (٥٠٠) تفەنگو دۆشکەی دەست کـەوت و تانکێکو (٢) فڕۆکـەیان تێکشکاند. لـەڕاپۆرتی نوێنـەری سـۆڤیەت لەتـەورێزدا نووسـراوە: کاتێـك کـە کوردەکـان هێرشیان دەکردە شوێنە جۆراوجۆرەکانی سوپای ئێرانو هێـزە چەکدارەکانی ئاغاواتـە خۆفرۆشـەکان، بـەهێمای تـرسو بەنیـشانەی تەسـلیم بـوون ئـاڵای کوردسـتانیان لەسـەر سـەنگەرەکانیان بـەرز دەکـردەوەو وێنـەی پێـشەوای کوردستانیان بەدەستەوە گرتبـوو.... ڕۆژێـك نییـە کـە لەناوچـەی کوردسـتان چەند لۆری بریندار و کوژراو نەهێننە تەورێز....."

مەلا مستەفا بارزانی

حکومـەتی ئێـران دەیزانـی لەبەرامبـەر خـۆڕاگری هێـزی پێـشمەرگەی کوردستاندا نـاتوانێ، ناچار داوای یارمـەتی لـەعێراقو تورکیـا کـرد. لـە(٢٠)ی مانگی مارسدا لەناوچـەی "حـاجی عـومران" لەباشووری کوردسـتان لـەنێوان سـەرهەنگ هومـایۆنیو فەرمانـدەی پۆلیـسی عێـراق ژەنـەراڵ حجـازی دانیـشتنێك ئەنجامـدەدرێتو پـەیمان دەدەن کـە سـوپای عێـراق بـەئامانجی یارمەتیدانی سوپای ئێران دژی پێشمەرگەکانی بارزانیو بەهادوری کار بکەن. هاوکات چاوپێکەوتنێك لەنێوان سەرلەشکر زەنگەنە فەرمانـدەی سوپای ئێران لـەورمێ لەگـەڵ چـەند ژەنـەراڵێکی تورکییـەدا دادەنیـشنو رادەگەیـەنرێ کـە لەسـەر سـنووری ناوچـەی سۆمابرادۆسـتو لەناوچـەی مەرگـەوەری سـوپای تورکییەدا دژی هێزی پێشمەرگە بێنە ناوەوە لەکاتی پێویستدا.

لـەمڕووەوە جـارێکی تـر یـەکێتی سیـستمی ئێـرانو تورکیـاو عێـراق دژی بزوتنـەوەی ئـازادیخوازی نەتـەوەی کـورد دادەمـەزرێتو سـوپای بـەهێزو چەکداری سێ دەوڵەت بەپشتیوانی دەوڵەتانی داگیرکەر دژی هێـزی خۆڕاگری پێشمەرگەکانی کوردستان دێنە شەڕ.

لەچەپەوە بۆ راست: ١. عەلی گەلاوێژ ٢. دکتۆر رەحیم سەیف قازی ٣. محەمەد مەولود ٤. هەژار شاعیری گەورەی کورد ٥. دکتۆر ئاسۆ، لەکاتی هاتنی هەژار بۆ باکۆ.

لەبـەرواری(٢٥)ی مارسـدا، سـوپای ئێـران لەچـەند لاوە بـەتانكو تـۆپو فڕۆکەوە هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگەکانی کوردستان، ئیلگتـۆن دەنووسێت:

"لەو هێرشەدا(١٩) فڕۆکەی بۆمب هاوێژی ئەمریکی، ناوچە سەرقامگیرەکانی پێشمەرگە کوردەکانیان بۆردومان کرد". ئەڵبەت ئامانجمان لێرەدا گێڕانەوەی مێژووی شەڕەکان نییەو تەنها ئامازە بەو شەڕانە دەکەین کە پەیوەندی لەگەڵ زیندانی بوونی قازییەکاندا هەبووە. سەرانی ئێران بۆ دروستکردنی ترس و شڵەژاوی لەنێوان هێزە چەکدارەکانی کوردو لاوازکردنی ورەی نەتەوەی کوردو هەروەها بۆ ئەوەی کە پلانە شەیتانییەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر ئاشکرا نەکرێت، قازی محەمەدو هاوڕێیانیان لەسێدارەدا.

شایانی باسە کەتوندوتیژی نوێنەرانی داگیرکەرو دەوڵەتی ئێران گەیشتبووە ئاستێك کەرایانگەیاندبوو "راقم" ئامۆزای قازی محەمەدو برا بچووکەکەی ژەنەراڵ محەمەد حسێن سەیف قازیو ئەفسەری هێزی پێشمەرگەکانی کۆماری دەسەڵاتداری کوردستان ، هاوکات لەگەڵیاندا بکوژرێن...

رەحیم سەیف قازی کاتی گەنجێتی لەجلی ئەفسەری کۆماری کوردستاندا لەباکۆ.

بەو مەبەستە لەکۆتایی رۆژانی زستانیساڵی(١٩٤٦)دا، تەلەگرافێك بەواژۆی سەرۆکی وەزیران قەواموڵسەڵتەنەو بەدەستی باڵوێزخانەی ئێران لەباکۆدا دەگاتە دەستی "راقم"و تیایدا نووسراوە: "جەنابی کاك رەحیم

سەیف قازی، تەواوی خزمەکانتان چاوەڕێی سەلامەتیو گەڕانەوەتنو زۆر پەلەیانە، من بە باڵوێزخانەی دەوڵەتی پاشایەتی ئێران لەباکۆدا رامسپاردووە بۆ گەڕانەوەتان لەرێی بەندەری پەهلەوییەوە کارەکان جێبەجێ دەکەن."

ئەو تەلەگرافە کاتێك نێردرا کەقازییەکان بەحوکمی بڕیاری کۆتایی لەسێدارەدان زینـدانی بوونو جگە لەوەش کەسێك لەبنەماڵەی قازی داوای لەسەرۆك وەزیران نەکردبوو کە بۆ گەڕانەوەی نووسەر بۆ ئێران یارمەتی بدات. سا، دیارە دوایین ئامانج لەناوبردنی نووسەر بووە. لەژمارەی (۱)ی مانگی نیسان لە رۆژنامەی "ئیتلاعات"دا وێنەی رەحیم سەیف چاپ بوو و لەژێریدا نووسرابوو: "ئەوە وێنەی رەحیم سەیف قازییە کە حوکمی لەسێدارەدانی دراوە".

هەروەها رۆژنامەی کوردی زمانی "دەنگی جیهانی نوێ" چاپی بەغداد، حوکمی لەسێدارەدانی دادگای سەربازی ئێرانی لەبارەی تاوانبارکردنی نووسەرەوە راگەیاندبوو.

رۆژی(۲۸)ی مارسی ۱۹٤۷ (۷ی خاکەلێوی ۱۳۲٦هەتاوی)، دادگایەکی تری سەربازی بەفەرماندەیی سەرلەشکر "نیکوزاد" هاتۆتە مەهابادو بەنهێنی قازییەکان دادگایی دەکات، هەروەها لەدادگادا رێژەیەك لە"ئەفسەرانی ئێرانی"و "هومایۆنی"و "پارسی تەبار" و "ئەمیر پەروێزی"و "بیگلەری" و "موزەفەری"و "سولّح جۆ" و پارێزەری بەکرێگیراو بۆ قازییەکان کە دادگا خۆی دیاریکردبوو بەشداربوون. لەراستیدا ئەو دادگاییە تەنها شێوازی رواڵەتی هەبوو، چونکە حوکمی یەکەمین دادگایی وەکو خۆی مایەوەو هیچ کام لەقازییەکان داوای بەخشش‌و لێبوردەییان نەکردو باسێکی نوێ کە لەو دادگایەدا هاتە ئارا، ئاشکراکردنی بەڵگەنامەی نوێ بوو بۆ تاوانبار نیشاندانی قازییەکان.

محەمـــــــەد رەزا پەهلـــەوی‌و ئەحمـــەد قەوامولسەڵتەنە

سـلێمان. ج. خـۆی دان بـەوەدا دەنێـت کـە لەلایـەن ناوەنـدی لەشـکرەوە ئیجازەی پێدرابوو لەو دادگاییـەدا بەشـداری بکـات، بـەڵام دیـارە نـاوبراو، یـان یەکێك لەکەسانی جێباوەڕی لەشکر، یان یـەکێك لەئەندامـە بـەرزەکانی سـوپا بووە.

دکتۆر رەحیم سەیف قازی لەمۆسکۆ

دکتــۆر رەحـیم سـەیف قــازی لەمۆسـکۆ لـەگۆڕەپانی سـووردا لـەدلێری‌و ئازایەتی‌و سـەبری قازییـەکان دەدوێـت‌و دەنووسێت: "لـەکاتی دادگاییکردنـدا لەقازییەکان ورد بوومەوەو بینیم کە سـەیف قـازی‌و سدر قـازی لـە دۆخێکـی وەها هەستیاردا رێزێکی تایبـەتیان لە قـازی محەمـەد دەگـرت. بـەبێ ئیجـازەی

قازی محەمەد دانەدەنیشتن‌و قسەیان نەدەکردو نانیان نـەدەخواردو تەنانـەت بەبێ ئیجازەی قـازی محەمـەد نوێـژیان نـەدەکرد. هەرسێ کەسـەکەیان بـە "قـازی محەمــەدو محەمــەد حــسێن سـەیف قـازی‌و ئەبولقاسـم سـدر قـازی" شـانازییان دەکـرد بەنەتـەوەو وڵاتەکـەیان. بەتایبـەت حـەزو ئارەزوویـەکی زۆریان بۆ کورد پیشان دەدا. کاتێك کە قسە لەخیانـەت کـرا، قـازی محەمـەد بەئارامی‌و هێمنی، بەڵام بەناخێکی پڕ لەرق‌و توورەییەوە وتـی: "ئێـرە مـاڵی منـە، خـاکی کوردسـتان خـاکی بـاب‌و باپیرانمـە، چـۆن دەکرێـت هـەوڵی بـۆ نەدەم......".

دادگـای نـاوبراو رۆژی(٣٠)ی مـارس، دیـسانەوە حـوکمی لەسـێدارەدانی قازییـــەکانی ســـەپاندو نیـــوە شـــەوی(٣١)مـــارس (١٠ی خاکـــەلێو) دوای جێبـەجێکردنی حوکمەکـە، ئـەو کەسـانەی لەتارانـەوە هـاتبوون مـەهابادیان بەجێهێشت.

هەروەها سلێمان. ج. دەنووسێت: "ئەنـدامانی دادگاییکردنەکە بـۆ جـاری دووەم، رۆژی (٧)ی خاکــەلێو هاتنـــە نـــاو مـــەهابادو رۆژی (٩)ی خاکــەلێوە حوکمەکەیان راگەیاندو کازیوەی رۆژی (١٠)ی خاکەلێوە دوای جێبـەجێکردنی حوکمەکە بەپەلە لەمەهاباد بەرەو مەیادنووئاو رۆیشتن، ئەندامانی دادگا بەو خێراییـــە کـــە رۆح لەجەســـتەی قازییـــەکان دەرچـــوو لەمـــەهاباد دوورکەوتنەوە....."

لـەبارەی قـسەکانی قـازی محەمـــەدو هاوڕێیـــانی لـەو دادگاییکردنـــەدا بەڵگەنامە لەقسەی ئەفـسەرانی ئێرانـی بەتایبـەت مـلازم شـەریف‌و پـەروێزی بوونی هەیە.

شـایانی باسـە "شـەریفی" کـە وەکـو پـارێزەری بـەکرێگیراو لـەدادگادا ئامادەبوو، دوای کۆتایی دادگاییەکە رۆیشتۆتە ماڵی قازییەکان‌و بـەدڵی پڕەوە بەهاوسەری قازییەکانی وتبوو: "بەداخەوە بۆ محەمەد بۆ قازی، بەداخەوە بۆ ئەو پیاوە گەورەیـە، دانـاو زانـا، دوێنـی لـەکاتی جێبـەجێکردنی دادگاییەکـەدا بەبێ هیچ نووسین‌و یاداشتێك، چوار سەعاتی تـەواو قسەی کـردو بـەزانایی‌و لۆژیکی خۆیەوە سەری ئامادەبووان لە قسەکردنەکانی سوڕما بوو ".

قـازی محەمـەد وەها بەفیداکارییـەوە قـسەی دەکـردو ئەنـدامانی دادگـاش وەها سەرنجیان راکێشرابوو کەهیچ کامەیان نەیاندەتوانی قسەکانی ببڕن.

لـەرۆژی (١٣٢٥/١١/٢٥ هـەتاوی = ١٩٤٧/٢/١٤ زاییـنـی) واتـا دوو مـانگ پـێش لەسـێدارەدانی قازییـەکان، رژێمـی پەهلـەوی هەنـدێ کەسـی بـەهۆی هاوکـاری لەگەڵ حکومـەتی کۆمـاری کوردسـتاندا مـەحکوم بەمـەرگ کـردو لەسـێدارەی دان، ئەو کەسانە ئەمانە بوون:

١. عەلی بەگی شێرزاد لەشاری بۆکان.
٢. ئەحمەدخانی فارۆقی (سالار).
٣. عەبدولاخانی مەتین.
٤. محەمەد خانی دانشوەر.
٥. حەسەن خانی فیزوڵلا بەگی.
٦. محەمەد بەگی فەیزوڵلا بەگ.
٧. ئەحمەدخانی شەجیعی.
٨. عەلی خانی فاتح.
٩. شێخ ئەمین ئەسعەدی.
١٠. شێخ سدیق ئەسعەدی.
١١. عەلی ئاغا جەوانمەردی.
١٢. رەسوڵ ئاغای جەوانمەردی.

ئەو کەسانە لەشاری سەقز لەسێدارە دران.

قازی محەمەد یاسای ئێرانی بەباشـی دەزانـیو بـارودۆخی سیاسـی ئێـرانو جیهانی زیاتر لەهەر کەسێکی تر دەناسی. لەراستیدا قازی محەمـەد دادگاکـەی دادگـایی دەکـرد، نـەك دادگـا قـازی محەمـەدی دادگایی بکـات. قـازی محەمـەد دەوڵەتـی ئێرانی تاوانبار کرد بەخیانەت لەبەرامبەر مافی نەتەوەی کورددا.

قازی محەمەد بێجگە لەوەی بەدلێریو ئازایەتییەوە پشتیوانی لەنەتـەوەی کورد دەکرد، بەڵکو پشتگیری لەگشت نەتەوەکانی ئێرانو ئـازادیخوازی ئێرانـی دەربڕی.

قـازی محەمـەد بەراشـکاوی‌و بـەبێ هـیچ ترسـێك وتـی: "ئـەم دادگایـە دەستکردو روتینییەو دادگای نەتەوەیی‌و رەسمی نییـە. چونکە میللـەت رۆڵـە فیداکارەکانی خۆی دادگایی ناکات.

ئێمـە بەباشـی دەزانـین کـە ئێـوەی ئامـادەبووان لـەدادگا بـەپێی قـسەو فەرمانی دەوڵەتانی دەرەکی دادگاییمان دەکەن‌و داواکارییـەکان بەجێـدەهێنن، ئێمـە لـەکردەوەمان پەشـیمان نـین‌و هـیچ کـات خیانـەت بەنەتـەوەو میللـەت لەئەستۆ ناگرین....."

قازی محەمەد

"شەریفی" وتبووی: "ئەو رۆڵە ئازاو دلێرانـە وەهـا پـشتگیرییان لەیـەکتر دەکـردو بـەجۆرێك وەڵامیـان دەدایـەوە کـە بـچوکترین پەشـیمانی لـەباوەڕو کردەوەو قسەیاندا دیار نەبوو.....، نە من‌و نـە هـیچ کـام لەقازییـەکان ئامـادە نەبووین ژێر کاغەزی حوکمی دادگاکە واژۆ بکەین......" لەبـەر باسکردن‌و

بەیانکردنی ئەم قسانە بوو کەدوای تەواو بوونی دادگاو جێبەجێکردنی حوکمی سەپێنراو لەلایەن دادگاوە، شەریفی پلەکانیان لێوەرگرتەوەو لەسوپا وەدەرینان.

لەلای راستەوە: رەحمان فەتاحی،
قازی محەمەدو سدر قازی

هەموو رەوتی دووهەمین دادگاییکردن بەپێچەوانەی یاسای دادگای سەربازی ئێران بوو و تەنها مەبەستو ئامانجی ئەفسەرەکانی ناو دادگا لەبەر ئەوە بوو کە بەخێرایی دادگایی کۆتایی پێبێننو حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکان جێبەجێ بکەن.

ئێستا با چاوێك بخشێنینە سەر مادەکانی یاسای دادگا سەربازییەکانی ئێران: گریمان ئەگەر حوکمی دووهەمین دادگایی لەهەمان رۆژی (١٠)ی خاکەلێوەدا بەتاوانباران راگەیەندرا بێت، بەپێی مادەی(٢١٧) یاسای دادگای سەربازی ئێران بۆ دیاریکردنی پارێزەر دەبوایە(٥) رۆژ مۆڵەتیان بدایە بەتاوانباران کە حوکمیان بەسەریاندا سەپاندبوو، یان بەپێی مادەی (٢٢٦)

دەبوایە بۆ ماوەی(٥) رۆژ مۆڵەتیان پێیان بدایە تا خۆیان و پارێزەرەکانیان بۆ خوێندنی حوکمی سەپێنراوو ئامادەکردنی بەرگری نامە کاتیان هەبووایە.

وەها دایبنێین کە رەوتی ئەو دادگاییە گرنگە سەبارەت بە سێ تاوانباری سیاسی بووە، لەسەرەتای بەرگری نامەی تاوانباران بۆ رەتکردنەوەی دادگا کە تا دەرکردنی حوکمی قازییەکان تەنها یەك رۆژی خایاندووە، بەڵام بەپێی مادەی (٢٧٣)ی یاسای دادگای سەربازی دەبوایە بۆ ماوەی (١٠) رۆژ مۆڵەتیان بەتاوانباران بدایە تا داوای رەتکردنەوەی دادگاکە بکەن. مۆڵەتە یاساییەکان تا (٢٥) رۆژ درێژەی هەیە، بەڵام دەستپێکردنی دادگاییو راگەیاندنی حوکمەکەو جێبەجێکردنی حوکمەکە بەگشتی (٣) رۆژی خایاندووە.

ئەبولقاسم سدرقازیو محەمەد حسێن سەیف قازی لەتەورێز

بۆلـە سـێدارەدانی قازییـەکان هـەموو یاسـایەکی دەوڵـەتیو دابو نـەریتی موسوڵمانی پێشێل کرابوو. شەوی(٣١)ی مارس، واتە ئەو شەوەی قازییـەکانیان لەسـێدارەدا، شـاری مـەهاباد حاڵـەتی شـاری شـەڕی لـەخۆگرتبوو و بـوو بـە ناوەندی چەكو موهیماتی شەڕ.

لەو بارەیەوە سلێمان. ح. دەڵێت: "لەسەربانەکانی ماڵ بەماڵی مەهاباد بـی کەی سی و کلاو ئاسنیەکان دیار بوون و گشت کۆڵانو چوارڕیانو شـەقامەکان بەئۆتۆمبێلی سەربازیو تانكو تۆپ گیرابوون.

لەبارەی دۆخی حاکم لەسەر ناوچـەکە لـەرۆژی لەسـێدارەدانی قازییـەکان، فەرماندەی ئەوکاتەی دایرەی (ژەندار مری) سەرهەنگ (ئەمیر پـەروێز) دوای چەند ساڵ وتبووی: "بێجگە لەپارسی تەبار کەفەرمانـدەی سـەربازی مـەهاباد بوو، کەسێك کاتی لەسـێدارەدانی قازییـەکانی نـەدەزانی. رۆژی ١٠ی خاکەلێوە بانگیان کردین بۆ کۆبوونەوەیەکی نهێنی لەناوەندی سوپادا، لەوێ فەرماندەی سـوپای ئێـران سەرلەشـکر "رەزم ئـارا"مـان بینـی، بـەنهێنی لەگـەڵ بـاڵوێزی ئەمریکا جۆرج ئالن هاتبوونە مەهابادو رەزم ئاراش واژۆی شای پیشانماندا بۆ حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکان لەدادگای سەربازی.

"رەزم ئـارا" وتـی بـەبێ ئـەوەی کەسـێك بزانێـت، دەبـێ ئـەو حوکمـە جێبـەجێ بکرێت. پێویسـتە هـەموو هێـزی سـەربازیو پـۆلیسو ژەنـدارمری مەهاباد ئامـادەبنو لەسـەربانەکانی مـەهابادو کوچـەو کۆڵانەکانـدا سـەقامگیر بن، نابێ تاکێك لەخەڵکی مەهاباد لەماڵ بێتە دەرەوەو لەو باسە ئاگادار بێت. ئەگـەر خـەڵك ئاگـادار بێـتو ئاژاوەیـان نایـەوە، بیانگرنـە بـەر گولـەو لـەهیچ مەترسن........

"ئەمیر پەروێز" وتبووی: "رەزم ئارا دەستووری داوە تـا بەشـێك لـەهێزی تایبـەتی سـوپا لەرێگـەی ورمـێ – مـەهاباددا سـەقامگیر بـن تـا نـەوەك هێـزی پێشمەرگەی کورد لەوێوە هێرش بکەنە سەرمان بۆ رزگاری قازییەکان......."

دوای سـەپاندنی حـوکمی دووهـەمین دادگـا، قازییـەکانیان لەیـەکتر جیادەکردەوەو هەرکامەیان لەزیندانی ئینفرادی بەندکران تا ئاگایان لەیـەکتر نەبێت.

سـه‌عات (١١)ی شـه‌وی ده‌یـه‌می خاكـه‌لێوه‌، ئه‌فسـه‌رێك ده‌ڕواتـه‌ ئینفرادییه‌كه‌ی قـازیو ده‌ڵێت: "فـه‌رمانیان داوه‌ ئێمـه‌ بتانبـه‌ین بـۆ تـاران، هه‌سته‌و خۆت ئاماده‌ بكه‌."

قـازی محه‌مـه‌د له‌ئوتومبێلێكـدا كـه‌پڕه‌ لـه‌ چـه‌ند كه‌سـێكی چـه‌كدارو ده‌یانبه‌نه‌ گۆڕه‌پـانی چوارچـرا. له‌وێـدا كاتێك كه‌ قـازی محه‌مـه‌د سێداره‌كان ده‌بینێـت، له‌مه‌سـه‌له‌كه‌ تێـده‌گات. ئنجـا قـازی محه‌مـه‌د ده‌بـه‌ن بـۆ هـۆڵی شاره‌وانی. دادوه‌رو به‌رپرسی ئیداره‌ی ته‌ندروستیو سه‌رهه‌نگ پارسی ته‌بار و مه‌لا سدیق سدقیو ئه‌میر په‌روێز له‌وێدان.

به‌وته‌ی ئه‌میر په‌روێز، قازی محه‌مه‌د كه‌ده‌ڕواتـه‌ نـاو هۆڵه‌كه‌وه‌ به‌پارسـی تـه‌بار ده‌ڵێـت: "ئێـوه‌ ترسـتان له‌ته‌رمـه‌كانمان هه‌یـه‌، ئه‌گـه‌ر مه‌به‌سـتتان له‌سێداره‌دانی ئێمه‌یه‌، بۆچی به‌درۆ ده‌ڵێن ده‌تانبه‌ین بۆ تاران، ئه‌وه‌ نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه‌ درۆو ده‌له‌سه‌و دووڕووبوون یاسای ئێوه‌یه‌. پارسی ته‌بار سه‌یری قازی محه‌مـه‌د ده‌كـاتو ده‌ڵێـت: "لـه‌باتی ئـه‌و قـسانه‌ باشـتر وایـه‌ دابنیـشیتو وه‌سیه‌تنامه‌كه‌ت بنوسیت."

قـازی محه‌مـه‌دیش راده‌وه‌سـتێت و به‌مـه‌لا سـدیق ده‌ڵێـت بنوسـه‌، قـازی محه‌مه‌د به‌زمانی فارسی ده‌ڵێت: "بنوسه‌، با نه‌ته‌وه‌ی كورد بزانێت كه‌ من تـا دوایین هه‌ناسه‌ی ژیانم رۆڵه‌ی فیـداكاری بوومـه‌...."، لێـره‌دا "پارسـی تـه‌بار" قسه‌كه‌ی قـازی محه‌مـه‌د ده‌بـڕێو ده‌ڵێـت: "قـازی، زیـاتر له‌چـه‌ند هـه‌نگاوت نه‌ماوه‌ بۆ داری سێداره‌كه‌، هێشتا ده‌ست لـه‌و قـسانه‌ هـه‌ڵناگریت، باشـتر وایـه‌ ئه‌گـه‌ر وه‌سـیه‌تێك بـۆ ژنو منداڵه‌كـه‌ت هه‌یـه‌ بڵـێ بـا مـه‌لا سـدیق بـۆت بنوسێت....".

قازی محه‌مـه‌د له‌وه‌ڵامـدا ده‌ڵێـت: "خێـزانو خزمـی مـن نه‌تـه‌وه‌ی كـورده‌، كه‌سێك وه‌كو تۆ كه‌ به‌كرێگیراوی بێگانه‌و ئامێری ده‌ستی ئـه‌مو ئـه‌وه‌، توانـای تێگه‌یشتنی ئه‌و مه‌سه‌لانه‌ی نییه‌. ماڵ وێران، چه‌ند خوله‌كێك زیاترت بـاقی نه‌ماوه‌، هه‌ر شتێك ده‌ڵێم ده‌بێ بینوسن. شه‌رعی ئیسلام وایـه‌، ئه‌گـه‌ر وانییـه‌ ئه‌ی بۆچی مه‌لا سدیقی بێ ئاینیتان هێناوه‌ته‌ ئێره‌......".

ئەمیر پەروێز لەبارەی ئەو قسانەوە وتبووی: " قازی محەمەد قەد رەنگی روخساری نەگۆڕابوو و هیچ جۆرە ترس و دڵەڕاوکێیەك لەرووومەتیدا دیار نەبوو، دەتوت ئەو نییە کە حوکمی لەسێدارەدانی دراوەو تا چەند خولەکێکی تر لەسێدارە دەدرێت. پیاوێکی ئازاو دلێرو نەترس بوو......".

دوای ئەو قسانە، قازی محەمەد وەسیەتنامەکەی بۆ مەلا سدیق دەڵێتو بەقسەی ئەفسەرانی ئێران، قازی محەمەد دوو وەسیەت نامەی هەبوو، یەکێك بۆ بنەماڵەیو ئەویتر بۆ خەڵك. ئەو وەسیەتنامەیەی بۆ بنەماڵەکەی نوسیبووی، دەگاتە دەستیان، بەلام لەبارەی وەسیەتنامەکەی بۆ خەڵك زانیارییەك لەبەردەستدا نییەو هێشتا کەس نازانێت لەو وەسیەتنامەیەدا چی نووسیبوو.[1]

ئەو وەسیەتنامەیەی بۆ بنەماڵەکەی نووسیبوو، لەبەردەستماندایە، چەند دێڕێك لەبارەی مەسەلە سیاسییەکانەوەیەو ئاراستەی خوێنەرانی بەڕێزی دەکەین:

"بەو هەموو تواناوە لەبەردەستمدا بوو، ئەگەر شەڕمان بکردایە، رەنگە شکستمان نەهێنایە، بەلام بۆ بەرگری لەوێران بوونی مەهابادو کوژرانی خەڵك، شەڕمان نەکرد، بەو هەموو دەرفەتو تواناوە لەبەردەستماندا بوو، دەمانتوانی لەمەهاباد دوور بکەوینەوە، من ئەو خاڵە دیسانەوە لەقسەکانمدا بۆ خەڵکی مەهاباد گێڕاومەتەوە، دەمزانی ئەگەر هەڵبێم، لێرەدا (مەهاباد) هەر وەکو تەورێز کوژرانو تالان روویدەدا، بەخەڵکم راگەیاندبوو رەنگە من دەستگیر بکەنو بمکوژن، بەلام بۆ ئەوەی ناموستان بپارێزرێتو نەکەونە بەر دەست درێژییەوە، من راناکەمو خۆم قوربانی ئێوە دەکەم. ئێستا من وەفا بە بەڵێنەکەم دەکەمو لەسەر ئەو باوەڕەم بەدرێژایی مێژوو فیداکارییەکی وەها نەبینراوە.

[1] تێبینی وەرگێڕی کوردی: بە پێچەوانەی ئەم وتانە وەسیەتنامەیەك لە سایتی رۆژهەلات بلاو بوەتەوە کە لە کۆتایی ئەم بەشەدا هاتوە

ئەڵبەت ئێوەش پێویستە بۆ کەسانی بنەماڵەم وەفادار بمێنن و تۆڵەی من بسەننەوە. شانازی دەکەم لەرێگەی نەتەوەکەمدا خۆم فیدا بکەم. بژی ئازادی و سەربەخۆیی....."

بەپێی مادەی (٢٩٦)ی یاسای دادگا سەربازییەکان، هەر کەسێك لەلایەن دادگای سەربازییەوە حوکمی مردنی رابگەیەنرێت، دەبێ گوللەباران(رەمی) بکرێت. سەعات چواری نیوە شەو قازی محەمەد دەبەنە گۆڕەپانی چوارچرا، بەڵام کۆنەپەرستان حوکمی راگەیەندراو پێشێل دەکەن و کاتێك کە قازی محەمەد چاوی دەکەوێتە داری سێدارە، بەبێ ئەوەی ورەو دلێری لەدەست بدات، دەڵێت "لەئایینی ئیسلامدا داری سێدارە مەکرووهە و بێجگە لەوەش بەپێی یاسای دادگای سەربازی مافی ئەوتان نییە لەسێدارەمان بدەن، بەڵکو دەبێ گوللەباران(رەمی)مان بکەن.

لەکاتی جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکاندا، جنایەتکارەکانی ئەو لەسێدارەدانە تووشی ترس ببوون، چونکە لەو نیوەشەوەدا ئەگەر دەنگی گوللە بهاتایە، خەڵك ئاگادار دەبوون و بۆ ئەوان دژوار دەبوو کە رێبەرانی خۆشەویستی کورد بکوژن.

قـازی محەمــەد لـەپای داری سـێدارەدا، کورتــە قـسەیەك دەکـات و داوا لەنەتـەوەی کـورد دەکـات بـۆ ئـازادی درێـژە بەخـەبات بـدەن. قـازی محەمـەد دەڵێت: "بـڕوا بەدەوڵـەتی خۆفرۆشـی پەهلـەوی مەکـەن، قـسەو بەڵێنـەکانیان هەمووی درۆیـە، درۆیـان لەگەڵمانـدا کـرد. دەسـت لەشـۆڕش هەڵمەگرن، بـژی ئازادی. قازی محەمەد حەوت هەنگاو بۆ لای سێدارەکە هەڵدەگرێتو دوژمنان واقیـان وڕدەمێنێـتو هۆکارەکـەی لەپێـشەوا قـازی محەمـەد دەپرسـن. قـازی محەمەد دەڵێت: "ئەو مەرگە پیرۆزەو نسیبی هەموو کەسێك نابێت، شـەهید

بـوون لەرێگـەی سـەربەخۆیی‌و ئـازادی میللـەت شـانازییەکی گەورەیـە دەبـێ پێشوازی لێبکرێت‌و لەئیسلامدا بـاوە بەهـەلگرتنی حـەوت هـەنگاو پێشوازی لێبکرێت، بۆیە بەباوەڕەوە ئەو کارە ئەنجام دەدەم.

" ئەمیر پەرویز وتبووی: "کاتێك کـە قـازی محەمـەد لەسـەر چـوار پایـەی سێدارەکە دادەنێن، دەزماڵێـك دێنن تـا چاوی ببەسـتن، بـەڵام قـازی محەمـەد ئیجـازەی نـەداو وتـی: "ئـەی خاینـەکان، مـن لەبەرامبـەر نەتـەوەو نیـشتمانەکەمدا شـەرمەزار نـیم تـا چـاوم ببەسـتم..... دەمـەوێ لـەدواییین چـرکەکانی ژیانمـدا بـەباوەڕو سـەربەرزییەوە سـەیری ئاسـۆی نیـشتمانی خۆشەویست‌و جوان‌و دلڕفێنم بکەم کە بە چ شـێوازێك تـاریکی لـەناو دەبـات. مـن رۆڵەی وەفاداری میللـەت بـووم‌و ئێـستاش هـەم. مـەرگ بـۆ داگیرکـەران، مەرگ بۆ پەهلەوی، بژی ئێرانی ئازاد، بژی نەتەوەی کوردو سلاو بـۆ کـوردو کوردستان....."

مێژوونووسی کوردی باشووری کوردستان "عـەلادین سـەجادی" لـەبارەی قسەکانی قازی محەمـەدەوە وەها دەنوسێت: " قـازی محەمـەد وتبـووی، ئێـوە ئێستا یەك قازی محەمەد دەکوژن، بـەڵام لـەداهاتوودا هـەزاران قـازی محەمـەد لەئێران سەرهەڵدەدەن‌و کـاروانی شـۆڕش دەگـەیەننـە سـەرکەوتن.....و لەسـەر ئەو باوەڕم ئەو قازی محەمەدانە لەبەرامبەر داگیرکەراندا زۆر دلڕەقن......"

محەمـەد حـسێن خـان یـان محەمـەد حـسێن خـانی سـەیف قـازی، وەزیـری جـەنگی کۆمـاری کوردسـتانو قائیمقـامی مـەهاباد، هـەروەها لەوێنەکـەدا دەبینرێـت، تەنافەکـە ملـی دابڕیـوەو تـەنافی سێدارەکە دوای پـچڕان بووەتـە گرێ.

دوای قازی محەمەد، محەمەد حسێن سەیف قازی لەزیندان بەئوتومبێلێکی سەربازی بـەبیانووی نـاردن بـۆ تـاران دەیبـەن بـۆ هـۆڵی شـارەوانیو لەوێـدا وەسـیەتنامەکەی دەنووسـن. لەسـەرەتای وەسـیەتنامەکەیدا سـەیف قـازی بـۆ هاوسەرەکەی نووسیبووی: "ئەمشەو، شەوی دووشـەممە (١٣٢٦/١/١٠ هەتاوی =

(١٩٤٧/٣/٣٠ زایینی) لەرێی دوورەوە ماڵئاواییتان لێدەکەمو دەمەوێ بزانن من خۆفرۆش نەبووم، هیچ تاوانێکم نییە، تەنها لەرێگای خزمەت بۆ نەتەوەو نیشتمانم دەکوژرێم. چونکە خیانەتم بەنەتەوەو نیشتمانم نەکردووەو لەبەرامبەر ویژدانو شەرەفمدا شەرمەزار نیم.... بکوژانو جنایەتکاران، پێشەوا " قازی محەمەد"یان شەهید کرد، ئەو خیانەتە لەلایەن میللەتی کوردەوە بێ وەڵام نامێنێتەوە. ئێمە ئەمرۆ خۆمان فیدای نەتەوە گەورەکەمان دەکەین، من دڵنیام لە هەر دڵۆپە خوێنی ئێمە سەدان قازی سەرهەڵدەداتو شۆرش دژی داگیرکەر درێژەی هەیە.

هاواری من هەموو بێ ئاگایان وریا دەکاتەوەو دەگاتە گوێی تەواوی ئێران، مافمان دەخۆنو خوێنمان دەرێژن.

بەڵام تا هەتا هەتایی وەها نامێنێت. مەرگ بۆ پەهلەویی خۆفرۆش. مەرگ بۆ داگیرکەران. بژی پێشەوا قازی محەمەد، بژی کوردو کوردستانو......

سلێمان. ح. لەبارەی لەسێدارەدانی سەیف قازییەوە دەنووسێت: "محەمەد حسێن خانی سەیف قازی مەراسیمی نووسینی وەسیەتنامەکەی پێش لەسێدارەدانی بەئازایەتیو دلێریو ئازادییەوە جێبەجێکرد. وەسیەتنامەکەی بەخەتە جوانەکەیو بەباوەڕ بەخۆبوونێکی تەواو نووسی. لەسەعات چوارو نیوی نیوە شەودا کاتێك لە گۆڕەپانی چوارچرا چاوی بەتەرمەکەی قازی محەمەد کەوت، هاواری کردو وتی: "بژی قازی محەمەد، بژی ئازادی" ئنجا خێرا بردیان بۆلای داری سێدارەکە.

سەرهەنگ ئەمیر پەروێز لەبارەی لەسێدارەدانی سەیف قازییەوە دەڵێت: "کاتێك کە سەرەی سەیف قازی گەیشت بەدەنگێکی بەرز وتی: "بژی پێشەوا قازی محەمەد، بژی میللەتی ئێران، بژی ئازادی" کاتێك لەسێدارەیاندا، ئەڵقەی تەنافەکە پچڕاو کەوتە سەر زەویی، سەیف قازی وەکو قارەمانی چیرۆکە دێرینەکان هەستاو وتی: "ئەی ئەفسەرە خاینەکان، ئێوەو پاشاکانتانو رێو رەسمەکانتانو ئاغاواتەکانتان وەکو ئەو تەنافە داڕزاون..."،

ئەو حەقەیان نەبوو ئیتر تاوانبارەکە دیسانەوە لەسێدارە بدەن، بەڵام ئەو یاسایەشیان پێشێل کرد.

سەعاتی پێنج سدر قازییەیان بردە گۆڕەپانی چوارچراو لەسێدارەیاندا، پێش لەسێدارەدان بەپێی قسەکانی "پارسی تەبار" ئاوی خواردنیان هێنا. بەپێی قسەکانی ئەمیر پەرویز، سدر قازی وتبووی: "بەدەستی سەگێکی شووم وەکو تۆ ئاو ناخۆمەوە......"

سدر قازی "ئەبولقاسم سدر قازی" لەسەر سێدارە

هەروەها وتبووی: "سەیف قازیو سدر قازی ئیجازەیان نەدرا بوو چاویان ببەستنو بەردەوام جنێویان بەئەفسەرەکانو بە شا دەدا......"

شایانی باسە ئەمیر پەرویز وتبووی کاتێك قازییەکانیان لەسێدارە دەدا، سەرلەشکر رەزم ئارا و جۆرج ئالن لەقەراخی رووباری بەرامبەر گۆڕەپانی چوارچرا وەستابوونو سەیری لەسێدارەدانی قازییەکانیان دەکرد. بەرە بەیانی زوو پێش هەڵاتنی خۆر بەبێ ئەوەی کەسێك بیانبینێت لەرێگەی "ورمێ"وە گەڕانەوە بۆ "تاران".

بەم شێوازە رێزدارو خۆشەویستی میللەتی کورد بەسەر بەرزیو شانازیو باوەڕو ئیرادەیەکی پتەو گیانیان لەرێگەی نەتەوەی کوردو کوردستانو دیمۆکراسیدا فیداکرد بەبێ هیچ ترسو پەشیمان بوونەوەیەك.

گۆڤاری "نوایا ورمیا" چاپی سۆڤیەت بەبۆنەی لەسێدارەدانی قازییەکان دەڵێت: "سیخوڕەکانی ئەمریکاو بەریتانیا زۆر هەوڵیانداو پلانیان دانا، بەڵام کاتێك زانیان ناتوانن سەرنجی قازییەکان بۆ لای خۆیان رابکێشنو ناچاریان بکەن خیانەت لەنەتەوەی کورد بکەن، لەسێدارەیاندان.

شایانی باسە یەك هەفتە دوای لەسێدارەدانی قازییەکان لەمەهاباد لە (١٧)ی خاکەلێوەی ١٩٤٧/٤/٧ چوار ئەفسەری نەتەوەیی و ئازادیخوازی کۆماری کوردستانیان لەسێدارەدا: شەهیدان محەمەد نازمی، رەسوڵ نەقەدەییان، عەبدوڵڵا رەوشەنفکرو حەمید مازۆچی (بەڵگەنامەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەکۆتایی کتێبەکەوە هێنراوە.

رۆژنامەی رەسمی دەوڵەتی سۆڤیەت "ئیزۆستیا = ئەستێرەی سوور" لەبارەیەوە نووسیبووی: "رێبەرانی رێزدارو کاریگەری میللەتی کورد، (قازی محەمەدو سەیف قازیو سدر قازی)یان لەبەر ئەوە کوشت کە ئامادە نەبوون پلانی ئەمریکاو بەریتانیا لەبارەی کوردستانەوە جێبەجێ بکەن. داگیرکەران لەبەرئەوە پلانەکانیان ئاشکرا نەبێت، بۆ کوشتنی قازییەکان زۆر بەپەلە بوون......"

لەبەیاننامەی کۆنفرانسی دووهەمی حزبی کۆمۆنیستی عێراق لەساڵی ١٩٥٦ بەو بۆنەیەوە پێکهاتبوو نووسیبووی: "دیارە کە ئەمریکا و بەریتانیا

کوردستانیان پارچە پارچە کردووە، هەر بەو هۆیەوە دوای شەڕی جیهانی یەکەم نەیهێشت دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت‌و کۆماری سەربەخۆی کوردستانی بندەستی ئێران‌و ڕێبەرانی لەناوبرد......"

قازی محەمەد لەکاتی گەنجییدا — قازی محەمەد

سدر قازی — سەیف قازی

لەو بارەیەوە"سلێمان. ح" و هەروەها "نەجەف قولی پسیان" بەهاودەنگی نووسیبوویان، "لەناکامی هێرشی سیاسەتی دەرەکی، بەماڵەیەکی زۆر ڕێزدارو گرنگ‌و بەناوبانگ لەکوردستان لەناوچوون....". تەنانەت محەمەد

ڕەزاشا دوو ساڵ دوای کوشتنی قازییەکان بەهاوسەرەکەی قازی محەمەدی وتبوو: "منیان ناچار کرد کە حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکان واژۆ بکەم......"

خانەقای شەمزینان – سدیق حەیدەری، قازی محەمەد، سەیف قازی، لەکاتی ژەنینی مارشی کۆماری کوردستاندا.

لەسەفەری "شا" بۆ مەهاباد لەبەرامبەر بینای خەستەخانەی "شێروخورشید"ی مەهاباددا خانمێکی ڕەش پۆش پێشانی شا دەدەن و دەڵێن ئەوە هاوسەرەکەی قازی محەمەدە. "شا" لەئوتومبێلەکەی دادەبەزێت و قسەی لەگەڵدا دەکات. هاوسەرەکەی قازی دەڵێت: هەموو ڕۆژێك هەندێ سەربازو دەرەجەدار بەبێڵ و قوڵنگەوە دێنە ناو حەوشە و ماڵەکەمان دەپشکنن. "شا" دەستوور دەدات جارێکیتر ئەو کارە دووپات نەبێتەوە، هەروەها دەڵێت من حوکمی لەسێدارەدانی قازییەکانم واژۆ نەکردووە، سیاسەتی جیهانی وایکرد.

لەسێدارەدانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد – ئەو ڕێبەرانەی لەناو خەڵکدا گەشەیان کردبوو و گیانی پاکیان لەرێگەی ئازادی و بەختەوەری میللەتدا بەخشی بوو – دڵی تەواوی خەڵکی نیشتمان پەروەرو زەحمەتکێشی

نیشاندابوو، هەر لەو کاتەوە ئەو رووداوە دەریای شۆڕشی میللەتی کوردو ئێرانی خستە شەپۆلێکی بێ ئارامەوە.

نەتەوەی کورد نەترساو ئەوەش بووە هۆی دەرکەوتنی هەستی ئازادیخوازی‌و نیشتمان پەروەری لەکوردستان‌و ئێراندا. رۆژنامەی "بسوی ایندە = بەرەو داهاتوو" وەها دەنووسێت: "قازییەکان لەرێگەی ئازادی نەتەوەی کوردو بەهۆی باوەڕو حەزێکی زۆر بۆ ئازادی مرۆڤەکان، بەقارەمانی‌و پاکی‌و فیداکاری شەڕیان کردو گیانیان لەو رێیەدا بەخشی. نەتەوەی کوردو هەروەها بزوتنەوەی ئازادی نەتەوەکانی ئێران هەمیشە بەسەر بەرزی‌و رێزێکی تایبەت لەقازییەکان یاد دەکات‌و شانازی دەکات بەناوی نەمریانەوە.........."

رۆژی کۆماری کوردستان – سدیق حەیدەری، شەهید نانەوازادە، میرزا خەلیل موەفەقی، عەبدولرەحیم جەوانمەرد قازی، سەعید خانی هومایۆن‌و هاوڕێکانی تر.

"ماریا ماچۆکی" لەساڵی ۱۹۵۳ لەکتێبەکەیدا بەناوی "ایران در مبارزە = ئێران لەخەباتدا" نووسیبووی: "کوشتنی زاڵمانەی پێشەوای بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد – قازی محەمەدو براکانی، دلێری‌و ئازایەتییەکی لەکاتی لەسێدارەداندا لەخۆ پیشاندەدا کە هیچ کات لەیاد ناچێت. ناوی ئەو

برادەرانـە، هـەموو نەتـەوەی کورد هانـدەدات بـۆ خـەبات لەرێگـەی بەدەست هێنانی ئازادیو دیموکراسیدا ....."

گۆڤـاری فەرەنـسی "مۆئـاین ئاوریـان" نووسـیبووی: "وەبیرهێنانـەوەی یـادەوەری رێبـەری بـەناوبانگو پێـشکەوتوو و رۆشـنبیری نەتـەوەی کـوردو وتەبێـژی بزوتنـەوەی دیمـۆکراتی کوردسـتان، قـازی محەمـمـەدو هاوڕێـیانی کـە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لەسێدارە درابوون، نـەك هـەر بـۆ کـورد بـەڵکو بـۆ نەتەوەو کەمینەکانی تری ئێران کرا بە دروشمو سومبولی شۆڕش."

دیپلۆماتو سیخوڕی ئەمریکی، "ئارچی پالد رۆزفێلت" کە لـەکاتی خۆیـدا لێـزانو پـسپۆڕی سـەربازی باڵوێزخانـەی ئـەمریکی بـوو لـەتاران لـەکتێبی بیرەوەرییەکانیـدا لەبابـەتێك بـەناوی "کۆمـاری کـوردی مـەهاباد" سـەبارەت بەقازییـەکان وەهـا دەنووسـێت: "مـن لەگـەڵ رۆژنامـەوانی ئـەمریکیو فەرەنـسیدا رۆیـشتمە مـەهاباد کـە لەنزیکـەوە کۆمـاری سـەربەخۆی مـەهاباد

ببینمو لەگەڵ سەرۆك کۆمارەکەیدا - قازی محەممەد - وتوویژ بکەم.

قازی محەمەد لەگەڵ ئارچی بالد رۆزفێلت

""""بۆمـــان روونبـــووەوە كـــە ڕێ‌و ڕەسمـــی كۆمـــاری كـــورد بەتـــەواوی سەقامگیرە..... بەبینینی قازی محەمـەد هەستمان كـرد ڕێـزو كاریگەرییـەكی تایبەتی لەناو خەڵكدا هەیە..... قازی وەكو ئەنترناسیۆنالیستێكی پێشكەوتوو، ڕێزێكی تایبـەتی لەنەتـەوەكانی تـر دەگـرت...... قـازی كەسایەتییەكی دلێـرو ئازاو ڕامیارو بێ هاوتا بوو، خاوەن لۆژیـك‌و تەبێـژێكی كارامـە بـوو و بـەزۆر هەوڵیـدا تـاری‌و ڕەسمـی كوردستان لەسـەر بنـەماو بنـەڕەتی قـورس‌و پتـەوی دیموكراسـی بنیـات بنێـت....." ئەنـدامی نـاوخۆیی دادگای ئـەمریكا "ویلیـام داگلاس" لەیادەوەرییەكانیدا بۆ ئێـران بەتایبـەت بـۆ كوردستان نوسـیویەتی، كە لەیەكێك لەكۆڵانەكانی شاری مەهاباد گەنجێكی لادێیی دەبینێت كە لەگەڵ خێزانەكەیـدا بەچـاروا (چـوارپێ‌و وڵاخ) دەڕۆن، "داگـلاس" لەگـەڵ كـوڕە گەنجەكـە قـسە دەكـات‌و پاشـان تێـدەگات ئـەو خێزانـە كـوردە لـەلادێوە ئـەو هـەموو ڕێیـەیان بڕیـوە تـا بێنـە سـەر قـەبری قـازی محەمـەد نوێـژ بكـەن. "داگلاس" بیرووڕای لەبارەی ئەو كوڕە گەنجەوە وەها دەردەبڕێـت: "لـەدەنگ‌و ڕوخساریدا ئازایەتی دیار بوو، هەروەها خەنجەری بەرشاڵەكەی پیشانی دەدا ئامادەیە هەر كۆسپ‌و بەربەستێك لەسەر ڕێ لابدات....."

دەڵێن لەگۆڤاری "شەفەق"دا نووسراوە دوایین پرسیارێك لەقازی محەمـەد كراوە وتوویانە ئاواتت چییە؟ لەوەڵامدا وتبووی: "ئێرانی دیموكراتیك"*.

* بەڵام ژمارەی ئەو گۆڤارە لێرەدا نەنوسراوەو قازی محەمەد زیاتر بۆ سەربەخۆیی كوردستان هەوڵی داوە تا وەكو بۆ ئێران.

محەممەد حسێن سەیف قازی

ئەبولحەسەن سەیفولقوزات قازی

نمای از محکمهٔ قاضی محمد

وێنەی ئەفسەرانی کورد لە باکۆ

عەلی بەگی شێروانە لەشاری بۆکان لەسێدارەدرەوە

شەهید حەمید مەلاحی

وتەیەك بەهۆی دڵتەنگییەوە

لەمنداڵییەوە بەدوای کەسایەتی ونبوومدا دەگەڕام، لەمنداڵییەوە بەدوای ئەوەدا بووم بۆ پرسیارەکانم وەڵامی باش‌و وشیار بدۆزمەوە، هەمیشە دەیانوت مرۆڤە خراپەکان شیاوی مەرگن، هەمیشە دەیانوت دوژمنەکان لەسێدارە دەدەن‌و ئەوکات منیش منداڵ بوووم‌و نەمدەتوانی دۆست‌و دوژمن

لەیەك جیابکەمەوە. هەندێك لەخزمو کەسەکانمو باوە گەورەشمیان لەسێدارە دابوو و نەمدەزانی لەسەرچی. هەموو جارێك کە ماڵ بێدەنگ دەبوو و باوکم ناچار دەبوو وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە، بێدەنگییەکی قورس گەرووی دەگرتو چاوەکانی پڕ دەبوو لەفرمێسكو هیوای بیستنی وەڵامی پرسیارەکانی لەمێشکمدا دەکوشتو ناچار بێدەنگ دەبووم تا ئەوەی سەردەمی منداڵیم تەواو بوو و خەونو خەیاڵی شیرین کۆتایی پێهات.

ئنجا من مامەوەو باوکمو پرسیاری زۆر کە ئیتر باوکم نەیدەتوانی بە بۆنەی فرمێسکەکانییەوە وەڵامم نەداتەوە، ئەو شەوەی کە باوکم قسەی کرد بەجوانی بەبیرم دێت. ئەو شەوە لەچاوانی هەردووکمان فرمێسك پڕ ببوو، ئەو شەوە باوکم سندووقی بچووکی دێرینی کردەوەو قسەو یادەوەرییەکانی لەگەڵ چەند لاپەڕەیەکدا نیشانیدام، ئەو شەوە تێگەیشتم کە هاوڕێش دەتوانێت لەسێدارە بدرێت. زانیم خۆ فیداکردن بە چ واتایە، تیشگەیشتم عاشق بوون چییە، ئەو شەوە برینێکی کۆن لەناخمدا کولایەوەو زامێکی تر سەری هەڵدا. ئەرێ بەراست بۆچی وایانکردبوو کە باوە گەورەم لەباوەڕمدا دوژمن بووە؟ بۆچی؟ تازە وردە وردە راستیکان ئاشکرا دەبوو. زۆرجار باوکمو مامۆمم ناچار کرد یادەوەرییەکانی ئەو دەورانەم بۆ بێگێڕنەوە، کاغەزو بەڵگەنامەکانم ئەوەندە خوێندەوە تا هەموویم لەبەرکرد، نازانم چ ئیلهامێکم بۆ هات وام بەباش زانی کە دەتوانم بۆ سەدساڵەی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەمەد کارێك بکەم، ئەو بیرۆکەیە لەکوێوە هاتە مێشکم، رەنگە لەوکاتەوە بیستم ماڵی "رەییس عەلی دەواری"* بووەتە مۆزەخانەو جلەکانیو زینی ئەسپەکەیان داناوە خەڵك ببینێت، بەهەمان پاکیو چالاکی ئەو کاتەی منداڵیمەوە دەستم کرد بەوەرگێڕانی نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەمەدو هاوڕێیانی، بەو هیوایەی چێژی زانینی حەقیقەتەکان لەگەڵ خەڵکدا دابەش بکەم، بەو ئاواتە بەخەڵك بڵێم چی روویداوەو چۆن تێپەڕیوە، دوای چاپو بڵاوکردنەوەی کتێبەکە زۆر کەس دەست خۆیشیان

---

* رەییس عەلی دەلواری یەکێکە لەو قارەمانانەی کە کاتی خۆی بەرامبەر بەریتانیا شەڕی کردووەو ئێستا ماڵەکەیان لەشاری "بوشهر" بەهۆی یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی کردوویانەتە مۆزەخانە.

لـێم کـرد، بـەڵام بەداخـەوە چـەند کەسـێك کەرێـژەیان بەپەنجـەی دەسـت نەدەگەیـشت، بـەو بیـانووەی کـە مـن ویـستوومە قـەرەبوو و تۆڵـە بکەمـەوە، هەڕەشەیان لێ کردم، تانەوتەشەریان لێمداو بەهـەزاران نـاو و ناتۆرەیـان لـێم داوە چەند رۆژو چەند سەعات لەدادگاکاندا منیان لەناو بکوژو دزو جەردەدا هێنـاو بـرد، دوای رزگـاریم هاتمـەوەو چـەند جـار وەرگێڕانـی کتێبەکـەم خوێنـدەوە، مـن کـە هـیچ تـاوانێکم نـەکردبوو، ئـەی بۆچی دەبـێ ئـەو بـێ ئینسافییەم لەگەڵدا بکەن. لەکۆتایی چاپی دووەمـدا سـەرەڕای حـەزو ویـستی خۆم بەشێك لەو بەڵگەنامانە چاپ دەکەم کە بەنەبوونیان تاوانبارم.

لەعاشقیدا هەڵهاتن نییە لەژین و گڕ
وەستاوم وەکو مۆم مەمترسێنە لەئاگر

محەمەد رەزا سەیف قازی
پووشپەڕی ٢٠٠١ — مەهاباد

۱۹-ی حوزەیران یادی شەهیدانی ڕێگەی
سەربەخۆیی کوردستانە

عزت عبدالعزیز   مصطفی خوشناو   خیرالله عبدالکریم   محمد قدسی

Şehîd Qazi Muhammed   General Mustefa Barzani

وەسیەتنامەی پێشەوای نەمر قازی محەممەد لەدوا ساتەکانی ژیانیدا

بسم الله الرحمن الرحیم

رۆڵە و برا عەزیزەکانم! برا بەش خوراوەکانم، میللەتە زوڵم لێکراوەکەم! وام لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا، چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم، وەرن بەخاتری خوا چیتر دوژمنایەتیی یەکتری مەکەن؛ یەك بگرن و پشتتان وە یەکتری بدەن، لەبەرابەر دوژمنی زۆردار و زاڵم بوەستن، خۆتان بەخۆرایی بە دوژمن مەفرۆشن، دوژمن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ، تا کاری خۆتانی پێجێبەجێ دەکا و قەت بەزەیی پێتاندا نایە؛ لە هەر هەلێکدا بێ، قەت لێتان نابووریٚ.

دوژمنانی گەلی کورد زۆرن، زاڵمن، زۆردارن؛ بێبەزەیین؛ رەمزی سەرکەوتنی هەر گەل و نەتەوەیەك، یەکگرتن و یەك بوونە؛ پشتگیریی تەواوی میللەتە. هەر میللەتێك یەکیەتیی و تەبایی نەبێ، هەردەم ژێر دەستی دوژمنانی دەبێ، ئێوە گەلی کورد! هیچتان لە گەلانی سەرئەم گۆی زەویە کەمتر نیە، بەڵکوو لە پیاوەتی وغیرەت و لێهاتوویی؛ لە زۆرلەو گەلانەی رزگار بوون لە پێشترن.

ئەو میللەتانەی کە لە چنگی دوژمنە زۆردارەکانیان رزگاریان بوو، وەك ئێوەن؛ بەڵام ئەوانەی خۆیان رزگار کردوە، یەکیەتییان لە نێواندا هەبووە؛ با ئێوەش وەکوو هەموو گەلانی رووی زەوی، چیتر ژێر دەست نەبن؛ هەربە یەکگرتن و حەسوودی بەیەك نەبردن وخۆنەفرۆشتن بە دوژمنان لە دژی نەتەوەکەمان دەتوانن رزگاربن.

براکانم! چیتر فریوی دوژمن مەخۆن؛ دوژمنی کورد لە هەر رەنگ و دەستە و قەومێك بێت، هەر دوژمنە، بێروحمە، بێویژدانە؛ روحمتان پێناکا، بە یەکترتان بەکوشت دەدا؛ تەماحو وەبەردەنێ؛ بە درۆ و فرپوفێل بەگژ یەکترو دادەکا؛ لەناو هەمموو دوژمنەکانی گەلی کورد، دوژمنی عەجەم لە هەموویان زاڵمتر و مەلعوونتر و خوانەناستر و بێبەزەیی ترە ؛ لە هیچ تاوانێك بەرانبەربە گەلی کورد دەست ناگێرپێتەوە، هەر بەدرێژایی مێژوو لە گەل گەلی کورد، غەرەز و کینەی ریشەداری هەبووە و هەیەتی.

تەماشاکەن، بروانن تەواوی گەورە پیاوانی گەلەکەتان، لە سمایل ئاغای شکاکەوە بگرە؛ تاجەوهەر ئاغای برای و هەمزە ئاغای مەنگور و چەند و چەندین مرۆڤی دیکە، هەر هەموویان بە فریودان، ئارامیان کردنەوە و خەڵکیان لە پشت کردنەوە و ئینجا زۆرنامەردانە، کوشتیانن؛ هەموو ئەوانەیان بەسوێند و قورئان فریودان کە گویا عەجەم نییەتی خێری لە گەلیاندا هەیە و چاکەیان لە گەلدا دەکات، بەلام هەر کوردە خۆش باوەرە و بەسوێند و سۆزی عەجەم فریوی خواردوە و باوەری پێهێناون؛ کەچی تا ئێستاش بەدرێژایی مێژوو، کەس نەیدیوە تاکوو جارێکیش عەجەم بەسوێند و وادە و ئەو پەیمانانەی کە بەسەرانی کوردی داوە، وەفای پێ بکاو وادەکانی لە گەڵ کورد بەجێ بگەیەنێ و هەر هەمووی درۆ و فرپوفێڵ بووە.جا وامن وەکوو برایەکی چووکەی ئێوە لە رێگای خوادا، بۆ خاتری خودا پێتان دەلێم: یەکتربگرن و قەت پشتی یەکتربەرمەدەن. دڵنیا بن ئەگەر عەجەم هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێکردوە.

بەسوێند و بەڵێنی درۆی عەجەم فریو مەخۆن؛ کە ئەگەر هەزارجار دەست لە قورئانی پیرۆزیش بدا و بەڵێنتان پێ بدا، دڵنیابن مەبەستی فریودانی ئێوەیە، تا وەکوو فێڵێکتان لێ بکا.

وامن لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بەخاتری خودای گەورە ئامۆژگاریتان دەکەم، پێتان دەلێم و خوا بۆ خۆی دەزانێ کە من ئەوەی لە دەستم هات، بەسەرو بە گیان و تێکۆشان، بە ئامۆژگاری و رێنوێنی ورێگەی راستنیشاندانی ئێوە، درێغیم نەکردوە.

ئێستاش لەو ساتەدا و لەو بارودۆخەدا، دیسان پێتان رادەگەیەنم کە چیتر فریوی عەجەم نەخۆن و باوەڕ بەسوێندو دەست لە قورئان دان و بەڵێن وسۆزەکانیان مەکەن.

چونکە عەجەم نە خوادەناسن و نەباوەڕیان بە خوا و پێغەمبەر هەیە و نە باوەڕیان بەرۆژی قیامەت وحساب و کیتاب هەیە.

لە لای ئەوان ئێوە هەرلەبەر ئەوەی کە کوردن، باموسڵمانیش بن، تاوانبارومەحکوومن، بۆ وان دوژمنن؛ سەرو ماڵ و گیانتان بۆ ئەوان حەلاڵە و بە غەزای دەزانن، بەڵێنم وانەبوو من بڕۆم و ئێوە بەدەست ئەو دۆژمنە دڵڕەشانەوە بەجێ بهێڵم، زۆرجاریش بیرم لە رابردوو و گەورە پیاوانمان کردۆتەوە، کە عەجەم بە فریوو سوێند و درۆ وحیلە گرتوویانن و کوشتوویانن، چونکە لە مەیدانی نەبەردیدا پێیان نەوەستان و نەیان توانیوە لە بەرانبەریان دا رابوەستن، ناچاربە درۆ و فروفێڵ هەڵیان خەڵەتاندوون، کوشتوویانن.

من ئەوانم هەر هەموویان لە بیر بوو؛ قەتیش باوەڕم بە عەجەمان نەکردوە؛ بەڵام عەجەم لە پێشگەڕانەوەیان بۆ ئێرە چەندین جار وڵام و راسپاردەیان بە نامە و بەناردنی کەسی ناوداری کورد و فارس بەدانی بەڵێن و پەیمانی یەکجار زۆر و بۆرەوە کە دەوڵەتی عەجەم و شا خۆی نیەتی خێریان هەیە و ئامادە نین تەنانەت دڵۆپێك خوێن لە کوردستان بڕژێ.

ئێستا ئێوە ئەنجامی بەڵێنەکانیان بە چاوی خۆتان دەبینن؛ ئەگەر سەرانی هۆز و عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردبا و خۆیان بەحکوومەتی عەجەم نەفرۆشتبا، ئێمەو ئێوە و کۆمارەکەمان وای بەسەردا نەدەهات.

ئامۆژگاری و وەسیەتم ئەوەیە: با منداڵەکانتان بخوێنن، چونکە ئێمەی میللەتی کورد هیچمان لە میللەتانی دیکە کەمتر نیە، ئیللا خوێندن نەبێ؛ بخوێنن بۆ ئەوەی لە کاروانی گەلان دوانەکەون، هەر خوێندن چەکی کوشندەی دوژمنە.

دڵنیابن و بزانن ئەگەر تەبایی و یەکگرتن و خوێندەواریتان باش بێ؛ زۆر باشیش بەسەر دوژمنانتاندا سەردەکەون، ئێوە نابێ بە کوشتنی من و برا و ئامۆزاکانم چاوتان بترسێ، هێشتا دەبێ زۆر کەسی دیکەی وەکوو ئێمە لەو ڕێگای ەدا [گیانی خۆیان] بەخت بکەن؛ تا دەگەنە ئاوات و مەبەستتان.

دڵنیام لەدوای ئێمەش زۆر کەسی دیکە هەربە فێڵ و دووڕوویی لەبەین دەبرێن.

دڵنیام زۆرلەوانەی لەدوای ئێمەش دەکەونە داوی فروفێڵی عەجەمان لە ئێمەش زاناتر و لێهاتووتر دەبن، بەڵام هیوادارم کوشتنی ئێمە ببێتە پەند و عیبرەت بۆ دڵسۆزانی گەلی کورد.

وەسیەتێکی دیکەم بۆ ئێوە ئەوەیە کە لە خوای گەورە داوا بکەن، هەرچیەکتان بۆ سەرفرازیی ئەو گەلە کرد، کۆمەکتان لە ئەو بۆ بێ؛ دڵنیام خوای گەورە سەرتان دەخا و کۆمەکتان دەکا.

رەنگە بلێن ئەی بۆ من سەرنەکەوتم، لەوەلام دا دەلێم: بەو خوایە من سەرکەوتووم؛ چ نیعمەتێك و چ سەرکەوتنێك لەوە گەورەترە کە ئێستا من لەرێگەی گەل و میللەت وڵاتەکەم دا، سەر و ماڵ و گیانم لە پێناوی ئەودا دادەنێم، باوەڕ بکەن من خۆم لە دڵمەوە ئارەزووم بوو، ئەگەر مردم بە مەرگێك بمرم کە لەحزووری خوا و رەسووڵی خوا و گەل و میللەتەکەمدا، رووسوور بم؛ بۆ من ئەو مەرگە سەرکەوتنە.

خۆشەویستەکانم! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە؛ هەر وەکوو لە ماڵەوەدا ئەندامانی ئەو ماڵە هەر کەس لە هەرجۆرە کار و کردەوەیەکدا دەیزانێ، ئەو کارەی پێدەسپێرن، ئیتر کەس ماڤ چاوچنۆکیی پێنیە، کوردستانیش هەر ئەو ماڵەیە؛ ئەگەر زانیتان کەسێك لە ئەندامانی ئەو ماڵە کارێکی لە دەستدێ؛ لێی گەڕێن بابیکا.

ئیترنابێ بەردبخەنە سەر ڕێی و نابێ بەوە دلگیربن کەیەکێك لە ئێوە بەرپرسیارەتیی گەورەی بە دەستەوەیە.

ئەگەر کاری گەورە کەوتۆتە سەرشانی کەسێك و بەڕێوەی دەبا، دیارە لێیدەزانێ و بەرپرسیارەتیی گەورەتریش[ی]لە بەرانبەر ئەوئەرکەدا هەیە.

دڵنیابە برا کوردەکەت هەرچاکترە؛ دوژمن کینەی لە دڵە و ئەگەر من بەرپرسیاریەتیی گەورەم لەسەر شانی نەبوایە، ئێستا لەژێر داری سێدارەدا رانەدەوەستام.

بۆیە نابێ لە گەڵ یەکتریدا چاوچنۆك بن.

ئەوانەی فەرمانی ئێمەیان بەجێ نەدەگەیاند، نەك هەرفەرمان جێبەجێ نەکردن، بەڵکوو بە تەواوی دوژمنایەتییان دەکردین، لەبەر ئەوەی خۆمان بەخزمەت کاری خەڵکی خۆمان دەزانی، ئێستا ئەوان لەنێو ماڵ و منداڵی خۆیان لەشیرین خەودان،بەڵام ئێمە بەناوی خزمەت کردن بە میللەت، وا لەژێر داری سێدارەین و خەریکم دوایین ساتەکانی ژیانم بەم وەسیەتنامەیە تەواو دەکەم؛ جا ئەگەرمنیش بەرپرسیارەتی گەورەم لەسەرشان نەبووایە، ئێستا منیش وەك ئێوە لەناو خاوخێزان و ماڵی خۆم لە شیرین خەودا دەبووم، ئەوەی کە ئامۆژگاریتان بۆ دوای خۆم دەکەم، ئەمەش یەکێکە لەو بەرپرسیارەتیانەی کە لەسەرشانمە، دڵنیام ئەگەر کەسێکی دیکە لە ئێوە؛ بەرپرسیارەتییەکانی منی وەئەستۆی خۆی گرتبا، ئێستا ئەو لەشوێنی من لە ژێرسێدارە دەبوو.

وا من بەمەبەستی رەزایەتی خودا و بە پێی بەرپرسیارەتی سەرشانم، وەکوو کوردێکی خزمەتکاری گەل ولە رێگای کاری چاکدا (امربالمعروف) ئەو چەند ئامۆژگارییەم کردن هەیوادارم لەمەودوا عیبرەت وەربگرن و بە تەواوی گوێ لە ئامۆژگارییەکانم بگرن.

بە هیوای خوای گەورە بەسەر دوژمنانتاندا سەرکەون.

١ باوەڕتان بە خودا و(ماجاً من عندالله) وپەرستنی خودا و پێغەمبەر(د. خ) و بەجێ گەیاندنی ئەرکی ئایینی پتەو بێ.

٢ یەکیەتی و تەبایی لەنێوان خۆتان دا بپارێزن، کاری نەشیاو لە بەرانبەر یەکتردا مەکەن و چاوچنۆك مەبن؛ بەتایبەت لە بەرپرسیاریەتی وخزمەت کردندا.

٣ خوێندن وزانست وپلەی زانیاریتان بەرنە سەرەوە؛ بۆ ئەوەی کەمتر فریوی دژمنان بخۆن.

٤ باوەڕ بە دوژمنان مەکەن، بەتایبەت بە دوژمنی عەجەم، چونکە بە چەند هۆ و ڕێگاوە عەجەم دوژمنی ئێوەیە، دوژمنی گەل ونیشتمان و ئایینتانە. مێژوو سەلماندویەتی کەبەردەوام لە کورد بە بەهانەیە و بە کەمترین تاوان دەتان کوژێ و لە هیچ تاوانێك بەرانبەربە کورد دەست ناگێڕێتەوە.

٥ بۆ چەند رۆژێك ژیانی بێ قیمەتی ئەم دنیایە خۆتان مەفرۆشن بە دوژمن، چونکە دوژمن دوژمنە وجێگەی هیچ باوەڕ پێکردنێك نیە.

٦ خیانەت بە یەکتری مەکەن، نەخیانەتی سیاسی ونە گیانی و مالّی و نامووسی، چونکە خیانەت کارلای خودا و مرۆڤ سووك و تاوانبارە، خیانەت بەرووی خیانەت کاردا دەگەڕێتەوە.

٧ ئەگەر یەکێك لە ئێوە توانی کارەکانی ئێوە بە بێ خیانەت کردن ئەنجام بدا، هاوکاری بکەن، نەوەك لە پێناوی چاوچنۆکی و بەخیلیدا دژی بوەستن، یان خوانەکا لەسەری ببن بەجاسووسی بێگانە.

٨ ئەوشوێنانەی لە وەسیەتنامەکەدا نووسیومە بۆ مزگەوت ونەخۆشخانە و قوتابخانە؛ ئێوە هەمووتان داوای بکەن تا دەکرێ و سوودیان لێ وەر دەگیرێ.

٩ ئێوە لەخەبات و هەولّ و تێکۆشان مەوەستن؛ تاوەك هەموو گەلانی دیکە لە ژێر چەپۆکی دوژمنان رزگارتان دەبێ، مالّی دنیا هیچ نیە، ئەگەر ولاّتێکو هەبێ؛سەربەستیەکووهەبێ، مالّ وخاك ونیشتمانەکەو هی خۆتان بێ، ئەوکاتە هەموو شتێکتان هەیە، هەم مالّ، هەم سەروەت، هەم دەولّەت و ئابڕو ونیشتمانشتان دەبێ.

١٠ من پێم وانیە حەقی خودا نەبێ، حەقی دیکەم لەسەر بێ؛ بەلاّم ئەگەر کەسێك پێی وا بوو، لەکەم تا زۆرشتێکی لای منە، سەروەتی زۆرم جێهێشتوە، بابچێ لەواریسانم داوا بکا و وەری بگرێتەوە.

تا ئێوە یەکترنەگرن، سەرناکەون؛ زولّم و زۆر لەیەك مەکەن، چونکە خوا زۆر زوو زالّم لەبەین دەبا و نابوودی دەکا، ئەوە بەلّێنی خواوەندە بێکەم وزیاد، زالّم دەڕووخێ ونابوود دەبێ، خوا تۆلّەی زولّمی لێدەکاتەوە.

هیوادارم ئەوانە لەگوێ بگرن و خوا سەرکەوتووتان بکا بەسەر دوژمناندا،
وەك سەعدی فەرموویەتی:

مراد ما نصیحت بود و گفتیم

حوالت با خدا کردیم و رفتیم

خزمەتگوزاری گەل ونیشتمان

قازی محەممەد

وەرگیراو لە کتێبی" سەرۆك کۆماری کورد لە بەردەم دادگای ئێران دا"

بەرهەڤکردنی بەدرەدین ساڵح

سایتی: www.rojhalat.de

بەڵگەنامەکان

وزارت کشور

اداره کل شهربانی

(فوری)

رونوشت گزارش شهربانی رضائیه مورخه ۷/۱۲/۲۰ شماره (۱۷)

شهربانی کل – ٦٦٤٦٦ گزارش شماره ۱۲ با کلید رمز شهربانی تجدید میشود تعقیب معروضه شماره ٦٤ دو روز قبل شخصاً بدون اطلاع قبلی بعنوان دیدن شیخ عبدالله فرزند شیخ عبدالقادر بمنزل نامبرده رفته مشاهده شد که عمرخان رئیس طائفه شکاک و خسروخان از سوما برادوست و قرنی آقا زرزا و موسی بیگ و رشید بیگ که از اکراد اشنویه میباشند و شیخ محمد قاضی متصدی شهرداری مهاباد و عده از اکراد – سوما برادوست در منزل شیخ عبدالله میباشند قریب ۲۰ دقیقه با نامبرده مذاکره شد از این ملاقات و مجموع اطلاعات حاصله چنین استنباط میشود که منظور شیخ عبدالله از آمدن بکشور شاهنشاهی برای تهیه زمینه اتحاد کرد بوده وحتی مایل است بین مسیحیان و اکراد اتحادی نیز ایجاد کنند – پاسیار ۲ جلیلوند –

رونوشت با اصل یکسان است .

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۲۹۳/۱۲/۶۷/۳ می‌باشد.

وەزارەتی ناوخۆ

(خێرا) بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش

نووسراوی راپۆرتی ئاسایشی رەزاییە بەرواری ١٩٤٢/٢/٢٦ ژمارە (١٧)

ئاسایشی گشتی - ٦٦٤٦٦ راپۆرتی ژمارە (١٢) بەکلیلی نهێنی ئاسایش رادەگەیەنێت، بەدواداچوونی راپۆرتی ژمارە ٦ لەرۆژی پێشودا، خۆی بەتایبەتی بەبێ ئاگاداری پێشو بەمەبەستی سەردانی شێخ عەبدوڵلا کوڕی شێخ عەبدولقادر چووە ماڵی ناوبراو و بینراوە کە عومەرخانی سەرۆك عەشیرەتی شکاكو قائیمقامی سۆمابرادۆستو قەرەنی ئەقازەرزاو مووسا بەگو رەشید بەگ کە کوردی "شنۆ"نو شێخ محەمەد قازی بەڕێوەبەری شارەوانی مەهابادو هەندێك لەکوردەکانی سۆمابرادۆست لەلای شێخ عەبدوڵانو نزیکەی (٢) دەقیقە لەگەڵ ناوبراودا وتووێژکراو، لەو دانیشتنەداو کۆمەڵێك زانیاری بەدەست گەیشتووەو وەها تێدەگەین کە مەبەستی شێخ عەبدوڵلا لەهاتنیان بۆ ناو وڵاتی پاشایەتی بۆ ڕێخۆشکردنی یەکگرتنەوەی کورد بووە، تەنانەت پێیان خۆشە لەنێوان مەسیحییەکانو کوردەکاندا یەکگرتنەوە دابین بکەن - پاسیار ٢ جەلیلوەند -

ئەم نووسراوە لەگەڵ بەڵگە ئەسڵییەکەیدا یەکە!

ژمارەی ئەو بەڵگەیە لەئەرشیفی ڕێکخراوی بەڵگەنامەکانی میللی ئێراندایە ـــ٢٩٣ـــ
١٣/٦٧/٣

وزارت کشور

اداره کل شهربانی

(فوری)

رونوشت گزارش شهربانی رضائیه مورخه ۲۰/۱۲/۷ — شماره ۱۸

شهربانی کل — (٦٦٤٦٤) گزارش شماره ۱۲ با کلید رمز شهربانی تجدید میشود

تعقیب معروضه شماره ۲ امروز شیخ عبداله فرزند شیخ عبدالقادر رعیت —

عمرخان بخشدار سوما برادوست و شیخ محمد قاضی متصدی شمو زنه ارومیه با —

وسی بخشدار اشنویه و قرنی آقا زرزا و رشید بیگ اکراد اشنویه و شیخ صدیق

گیلانی فرزند سید طه و عده ای از اکراد دیگر رضائیه بطرف مهاباد حرکت و از قرار یک

انتشار دارد برای رفع اختلاف اکراد مهاباد و اتحاد دادن بین آنها رفته اند —

پاسیار ۲ جلیلوند —

رونوشت با اصل یکسان است.

وەزارەتی ناوخۆ

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش

خێرا ژمارە (١٨)

نووســـراوی راپــۆرتی ئاسایـــشی رەزائییـــە بـــەرواری(١٩٤٢/٢/٢٦) (١٩٤١) ئاسایـــشی گـــشتی — ٦٦٤٦٦ راپـــۆرتی ژمـــارە (١٣) بـــەکلیلی نهێنـــی ئاســـایش رادەگەیەنێت، بەدواداچوونی راپۆرتی ژمارە (١٢) ئەمڕۆ شێخ عەبدوڵڵا کوڕی شێخ عەبدولقادر لەلای عومەرخانی قائیمقامی سۆمابرادۆست و شێخ محەمەد قازی بەڕێوەبەری شارەوانی مـەهابادو مووسـابەگ قائیمقـامی شـنۆو قـەرەنی ئەقازەرزا و رەشید بەگ لەکوردەکانی شنۆو شێخ سدیق گیلانـی کوڕی سـەید تـەهاو هەنـدێك لـەکوردەکانی تـر لەرەزاییـە بـەرەو مـەهاباد رۆیـشتن و لـەو قـسانەی بڵاوبووەتـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی نـاکۆکی کوردەکـانی مـەهابادو یەکگرتنەوەیان رۆیشتووە. پاسیار ٢ جەلیلوەند

ئەم نووسراوە لەگەڵ بەڵگەنامە ئەسڵییەکەیدا یەکە!

ژمـارەی ئـەو بەڵگەیـە لەئەرشـیفی رێکخـراوی بەڵگەنامـەکانی میللـی ئێراندایە. ٢٩٣

١٢/٦٧/٥

اداره . . .

رونوشت گزارش رضائیه وزارت پست و تلگراف و تلفن

شماره ۷۹ تاریخ ۲۱/۷/۲۱ وزارت / قبلی / شرکت که اصل آن بشماره ... ثبت شده

وزارت ــ عین گزارش ۱۶ و ۱۷ مهاباد که امروز رسیده مخابره میشود .

۷۹ نصری
۲۱/۷/۲۱

چند روز است عمرشکاک که بوسیله روزنام مشغول اخطار بکلیه عشایر اطراف مهاباد ومیاند وآب وبوکان بوده اخیراً روسای عشایر کردستان واستان ۴ درمهاباد جمع شده اند ودر شهر نیز شبها مجلس محرمانه دایر میشود . ازقرار اطلاع حاصله جهت اخراج عده از شهر میباشد که بعد از رفتن عمرشکاک عملی خواهند نمود .

۲ ــ درساعت ۲۱/۷/۱۵ عمرخان با همراهان بطرف رضائیه حرکت ظاهراً چنین شایع است بمنکورها ابلاغ نموده است که باید از مهاباد بیرون روند وقاضی محمد را بحکومت مهاباد بشناسند ولی منکورها هم قبول نکردند واهالی هم تصمیم دارند منکورها را از شهر خارج نمایند .

حشمت

رونوشت با اصل یکی است

ئیداره...........

نوسراوەی راپۆرتی رەزاییە

وەزارەتی پۆستو تەلەگرافوتەلەفۆن

ژمـاره (٧٩) تـأریخ ١٩٤٢/٧/١٢ (وەزارەت/ئیـداره/كۆمپانیـا) .... كـە بەلگەی سەرەكی بەژمارەی .... تۆماركراوە.

وەزارەت — وەكـو خـودی راپۆرتەكـەی (١٦) و (١٧) مـەهاباد كـە ئـەمڕۆ گەیشتووە دەگاتە دەستتان.

٢٩ نەسری
١٩٤٢/٧/١٢

چـەند رۆژێكـە عومـەری شـكاك لەلایـەن زەرۆ ناوێكـەوە سـەرقاڵی هەڕەشـەكردنە لەگشت عەشیرەتەكانی دەوروبـەری مـەهابادو مەیانـدووئاو و بۆكـان، بـەم زوانـە سـەرۆك عەشـیرەتەكانی كوردسـتانو پـارێزەری (٤) لەمەهابادا كۆبوونەتەوەو-شەوانە بـەنهێنی لـەناو شـاردا كۆبوونـەوە دەكەن. لەوشـتانەی كارێـك بەدەسـتمان گەیـشتووە، خەریكـە هەنـدێك كـەس لەشـار دەباتە دەرەوە كە دوای رۆیشتنی عومەر شكاك جێبەجێ دەكرێت!

٢- لەسـەعاتی ١٥: ٧: ٢١ عومـەرخان لەگـەڵ هاوڕێیانیـدا بـەرەو رەزاییـە(ورمـێ) دەڕۆنو وادیـاره بەمـەنگورەكانی وتـوووه دەبـێ لەمـەهاباد بڕۆنـە دەرەوەو قـازی محەمـەد هەڵبـژێرن بـۆ حكومـەتی مـەهاباد، بـەڵام مەنگورەكان قبوڵیان نەكردوەو خەڵكەكەش بڕیاریان داوە مەنگورەكان لەشار بكەنە دەرەوە.

حیشمەت

ئەم نووسراوە لەگەڵ بەلگە ئەسڵییەكەیدا یەكە!

ژمـارەی ئـەو بەلگەیـە لەئەرشـیفی رێكخـراوەی بەلگەنامـەكانی ئێرانـدایـە ١٤٩٠ — ١٥ -١١٦٠٠٧

٣٤٦

ئیداره..........

تەلەگرافی تەوریز وەزارەتی ناوخۆ ٢١ — ٢٧/٢ — ن/١٢٦٤ م / ١٣٢١/٢/٢٩ (١٩٤٨)

نووسراوەی....... ژماره .... بەروار...... ١٩٤٢/٥/١٦ که وەزارەت/ئیداره بەلگەی سەرەکی بەژمارەی .... تۆمار کراوه.

وەزارەتی ناوخۆ ٣١٦/٢٧

ئەوه درۆیەکه که ئیلخانی زاده بۆ رەزاییه دروستی کردووەو، جێی سەرسوڕمانه بەو ئارەزووی هاوکارییه که لەدلێری‌و راستگۆیی خۆی لەلای دەوڵەتەوه دەینواند، شەرم ناکات ئەوەنده لەسەید عەبدوڵلا دەترسێت، ئەگەر ئێوه ئیجازه دەدەن چارەسەرکردنی کێشه لەلایەن دەوڵەتەوه کارێکی دژوار نییه، باشتر وایه لەجەنابی وەزیری جەنگ پرسیار بکەن سەید عەبدوڵلاو قازی محەممەد لەکوێ بوون‌و چییان دەکرد تاراستگۆیی‌و ئازایەتی ئیلخانیزاده روون بێتەوه.

١٩٤٢/٥/١٧فەهمی

ژمارەی ئەو بەلگەیه لەئەرشیفی رێکخراوەی بەلگەنامەکانی ئێراندایه

٢٩٣/١٢/٦٧/٢٣

وەزارەتی جەنگ لەبەرواری ١٩٤٢/٥/٢٨

/١٥٣٧ ن م
١٩٤٢/٥/٣١

ئیدارە.......... دۆسیە:
ناوەند.........
ژمارە / أ

وەزارەتی ناوخۆ
وەڵامی ژمارە /١٢٦٤ ن م/ ٨٧٣ سەبارەت بەبارودۆخی سەید عەبدوڵلا لەزاییە دەسەلمێنرێت قسەکانی ئیلخانیزادە هیچ راستییەکی تێدا نییە، سەید عەبدوڵلا و قازی محەمەد خەریکی خزمەت بەدەوڵەت بوونە.
وەزیری جەنگ
وادیارە راپۆرتەکانی جەنابی فەهمی لەبارەی ئیلخانیزادەوە راستە.

ژمارەی ئەو بەلگەنامەیە لەئەرشیفی ریکخراوەی بەلگەنامە میللیەکانی ئێراندایە

٢٩٣
١٢/٦٧/١٩

شماره ۱۰۱۸۸
پیوست

تاریخ ۱۵/ ۹ ماه ۱۳۲۱

وزارت کشور

(استان چهارم)

جناب آقای نخست وزیر

فرماندار مهاباد گزارشی داده که کلیه عشایر مهاباد و رضائیه به هانی‌ها و رعایای خود که اسلحه ندارند دستور داده‌اند همگی اسلحه خریداری نمایند برای مزید استحضار خاطر مبارک رونوشت آنرا بضمیمه تقدیم و ضمناً عرض مینماید در رضائیه هم مدتی است این خبر متواتراً شنیده میشود مستدعی است امر مقرر فرمایند گردانی که اصلاً مربوط بطهران و سلدوز و سقز است و تیمسار سرلشکر پورزند فرمانده لشکر/۳ شمال باختر عقیده دارند از سقز بمهاباد بیایند زودتر حرکت نموده و بمهاباد برسند.

استاندار استان چهارم

۲۸۰۱۰
۲۱/۱۰/۲

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۲۴-۱۱۲۰۰۱ می‌باشد.

ژمارە/ ١٠١٨٨ بەرواری ١٩٤٢/١٢/٦

پاشكۆ/

وەزارەتی ناوخۆ

(پارێزگای چوارەم)

جەنابی بەڕێز سەرۆك وەزیران

قائیمقامی مەهاباد راپۆرتیداوە تەواوی عەشیرەتەكانی مەهاباد و رەزاییە فەرمانیان داوەتە گوندنشینەكان و رەعیەتەكانیان ئەگەر چەكیان نییە هەموویان چەك بكڕن، بۆ زانیاری زیاتری بەڕێزتان نووسراوەكە لەگەڵ پاشكۆكەیدا پێشكەشتان دەكەم و هەروەها دەڵێت ماوەیەكە لە رەزاییە ئەو هەواڵە بەردەوام دەبیسترێت، پێویستە دەستوور بفەرموون ئەو كوردانەی تایبەت بەتاران و ئێستا لەسەقزن، بێن بۆ مەهابادو لیوا فەرماندەی لەشكر "پوور زەند" فەرماندەی لەشكری (٣)ی باكووری رۆژئاوا لەسەر ئەو باوەڕەن لەمەهابادەوە زوو بكەونەڕێ و بگەنە مەهاباد.

پارێزگاری پارێزگای چوارەم

٢٨٠١٠

١٩٤٢/١٢/٢٣

ژمارەی ئەو بەڵگەنامەیە لەئەرشیفی ریكخراوەی بەڵگەنامە میللیەكانی ئێراندایە ٢٤ — ١١٢٠٠١

نووسراوه

وەزارەتی دارایی

بابەت: نەبوونی ئاسایش لەمەهابادا

بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە بۆ جەنابتان لەبارودۆخی مەهاباد کورتە راپۆرتێك رادەگەیەنم سەبارەت بەبارودۆخی دارایی رەزاییەو کۆبوونەوەی خەڵك لەناو شارو نەبوونی ئاسایش لەوشارەدا.

لە رۆژی ۱۹٤۳/۲/۲۰ هەندێك لەهەژارەکانی مەهاباد کۆبوونەتەوەو مەبەستیان لە تالانو هێرشە بۆ سەر ماڵێکی بازرگانی ئەو شارە بەناوی ئاغا مەجید ساوجبلاقی کە گوایە ویستوویەتی هەندێ دەغڵ ودان بەرەو مەیاندوئاو ببات، بەلام بەهۆی ئامۆژگارییکردنی دوو کەس لەخەڵکی گەرەك، قازی محەمەد و سدر قازی ئاژاوەکە تەواو بووەو هەروەها برِی (۲۳,۰۰۰۰) ریاڵ بەمەبەستی یارمەتیدانی هەژاران کۆکراوەتەوە و بەڵێن وابوو بری پارەی ناوبراو بۆ کرین و دابینکردنی شتو مەك لەنێوان هەژاراندا دابەش بکرێت.

لەبەرواری ۱۹٤۳/۲/۱۸دا یەك کەس کە خۆی بەنوێنەری بازرگانی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤییەت لەتەوریز ناساندو لەگەڵ ئەفسەرێکی یەکێتی سۆڤییەت دا سەردانی سایلۆ و گەنجینەی توتونیان کردو پاش سەیرکردنی گەنجینەکان، داوای دەفتەری حیساب و کتابی ئەوێیان کرد، بەلام چونکە لەلایەن ئاغای "نەمازی" پێیان وترابوو سەبارەت بەم مەسەلەیە فەرمانێك رانەگەیاندراوە لەلایەن بەرپرسانی ناوەندیەوە نازانێ چەندە دەغڵ و دان لەوێدا هەیە تا دەفتەری حسابو کتاب بخاتە بەر دەست، لەمروەوە بەدەربرینی ناڕازیبوون لەوەی بەداخوازییان بەبێ ئیزنی ناوەند، هیچ کارێکیان نەکردو لەئیدارەکە چوونە دەرەوە.

لەکۆتایی مانگی رێبەنداندا چەند کەسێکی شکاك کە لەعەشیرەتەکانی دەوروبەری رەزاییەن، بەمەبەستی کرینی چەك هاتوونەتە مەهابادو یەك کەس لەوانە کەشەو لەمیوانخانەی ئاغای کازمی قەفقازیدا بوو و سبەی وەکو ئەوەی بری پارە لەگیرفانی دزرابوو، بەرێوەبەری میوانخانەی ناوبراو دەستگیر دەکاتو بۆ دانەوەی پارەکە رۆیشتۆتە ئیدارەی ئاسایش، بەلام دوایی ئەویان لەئاسایش وەرگرتووەو بۆئەوەی ناچاری بکەن دان پیادابنێت، بەچەند جۆر ئەشکەنجە ئازاریان داوەو لەدەرئەنجامی گوشارو توندی ئەشکەنجەدا بەرێوەبەری میوانخانەکە بەبێ ئەوەی لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوە بکات، کوشتیو شکاکەکانی نابراو بەهۆی نەبوونی هێزی ئاسایش لەمەهابادا بەبێ بەدواداچوون بۆ رەزاییە گەرانەوە. (شایانی پرسیارە ئاسایش کە ناوبراوی زیندانی کردبوو بۆچی دای بەدەستی پروپاگەندەکەرەکانەوە). بەرێوەبەری ئیدارەی گشتی هەڵسەنگاندنەکان.

د.پ بەڵگەنامەکە لەگەڵ ئەسڵییەکەیدا یەکە کە لەفایلی (۱۲۷)دایە.

ژمارەی ئەو بەڵگەنامەیە لەئەرشیفی ریکخراوی میللی ئێراندایە ۱۰٥٤۰ — ۱۰۳۰۱۳

بەرواری ١٩٤٣/١١/١١

ژمارە ٣٣٣٣ وەزارەتی کشتو کاڵ

پاشکۆ.......... ئیدارەی کشت و کاڵی پارێزگای چوارەم

نووسراوە: نهێنی

وەزارەتی کشتو کاڵ

لەشەوی (٢٤)ی مانگی یەکەمی پاییزدا پانزە کەس لەئاژاوە چییەکانی شاری مەهاباد، هێرشیان کردە سەر ماڵی بەڕێوەبەری تازەی سەرژمێریو پاشان ناوبراو لەبەرچاوی بنەماڵەکەیەوە دەکوژنو دوایی هەموو شتو مەکەکانی ماڵەکەیان تالان دەکەن، رۆژی (٢٥)ی پاییز بنەماڵەی کۆچکردو "قازی زادە" بەدەستی قازی محەمەد کە یەکێکە لەکەسانی بەناوبانگو کاریگەری مەهاباد، دەنێرێتە رەزاییەو لەئاکامدا ترس لەنێوان فەرمانبەرەکاندا بڵاو دەبێتەوە، هەروەها بەڕێوەبەر لەشارەوانی لەگەڵ پاسەوانەکاندا بەرەو رەزاییە هەڵدێت.

خۆم کە لەسەرەتای مانگی گەلاڕێزاندا لەمەهاباد بووم، هێشتا ئیدارە حکومییەکان لەمەهابادا دانەنرا بوون، بەلام دوای هاتنی جەنابی پارێزگار دەیانەوێت دیسان بەرپرسی ئاسایشو پەسەوانەکان بنێرنەوە بۆ مەهاباد. بۆ ئاگاداری جەنابتان ئەوەمان نووسی.

بەڕێوەبەری ئیدارەی کشتو کاڵی پارێزگای چوارەم – ساحب قەڵەم

نووسراوەکە وەکو بەلگەنامە سەرەکییەکەیە "شوێنی مۆر"

ژمارەی ئەو بەلگەنامەیە لەئەرشیفی ریکخراوەی بەلگەنامەکانی نەتەوەیی ئێراندایە ١١١ –١١٢٠٠١

وەزارەتی پۆستو تەلەگرافو تەلەفۆن نموونە ٣٦٥

ژمارەی نامە ٢٦٨١ تەلەگراف .... ساڵ ١٣٢

لە/تەوریزەوە	ژمارە٦٦٢٨	ڕێژەی وشەکان	بەرواری تەواو	تێبینییەکان	بەرواری وەرگرتنی		ناوی وەرگر
					ڕۆژ	مانگ	
بۆ ط	ژمارەی تەلەگراف ١٩٦٥	٢٤٢	١٤		١١/١٥		

جەنابی ئاغای سەرۆك وەزیران نووسراوی جەنابی بەرپرسی پەرلەمانی شۆرا نووسراوی بنکەی روکنی سوپا لەرووداوەکانی مانگی خەرمانان کەخەڵکی مەهاباد بەتەواوی لەژێر گوشاری عەشیرەتەکانی دەوروبەر هەموو رۆژێك بەبیانووی جۆراوجۆر بووە (باجیان لەخەڵك وەرگرتووەو گوندەکانیان داگیر کردووەو چەتەییو کوشتنو.....)، ئێستا قەناعەتم پێ نییەو ئەو کەسانەی چەند رۆژ لەوەوبەر وەکو پاراستنی ناوچەکە هەموو مانگێك دەیان هەزار ریاڵیان لەدەوڵەت وەرگرتووە، بەڵام هێرشیان کردۆتە ناو شار، پاش یەك ساڵ گولە هاویشتن لەبەرامبەر مەهابادییەکاندا پاشەکشەیان کردو دیسان هێزەکانی چەکدار کردۆتەوەو لەگوندەکانی دەورەبەری شاردا بڵاوبوونەتەوە تا ناو شار تاڵان بکەنو لەناوی بەرن، هەرچەند دوا بەدوای یەك راپۆرتەکان دراوەتە جەنابی پارێزگاریو فەرماندەیی لەشکری (٣)، فەرمان بدەن بەنامەیەك تا ئەو کارە وەحشیانە بەربەست بکرێت، بەڵام بەهۆی ناوچەی شاخاویو بەپشت بەستن بەوەی چەکیان لەدەستە، بیر لەفەرمانو جێبەجێکردنو فەرمانی دەرچوو ناکەنەوەو دەست هەڵناگرن لەتاڵانو داگیرکردنی ماڵی خەڵك، گیانو ماڵی (١٥٠٠٠) کەس لەمەهاباد لەمەترسیدایە، بەڵام داواکاری خێرامان هەیە بۆ بەرگریو ئاسایش. لەلایەن خەڵکی زوڵملێکراوی مەهابادەوە: مەحموودییان، مازۆجی، سوڵتانیان، موعینی، جەعفەری، بلوورییان، بلووری، شاتی، وەلی زادە، شەریفی، موشیری.

نووسراوەی/ ئەحمەد

٢٢٦١١

١٩٤٢/١١/١٦

ژمارەی ئەو بەڵگەنامەیە لەئەرشیفی ڕێکخراوەی بەڵگەنامەکانی میللی ئێراندایە ٦٣-١١٢٠٠١

١٩٤٤/٩/١٦ ١٩٤٤ تەلەگراف ١٩٤٤/١٢/٥

ژمارە نامە/ ١٥ ٢١١٩١

لەتەورێزەوە	پسولە	ژمارە ١٩٠٦٠	ڕێژەی وشەکان	بەرواری وەرگرتن	تێبینی	بەرواری وەرگ - ڕۆژ	بەرواری وەرگ - مانگ	نموونە ٣٦٥
بۆ ط		٢٦٢	٩٦	٩		١١	٩	

جـەنابی ئاغـای سـەرۆك وەزیرانـی بـەڕێز ئامـاژە بەدەسـتووری (٢٢٦١١) دەكرێت لەبەرواری ١٩٤٢/١٠/٢٧ پێكدانانی نێوان خەڵكی شاری مەهابادو خێڵی مـەنگور ڕوویـداوەو دەرئـەنجام محەمـەد نـاوێ: برینـدارو بـووە وخـەڵكی مـەهابادیش مەنگووڕییـەكانیان ڕاونـاوەو گوللـەیان هاویـشتووە بـەرەو ئـەو ماڵەی مەنگوڕییەكانی تێـدا بـووەو یـەك كەسـیان برینـدار كـردووەو دوایـی بەرواڵەت نێوانیان كۆك بووەو ئاشتیان بووتەوە، هەروەها خزمەتی جەنابتان عەرزم كردی، منو تیمسار سەرلەشكر ئاغا "ئەدلی" لەم دواییانەدا ڕۆیـشتینە مەهابادو لەگەڵ سەرۆك خێڵەكانو خەڵكدا چاوپێكەوتنمان كردو ئامۆژگاری پێویـستان پێیـان وت، ئێـستاكەش ئـەو سـنووره بێـدەنگ بەرواڵـەت هـیچ نیگەرانییەك لەئارادا نییە.

١٩٤٢/١٢/٢١

فەرماندەی لەشكر/ زەند

ژمارەی ئەو بەڵگەنامەیە لەئەرشیفی ڕێكخراوەیی بەڵگەنامـەكانی میللی ئێراندایە ٦ — ١١٢٠٠١

شماره ۳۶۵

شماره کتاب

سال ۱۳۲

وزارت پست و تلگراف و تلفن

تلگراف

صادره از	شماره قبض	عده کلمات	تاریخ اصل	توضیحات	تاریخ وصول (روز / ماه)	نام گیرنده
خط	۶۲۶۳۱					
به	شماره تلگراف	۱۹۷	۱		۱۱/۲	

جناب آقای نخست‌وزیر رونوشت ریاست ستاد کل ارتش رونوشت ریاست کل ژاندارمری کشور طوریکه اطلاع حاصل گردیده گویا دولت در نظر گرفته جهت حفاظت راه شوسه بین میانه واب و نیکان سوار محلی تعیین چون راه مزبور از دو کیلومتری میانه میانه واب و تا دو کیلومتری نیکان از میان دهات فدوی و بستگان چاکر و عشیره حاضرم با دادن تعهد امنیت و حفاظت راه مزبور بوسیله پنجاه نفر سوار محلی کاملا تامین نموده با مسئولیت خود عهده‌دار باشم در صورتیکه دولت در نظر گیرد حفاظت راهی مذکوره با اشخاص خارج واگذار نماید منافی رویه معمول و اصول عشایری بوده مخالفت اشخاص غیره رابطه فدوی باعث محرومیت چاکر از مراحم دولت بوده مسلما فدوی را نیز در نظر دولت بدنام خواهند کرد مستدعی است تقاضا دارم با مراجعه به سوابق خدمات شایسته چاکر نسبت به دولت توجه فرمایند در این خدمات لایقه خود مورد مرحمت دولت واقع شوم علی امیر اسعد

شماره این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۱۴۷-۰۱-۱۱۲۰ می‌باشد.

نموونە (٣٦٥)

ژمارەی نامە (١٥١٤) .... ساڵ.........١٩٤

وەزارەتی پۆستو تەلەگرافو تەلەفۆن

تەلەگراف

لـــــــــە: تەورێزەوە	ژمارەی باج ٦٢٦٣٦	ڕێـــــژەی وشەکان	بەرواری سەرەکی
بۆ تاران	ژمارەی تەلەگرافە ٥١	١٩٧	١

بەرواری وەرگرتن		ناوی وەرگر
ڕۆژ	مانگ	
١/٢٣		

جـەنابی سـەرۆك وەزیـر، نووسـراوی سـەرۆکی ناوەنـدی فەرمانـدەیی گـشتیو نووسـراوی سـەرۆکی گـشتی ژانـدارمری وڵات بـەو شـێوازە ڕایگەیانـدووە ڕەنگـە ویستوویەتی بۆ پاراستنی ڕێگەی "چەورێدە" لەنێوان "مەیاندووئاو" و "نیکان"دا لەناوچەکە سوارە دەست نیشان بکات، چونکە ڕێگەی ناوبراو لـەدوو کیلۆمـەتری "مەیاندووئاو" تا دووکیلۆمەتری "نیکان" لەنێوان ئەو گوندانەوە تێپەڕ دەبێت کە خزمەکانی منـی لێیـە، ئامادەم پـەیمان بـدەم ئاسایش و پاراسـتنی ڕێگـەی نـاوبراو بەپەنجا کەسی سوارە لەناوچەکەدا دابین بکەمو خۆم بەرپرسیارێتییەکەی لەئەستۆ بگـرم، ئـەگینا دەوڵـەت ناچارە بڕیـار بـدات پاراسـتنی ڕێگـای نـاوبراو بـسپێرێت بەکەسانی دەرەوە، بەرژەوەندییەکە ئاسایی‌و بنـەمای عەشـایەرییە. دەسـتێوەردانی کەسانێکی تـر لـەو بارەیـەوە دەبێتـە هـۆی بێبـەریبوونی مـن لەبەرژەوەندییـەکانی دەوڵەت. بەدڵنیاییەوە گوندەکان لەبەرچـاوی نـاوی دەزرێنـەوە، لـەم ڕووەوە داواکـارم لەبـەڕێزتان بـەگوێرەی پێـشینەی خزمەتگوزارییـەکانی بەنـدە بـۆ دەوڵـەت گرنگـی پێبدەن، تا بەهۆی خزمەتە شیاوەکانمەوە بەزەیی‌و ڕحمی دەوڵەت بگا بە دادگا.

عەلی ئەمیر ئەسعەد

(١٨٣٥٧)   ١٩٤٥/١/٢٣

کەسێکی تریش لەم بارەیـەوە تەلـەگرافێکی بـۆ نـاردوین‌و هـەر ئـەم داواکارییـە هەبوو لەئیدارەی ئاسایش داوای دەرچوونی بڕیاریان کردووە.

پێشینە/ شوباتی یەکەم

ژمارەی ئەو بەڵگەیە لەئەرشیفی ڕێکخراوەکانی بەڵگەنامەکانی میللی ئێرندایە (١٦٧ — ١١٢٠٠١)

وزارت پست و تلگراف و تلفن

تلگراف

شماره کتاب

از	شماره قبض	عدد کلمات	تاریخ اصل	توضیحات	تاریخ وصول		گیرنده
	۳۶۹۳				روز	ماه	
	شماره تلگراف	۴۴۷	۳۰				

نخست

دفتر نخست وزیر کپیه مجلس شورای ملی کپیه آقای صدر قاضی کپیه وزارت جنگ

کپیه وزارت کشور کپیه ستاد ارتش کپیه جناب وزیر مشاور کپیه روزنامه مهر ایران

کپیه آژیر کپیه اطلاعات کپیه ... کپیه ایران امروز کپیه باختر کپیه رعد

در اینموقع که از مقام نخست وزیری برجسته تبریک و تشکر بعضی رجال این —

شهرستان را که عبارت از آقایان قاضی محمد و عزیز آقا امیرعشایر رئیس

ایل مامش و عبدالرحمن خان و سلیمان خان و سایر آقا روسای ایل مذکور و با بزرگ

آقا رئیس ایل کورک به تهران احضار فرموده اند اهالی این شهرستان از

خدمات برجسته و زحمات طاقت فرسای آنها که جبران ناپذیر است یکی یکی

با استحضار اولیای امور و ملت و روزنامه نگاران میرسانند از وقوع حادثه —

شهریور ماه ۱۳۲۰ که قوای ساخلو ارتش در شهرستان مهاباد پراکنده و

و نمانده بود و در تمام ایلات و ولایات کشور هرج و مرج بی نظمی حکم فرما بوده

و میهن پرستی که یگانه صفات کردهای سلحشور میباشند و شاهد قضایا

اینست که در جنگ بین المللی پایه محکم و خلل ناپذیر اهالی این

منطقه با دادن خون یاران جوان میهن پرست متانت خود را از دست —

نداده در این فاصله تنها فداکاری خارق العاده آقای حاجی محمد و آقای

صدری قاضی نماینده محترم مجلس شورای ملی و آقای قرنی آقا مامش و آقایان

فوق الذکر دست برداری و یگانگی را بهم دیگر داده راحتی و آسایش

ژمارەی کتێب

وەزارەتی پۆستو تەلەگرافو تەلەفۆن

تەلەگراف

لە: مەراغەوە	ژمارە پسولە: ٣٦٤٣	ژمارەی وشەکان	بەرواری سەرەکی	تێبینییەکان	بەرواری وەرگرتن	ناوی وەرگر	
بۆ: تاران	ژمارەی تەلەگراف ١٧٩	٤٤٧	٣٠		رۆژ	مانگ	
					١٩٤٤/٦/٢٧		

نووسینگەی سەرۆك وەزیران کۆپییە، پەرلەمانی شوّرای نەتەوەیی کۆپییە، جەنابی سدر قازی کۆپییە، رۆژنامەی میهری ئێران کۆپییە، ئاژێر کۆپییە، خەڵك کۆپییە، ئێران ئەمرۆ کۆپییە، رۆژئاوا کۆپییە، لەم کاتەدا کە لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە ئەو کەسانەی خوارەوە رۆیشتوون بۆ تاران‌و لەوێ ئامادە بوونە: بە شەرەفترین‌و بەناوبانگترین پیاوانی ئەم شارە قازی محەمەدو عەزیز ئاغای ئەمیر عەشایر بەرپرسی خێڵی مامش‌و عەبدوڵلائاغاو عەلی ئاغاو بایر ئاغای گوندی خێڵی ناوبراو و بایەزید ئاغا بەرپرسی خێڵی کۆرك، خەڵکی ئەم شارە کە خزمەتگوزاری بەرچاو و بەتاقەتەوە زەحمەتی زۆریان کێشاوەو بەراستی قەرەبوو کردنەوەشی دژوارەو یەکە یەکەیان رایدەگەیەننە خزمەتی بەرپرسانی کاروباری حکومی‌و رۆژنامەوانەکان کە بەهۆی کارەساتی مانگی گەلاوێژی (١٩٤١) هێزی لەشکری "سلخۆ" لەشاری مەهابادا بڵاوبوونەتەوەو لەوێ نەماون‌و لە هەموو خێڵ‌و هەرێمەکانی وڵاتدا هەراو ئاژاوە زاڵ بووەو وڵات پارێزیش یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی کوردە ئازاکان‌و شایەتحاڵی رووداوەکانی ئەوەیە کە لەشەڕی جیهانیدا پایەی پتەوو قورسی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەڕشتنی خوێنی هەزاران گەنجی وڵات پارێز گەورەیی خۆی لەدەست نەداوە.

نمره ۱۰۰

شماره کتاب .... سال ۱۳۲

وزارت پست و تلگراف و تلفن

تلگراف

از مراغه	شماره قبض	عده کلمات	تاریخ اصل	توضیحات	تاریخ وصول روز / ماه	نام گیرنده
۹	شماره تلگراف			ص ۲		

را ازخود سلب و صرف حفظ حقوق اهالی وامنیت راهها وبخش ها و ـ
اموال دولتی و مامورین شهربانی نموده از هیچگونه فداکاری دریغ نکرده اند
لذا عموم اهالی اینشهرستان ازاولیای امور دولت استدعا مینمایند که
نسبت بمتقاضای آقایان که وکیل این شهرستان میباشند هر گونه توجه و
لطف مبذول فرمایند بر تشکر و مباهات اهالی افزوده خواهد شد
تنها این شهرستان بوده در ایران توانسته در این مدت گرفتاری چهار
سالمیدون کمک قوای دولتی نظم وآسایش خود را حفظ نماید ۱ عبداله
مدرس مسجد رستم بیک ۲ حسین مجدی مدرس مسجد [illegible] صدیق
مدرس مسجد عباس آقا ۴ عبدالقادر ۵ محمد لاهیجانی مدرس مسجد قاضی
۶ ـ علی رضائی ۷ حمید حمیدی ۸ احمد الهی ۹ مصطفی سلطانخان
۱۰ مصطفی داودی ۱۱ محمد رسول صوفی زاده ۱۲ مصطفی جلالی
۱۳ ـ حسین فروهر ۱۴ عطاءاله ۱۵ احمد ولی زاده ۱۶ فیض اله
شفیع زاده ۱۷ عزیز صدیق ۱۸ احمد رسولی ۱۹ لطیف خسروی ۲۰
محمد رسول کرد ۲۱ محمد امین شریفی ۲۲ محمد امین حسینی بقیه تعداد
شصت پنج امضای اهالی شهرستان مهاباد محمد مدرس .

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۱۱۶۰۰۷-۱۵-۱۵۰۶ می‌باشد

لەم نێوانەدا بەفیداکاری زۆرباشی جەنابی حاجی محەمەدو جەنابی سدری قازی نوێنەری بەڕێزی پەرلەمانی شۆرای نەتەوەیی‌و جەنابی قەرەنی ئاغامەنش‌و کەسانی ناوبراو دەستی برایەتی‌و هاودەنگییان داوەتە یەکتر و ئاسوودەیی‌و ئارامییان لەخۆیان سەندووەو کاتو ژیانی خۆیانیان بۆ پاراستنی مافی خەڵك‌و ئەمنیەتی ڕێگاکان‌و ناحیەو ماڵ‌و سامانی دەوڵەت‌و کاروباری دەرەوەیان تەرخان کردوە و لەهیچ جۆرە فیداکارییەك کۆتاییان نەکردووە، لەم ڕووەوە خەڵکی ئەم شارە لەبەرپرسانی کاروباری حکومەت داواکارن کە گوێ لەداخوازی ئەو بەڕێزانە بگرن کە نوێنەری ئەو شارەن‌و هەر جۆرە سەرنج‌و ئاسانکارییەك دەتوانن بۆیان ئەنجام بدەن چونکە سوپاسگوزاری‌و خۆشەویستی خەڵکەکە زیاتر دەبێت.
تەنها ئەم شارە توانیویەتی لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا بەبێ یارمەتی وەرگرتنی هێزی دەوڵەتی ئاسایش‌و نەزمی خۆی بپارێزێت:

عەبدوڵا مودەرس مەجید رۆستەم بەگ. ٢حسێن موجدی (مامۆستای مزگەوت)
٣سدیق سدیقی (مامۆستای مزگەوتی عەباس ئاغا) ٤عەبدولقادر. ٥محەمەد لاریجانی (مامۆستای مزگەوتی قازی) ٦ عەلی رەحمانی ٧حەمید حەمیدی
. ٨ ئەحمەد ئەلاهی. ٩مستەفا سوڵتان ئاغا. ١٠مستەفا داودی. ١١ محەمەد رەسوڵ سۆفی زادە. ١٢ مستەفا چغایی. ١٣ حسێن فرۆهەر. ١٤ موتڵەبوڵلا. ١٥ ئەحمەد وەلی زادە. ١٦ فەیزوڵلا شەفیع زادە. ١٧ عەزیز سدیق. ١٨ ئەحمەد رەسولی. ١٩ لەتیف خوسرەوی. ٢٠ محەمەد رەسوڵ کورد. ٢١ محەمەد ئەمین شەریفی. ٢٢ محەمەد ئەمین مەهینی‌و کەسانیتر.

ڕێزەی شەستو پێنج واژۆی خەڵکی شاری مەهاباد.

محەمەد مودەرس

ژمارەی ئەو بەڵگەنامەیە لە ئەرشیفی ڕێکخراوەکانی بەڵگەنامەکانی میللی ئێران دایە ١٥٠٥ — ١٥ — ١١٦٠٠٧

بەروار/ ١٩٤٥/٥/١٢ ژمارە/ ١٠٥٢/ن/٤/٦٦٤٤

وەزارەتی ناوخۆ

ئیدارەی ئاسایش بۆ بەڕێز/ سەرۆك وەزیران

نهێنی:

رایدەگەیەنینە خزمەتت کە لەساڵی (١٩٤٢)دا چەند ڕێسایەك گرێبەست کرا لەگەڵ چەند کەسێك لەسەرۆك خێڵو عەشیرەتەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی سنووری پارێزگای چوارەم بەموچەیەکی دیاریکراو دەرچوو. ساڵی رابردوو بەپێی تۆمارکردنی ژمارەی ١٩٤٥/٣/٣ بەناوی شەش کەس لەسەرۆك عەشیرەتەکانی مەهاباد موچەیەکیان بۆ بڕایەوە لەلایەن دارایی دەوڵەتەوە.

ئێستا کە قایمقامی مەهاباد بە دوو ژمارە راپۆرت دەنێرێت جەنابی سەرۆك عەشیرەتەکانی لەم ماوەیەدا لە تاران بوونو گەڕانەوە بۆ ناوچەی خۆیان، بەقایمقامیان وتووە هەندێ لەداواکارییەکانیان قسەیان لێوە نەکراوە، بۆنموونە دانانی موچە بۆ جەنابی سەلیم ئاغا مەعروف پاجاق-ە کەناوبراو سەرۆکی تیرەیەکە کەخێڵەکانی مەنگوڕو پەیوەندییەکانی لەسنووری وڵاتی عێراقدایەو لەگەڵ دزو قاچاخچییەکانی عێراقدا شەڕی کردووەو سەرکەوتووە بۆ دلگەرمیو هاندانی، قایمقام پێشنیاری کردووە موچەیەك وەکو خێڵەکانی تر بۆ ئەویش لەبەرچاو بگیردرێت.

لەلایەکی تریشەوە لەبارەی جەنابی قازی کە بەگوێرەی پاراستنی ئارامیو ئاسایشی شاری مەهاباد ئارەزوویەکی تایبەتی نیشانداوەو کاتێك ناوبراو لەتاراندا بووەو گەیشتۆتە خزمەتتان لەجەنابتان داوای نەکردووە، چونکە بەردەوام خوازیاری دەوڵەت بووە، قایمقام لەوبارەیەوە پێشنیاریان کردووە لەلایەن دەوڵەتەوە بە هەر شێوازێك کە بۆی دەرەخسێت، دڵنیاییو پشتگیری خۆی بۆ ئەو دەربڕێت.

ئێستا ئەو مەسەلەیە بەعەرز گەیاندی و داواکارم بڕیاری خۆت لەبارەی ئەو دوو کەسەوە پێمان بڵێیت.

وەزارەتی ناوخۆ ١٩٤٥/٥/٩

ژمارەی ئەو بەڵگەیە لەئەرشیڤی رێکخراوی بەڵگەنامەکانی میللی ئێراندایە

١٥٠٥ — ١٥ — ١١٦٠٠٧

٤٤٥٣
د/
١٠٦٨٩

بەروار/ ١٩٤٥/٥/١

لەوەڵامی نامەکاندا، پیت و ژمارە پۆنت دارەکان کەژمارەی لەگەڵدایە بەژمارەوە بنوسرێن.

ناوەند: ٢

لق: ٢

پاشکۆ:

نهێنی راستەوخۆ

وەزارەتی جەنگ

ناوەندی لەشکر

جەنابی بەڕێز سەرۆك وەزیران

بەڕێزەوە رادەگەیەنینە خزمەتتان راپۆرتی ناردراو لە لەشکری ئازەربایجانەوە باس لەوە دەکات لەبەرواری ١٩٤٥/٤/١٩، لەشکری رەزاییە لەگەڵ "شەریف ئۆف"و ئەفسەرێکی دیکە هاتوونەتە ناو مەهابادەوە. لیژنەی پەیوەندییەکانی رۆشنبیری ئێران و سۆڤیەتیان لە ماڵی "قازی محەمەد"دامەزراندووەو لیستێکیان تۆمار کرد کە بریتییە لە دە کەس لیژنەی بەڕێوەبەرو سەدو یەك کەس دامەزرێنەر، بەلام ئالای ئێران و وێنەی پاشا هۆمایۆنی گەورە گۆڕەکەیانی نەڕازاندۆتەوەو لەوێ دایاننەناوە وێنەی سەلاحەدینی ئەیوبیان لەوێ دانابوو و سروودی وروژێنەریان لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە لەلایەن چەند کەسێکەوە خوێندراوەتەوە.

جێگری وزارەتی جەنگ

ژمارەی ئەو بەلگەیە لەئەرشیفی رێکخراوی بەلگەنامەکانی میللی ئێراندایە ١٥٠٤ — ١٥ — ١١٦٠٠٧

دم / ٤٩٩٥٢
بەروار ١٩٤٥/١٢/٢

ژمارە/
ناوەند: ٢
لق: ٢
پاشکۆ:
نهێنی راستەوخۆی خێرا
وەزارەتی جەنگ

ناوەندی لەشکر نهێنی راستەوخۆی خێرا

جەنابی بەڕێز/ سەرۆکی وەزیران

بەگوێرەی نامەکانی لەووبەرمان بۆ هەڵسانی کوردەکان دژی دەوڵەت، بەڕێزەوە رایدەگەیەنمە خزمەتتان. ئەو راپۆرتە لە "تەوریز"ەوە بەدەستمان گەیشتووە، دەڵێن لەدوا کۆبوونەوەدا عومەرئاغا وتوویەتی هەموویان شایەتحاڵی بینینی هێزی سمایل خانی سمکۆ بوونەو نەیانتوانیوە لەبەرامبەر دەوڵەتدا خۆڕاگری بکەن. ئەوانە خەڵکی ناوچەکە هاندەدەن، ئێمەش لەبەرامبەریان رادەوەستین‌و هەرکات رێبکەون لەگەڵمان هاوکاری بکەن‌و ئاسانکاریمان بۆ بکەن‌و یارمەتیمان بدەن، ئێمەش هەڵدەستین بۆ جێبەجێکردنی کارەکان. مەلا مستەفای بارزانی ئەمە دوو رۆژەو بەنهێنی هاتۆتە ناو شاری مەهابادو شێخ عەبدوڵلا ئەفەندی بەیارمەتی‌و پشتیوانی قازی محەمەد خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی‌و نیشتەجێ کردنی کۆچبەرو پەنابەرەکانە.

عومەرئاغا بێجگە لە گەنم شەش هەزار تمەنی بە نەقدی پێیان داوە.

لەکاتی بەڕێکردن‌و چوونە دەرەوەی "تاهیر" کوڕی سمکۆ لە مەهاباد، قازی محەمەد وتوویەتی لەبیرت بێت بێگانەکان باوکتیان کوشتووەو ناوبراو زۆرشێلکار بووە کە کەسانێك وەکو حاجی قەرەنی‌و مەلا خەلیل‌و ئەوانی تر کە ئامادە نەبوون لە مەهاباد، لەلایەن ئامادەبووان هەڕەشەیان لێدەکرێت، بەڵام سەرنەکەوتووە. بەڵێن وابوو لە هەرچی چینی مەلایە چوار کەس‌و لەهەر خێڵێك چوار کەس بۆ نوێنەرایەتی هەڵبژێرن‌و بەکۆمیتەی مەهاباد بیانناسێنێت.

٤٨٢٨

١٩٤٥/١٢/١١

لەلایەن وەزیری جەنگەوە

ژمارەی ئەم بەلگەیە لەئەرشیفی رێکخراوەی بەلگەنامەکانی میللی ئێراندایە
١٥٢٥ — ١٧ — ١١٦٠٠٧

وەزارەتی کاروباری دەرەوە

لەسەر نامەکەی باڵوێزی پاشایەتی ئێران لە بەغداد

بەرواری/ ١٩٤٦/٥/٢١، ژمارەی ٩٧٨

بابەت/ زانیاری لەبارەی کوردستانەوە

وەزارەتی کاروباری دەرەوە

ڕۆژنامەی "الاخبار"ی چاپی بەغداد لەژمارەی ١٩٤٦/٥/١٩ بابەتێك بەپێنووسی "ئەدوارد درینتاڵ" ڕۆژنامەوانی نیۆزویك بەمانشێتی "چەند زانیارییەکی کۆماری سەربەخۆی کوردستانی ئێران" نوسیووە:

دەتوانین بڵێین یارمەتی زۆری سوپای سووری بزوتنەوەی ئازەربایجانی داوەو ئەو هەواڵانەی لەملاولەولاوە دراوەتە کەسانی بەریتانیو ئەمریکی لەتاراندا و متمانەی پێکراوە، دەڵێن کاتێك کەسوپای سوور پێش ئەوەی ئازەربایجان بەجێبهێڵن، قونسوڵی ئەمریکایان ڕاوەستاندووە کە خەریکی چاودێری کردنی پراکیتکی هێزی سوڤیەت بووەو لەو کاتەشدا مۆسیقای سەربازی لە دەرەوەی بینای قونسوڵخانەی ناوبراودا لە"تەورێز" خەریکی ژەنین بوون.

هەواڵێکی تر وا باس دەکات کە هەندێ لەسەربازەکانی سۆڤیەت جلی یۆنیفۆرمو ڕەسمییان لەبەرکردووەو پاش ڕۆیشتنی یەکەکانیان ئەوان لەوێ ماونەتەوە. ئەو کەسانە وا خۆیان دەردەخەن بەمەبەستی سەیران هاتوون، بەڵام ئەرکیان ئەوەیە پاش ڕۆیشتنی سوپای سوور پشتگیری لەئازەربایجانیەکان بکەن تا ئەگەر لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە گوشار بخرێتە سەر ئازەربایجان، ناوبژی بکەن و لەو گوشارە کەم بکەنەوە.

هەواڵێکی تر باس لەوە دەکات کە کوردەکان بەفەرماندەیی "قازی محەمەد" هەندێ فەرمانیان لە "جەعفەر پیشەوەری" سەرۆکی حکومەتی ئازەربایجان وەرگرتووە لەسەر ئەو بنەمایە کەسەربەخۆیی کۆماری کوردستان دەبێ لەژێر چاودێری ئازەربایجاندا بێتو گشت مەسەلەکان سەبارەت بەسنوورەکانی نێوان هەردوولا بەسوودی ئازەربایجان ڕەچاو بکرێت. دەڵێن "جەعفەر پیشەوەری" وتوویەتی ئەم فەرمانانە بەپێی فەرمانی سۆڤیەتە،

بەڵام ڕێبەری کوردەکان جەختی لەسەر کردۆتەوە کە خۆشی لەگەڵ ڕووسەکاندا لەپەیوەندایەو جەختیان لەسەری کردۆتەوە کۆماری کوردی سەربەخۆ دەبێتو لەژێر چاودێری ئاوەربایجاندا نییە.

هەر کام لەڕێبەرانی ئازەربایجانو کوردەکان تەلەگرافێکیان بۆ بەرپرسی حزبی کۆمۆنیزم لەئازەربایجانی سۆڤیەتدا ناردووەو داوایان کردووە ئەو مەسەلەیانە بۆ چارەسەر بکات.

"قازی محەمەد" گەڕاوەتەوە بۆ ناوەندی حکومەتی خۆی لە"مەهاباد"و ئاڵایەکی سێ ڕەنگی پێك هێناوەو لەسەر خانووەکەیدا هەڵیواسیوەو هەروەها لەناوەندی حکومەتەکەیدا شەکرو قوماشو کەرەسەی شەڕی زۆریان بۆ چووە کە لەلایەن هێزی سۆڤیەت لەئێراندا بۆیان ناردوون.

فەرماندەی هێزی کوردەکان لەعێراق (حەمە ڕەشید) کە لەم دواییانەدا شمشێرو هێمای ئازایەتی لەجەژنێکی شکۆداردا لەسۆڤیەت وەرگرتووە بەرەو پیری قازی محەمەد زۆیشتووە. "حەمە ڕەشید" بەرپرسیارێتی هەزار ئەسپ سواری جەنگی لەئەستۆدایە. "قازی محەمەد" ئاشکرای کردووە ئامادەیە یارمەتی سۆڤیەت قبوڵ بکات. ناوبراو ئەو یارمەتییە لە هەر کەس بەمەبەستی بەئەنجامگەیاندنی ئاواتەکانی خۆی واتا دابین کردنی کۆماری کوردی سەربەخۆ بۆ کوردی ئێرانو عێراقو تورکیە قبوڵ دەکات.

ئەو ڕێبەرە بالابەرزە پەنجا ساڵ تەمەنیەتیو نەتەوە پەرستەو کۆمەڵەی نەتەوەی کوردی (کۆمەڵە) ئەو دایمەزراندووە. دوایین کەسێك کە بەزمانی بەرپرسانی ئێران جلە کوردییەکانی گۆڕی بەجلی ئەوروپی (واتا دوایین کەس بووە کە کۆڵ بدات جلە کوردییەکانی بگۆڕێت بە جلی ئەوروپی).

سەرەڕای ئەوەی کەناوەندی حکومەتەکەی لەجیهاندا بە"مەهاباد" دەناسرێت، ناوەکەی گۆڕیوەو کردوویە بە "بەهار ساردی ساوجبلاغ"، بەڵام وشە ڕاستەقینەکەی "سائۆق بلاغ"ە بەواتای "کانیاوی سارد" نەك "بەهاری سارد".

"قازی محەمەد" بەزمانی ئینگلیزی و ئەڵمانیو ئەسپرانتۆ بەباشی قسەی دەکردو کتێبی کۆنی ئێرانی زۆری لەبەردەستدایە.

رووسەکان پێیان خۆشە لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا پەیمان ببەستن هەر بەو شێوازەی لەگەڵ تورکەکان لەئازەربایجاندا هەیانە. کوردەکان لەناوچەکەدا بەدەست بێنن‌و دەتوانن زاڵ بن بەسەر دوژمندا بەو کەرەسە و ئامێرانەی کە هەیانە. شایانی باسە کە هێزی ئێران ناتوانێ پەلاماری دوژمنی بەتوانای خۆی بدات.

کوردەکان زۆر بەجدی هەوڵدەدەن بە هەر شێوازێك بۆیان بلوێت ئازووقەو زەخیرەی جەنگی خۆیان دابین بکەن تا بتوانن ئاواتەکانیان بەئەنجام بگەیەنن‌و سەربەخۆیی کوردستان دابین بکەن.

وەزیر موختار

ژمارەی ئەو بەڵگەنامەیە لەئەرشیفی ڕێکخراوی بەڵگەنامەکانی میللی ئێراندایە ١٤٩٧ — ١٥ — ١١٦٠٠٧ سەرۆك وەزیران

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۱۵۲۸-۱۷-۱۱۶۰۰۷ می‌باشد

لەکوردستانەوەبەروار ١٩٤٦/٦/١٩

دۆزینەوەی تەلەگرافی نهێنی / جەنابی شەمس مەلەك ئارازمارە...........

بۆ جەنابی سەرۆك وەزیران بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی بەدەستمان گەیشتووە، حەمە رەشید" و "مەلا مستەفا بارزانی" گەمارۆی شاری سەقزیان داوە، دەوڵەت هێرشی کردووەتە سەریان، ئەفسەرێك کوژراوەو هەندێکیش بریندار بوون.

سەقز لەمەترسیدایە، ئەگەر سەقز بڕووخێت، کوردستان و کرماشان و ئەراك لەمەترسیدایە، لەم ڕووەوە چۆنیەتی شێوازی پەلاماری لەشکری کوردستان دەگرێت. بۆ بەلاوەنانی ئاژاوەکە پێویستە ئەوانەی هێرشیان کردووە لەسەقز دوور بکەونەو ئێمەش چاوەڕێی فەرمانی جەنابت دەکەین بۆ دانانی کۆبوونەوەیەکی گرنگ تا هێزی "لەشکری کورستان"* بەهێز بکەین.

شەمس مەلەك ئارا.

ژمارەی ئەو بەڵگەنامەیە لەئەرشیفی ڕێکخراوەیی بەڵگەنامەکانی میللی ئێراندایە ١٥٢٨ — ١٧ — ١١٦٠٠٧

* لەشکری کوردستان: مەبەست لەشکری "٢٨"ی کوردستانە لەشاری سنە کە ئەوکاتیش هەر هەبووەو حکومەت دایناوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان بەناوی پاراستنی سنوورەکانیەوە کە پێشتر ناوی لەشکری "٢٥" بووە.

وزارت کشور

اداره ــــــــ
دایره ــــــــ

شماره ــــــــ
پیوست ــــــــ

محرمانه ــ مستقیم

محترماً بعرض میرساند شهربانی سقزگزارش داده طبق اطلاع حاصله .

۱) چند روزقبل محمود خان که یکنفراززرگانان مهاباد بوده درخیابان کشته شده .ــ

۲) محمد حسین سیف القضات ازطرف قاضی محمد بقریه ترگان کندی رفته ومحمد رشید باتمراد هوت بمهاباد نموده ولی تاکنون نرفته است .ــ

۳) قاسم قاضی زاده کارمند پایه ۲ دارائی مهاباد بعنوان ریاست دارائی ومحمد نامی فرماندار مهاباد بسمت حسابداری ازطرف دموکراتهای مهاباد دربوکان مشغول جمع آوری عایدات وعوارضات دولتی میباشند مراتب جهت استحضار معروض داشته .ــ

رئیس شهربانی کردستان ــ یاورخلیل پور

رونوشت برابر اصل است .ــ

رونوشت برابر اصل است

شمارهٔ این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران ۱۱۴۰۰۷-۱۵-۱۵۲۰ می‌باشد

ژماره........وەزارەتی ناوخۆ

پاشکۆ......ئیدارە.........

نهێنی - راستەوخۆ ناوەند.........

بـەرێزەوە رایدەگەیەنینـە خزمـەتتان، ئاسایـشی سـەقز راپـۆرتی داوە بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی بەدەستمان گەیشتوون:

١. چەند رۆژ لەمەوبەر "مەحموودییان" کە بازرگانێکی شاری مـەهابادە لەشەقامدا کوژراوە.

٢. "محەمـەد حـسێن سـەیفولقوزات" لەلایـەن "قـازی محەمـەد"ەوە نێردراوەتەوە گوندی "تەرکان کەندی"و "حەمە رەشـید"ی بانگێشت کـردووە بۆ مەهاباد، بەڵام تا ئێستا نەرۆیشتووە.

٣. "قاسم نانـەوازادە" کارمەنـدی پلـە (٣)ی دارایـی مـەهاباد وەکـو بەرپرسی دارایی و "محەمەد نامورەر" قایمقامی مەهاباد وەکو ژمێریار لەلایـەن دیموکراتەکانی مەهاباد لە "بۆکـان"دا خـەریکی کۆکردنـەوەی بـاج و کاروبـاری دەوڵەتین، پێویست بوو ئەو مەسەلانەت بۆ باس بکەین.

بەڕێوەبەری ئاسایشی کوردستان – یاوەر خەلیل پوور

ئەم نووسینە لەرووی بەڵگە سەرەکییەکەیەتی...

ئەم نووسینە وەکو بەڵگە سەرەکییەکەیەتی.

ژمارەی ئـەو بەڵگەنامەیـە لەئەرشـیڤی رێکخراوەیـی بەڵگەنامـەکانی میللی ئێراندایە ١٥١٠ – ١٥ – ١١٦٠٠٧

وزارت کشور
اداره
دایره

شماره
پیوست

رونوشت تلگراف بخشداری سقز

فرمانداری ۱۲۸ طبق اطلاع آقای محمد حسین سیف قاضی
عموزاده قاضی محمد بوکان آمده ، بعنوان اینکه درکمیسیون
اخیر مهاباد قاضی محمد رئیس و حاجی بابا شیخ نخست وزیر
دموکرات مهاباد شده ، بنفرات دموکرات مستحفظین بوکان —
هریک پانصد ریال انعام داده —
دوم ناهید محمد رشید پانه را درنزدیکی بوکان ملاقات پیغام
قاضی راکه فوراً تکلیف تعیین میشود باو ابلاغ برای رفتن مهاباد
دعوت نموده .
سوم محمود بان تاجر قلعه مهاباد که با حزب دموکرات مخالف
بوده ، بوسیله تیرتفنگ یکنفر ناشناس در اخیر مقتول شده ۱۳۰ —
امیری اردلان

رونوشت برابر اصل است . معاون فرمانداری

شماره این سند در آرشیو سازمان اسناد ملی ایران [illegible] میباشد

وەزارەتی ناوخۆ.........

ژمارە......ئیدارە...........

پاشکۆ.....ناوەند...........

نووسینی تەلەگرافی ناحیەی سەقز

قایمقامی (١٢٨) بەپێی راپۆرتێکی، جەنابی "حەمە حسێن سەیف قازی" ئامۆزای "قازی محەمەد" هاتۆتە بۆکان لەبەرئەوەی لەدوایین کۆمیسیۆنەکانی مەهابادda "قازی محەمەد" بووەتە سەرۆك و "حاجی بابا شێخ" بووەتە سەرۆك وەزیرانی دیموکراتی مەهابادو پێنج سەد ریاڵی داوەتە لایەنگرانی دیموکرات لەبۆکاندا.

هەروەها ناوبراو چاوپێکەوتنی هەبووە لەگەڵ "حەمە رەشیدی بانە" لەنزیك شاری بۆکان و پەیامی قازی کە لەئەستۆی گرتبوو گەیانیبوویە ئەو و بانگێشتی کرد بوو بۆ شاری مەهاباد.

هەروەها "مەحمودییان" بازرگانی بەناوبانگی مەهاباد کەدژی حزبی دیموکرات بووە لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە بەفیشەکی تفەنگ کوژراوە . (١٣)

ئەمیری ئەردەلان

نووسینەکە وەکو بەڵگە سەرەکییەکەیەتی. جێگری قایمقام

ژمارەی ئەو بەڵگەنامەیە لەئەرشیڤی رێکخراوەی بەڵگەنامەکانی میللی ئێراندایە ١٥١٠ — ١٥ — ١١٦٠٠٧

وزارت جنگ
ستاد ارتش

ژمارە/ ٦٤٩٨ — ٢١٥٢/ دم　　　　بەروار/ ١٩٤٦/٨/٢٨

وەزارەتی جەنگ ناوەند: ٢　　　　ناوەندی لەشکرلق: ٢

پاشکۆ:..........

بەزۆر نهێنیو راستەوخۆوە　　　　زۆر خێرایە

جەنابی سەرۆك وەزیران

بەرێزەوە رایدەگەیەنینە خزمەتتان بەپێی ئەو راپۆرتانەی بەدەستمان گەیشتوون رۆژی (٧) مانگی گەلاوێژ کەسێك بەناوی "ئەسحاق" کە بەرپرسی ناوەندی کوردەکانە لە "مەیاندووئاو"، رۆیشتووە بۆ لای ئاغاواتەکانی دێبەکری مەهاباد و داوای لێیان کردووە کە دوو کەس لەوانە یەکێك لەکورەکانیان بنێرن بۆ مەهاباد تا بیاننێرن بۆ "باکۆ".

لەئەنجامدا ئاغاواتەکانی ناوبراو ئەوکارەیان نەکردووە لەبەر ئەوەی لەداهاتوودا تووشی کێشەو گرفت نەبن. هەروەها ژنو منداڵو کەسو کارەکانیان گواستۆتەوە بۆ گوندی "قەرەگوێز" لەقەراخی چەپی رووباری سیمینەوە "تەتەهوو"، رەنگە لەنێوان ئەوانو لایەنگرانی قازی محەمەددا پێکدادانی چەکداری رووبدات.

عەشیرەی ناوبراو لەنامەیەکدا کە بۆ لەشکری (٤) نووسیبووی سوپاستان دەکەمو رەنگە "حەمە حسێن سەیف قازی" کە خۆی بەوەزیری جەنگی کوردستان دەزانێو بەنوێنەرایەتی کوردەکان بەرەو تاران بەرێکەوتووە لەبارەی عەشیرەتەکانەوە قسە بکات، لەحاڵێکدا "دهبەکرییەکان" بێجگە لەوڵات پارێزی بۆ ئێرانو پاراستنی خاكو سەربەخۆیی بۆ ئێران هیچ بیروبۆچوونێکیان نییەو لەژێر فەرمانو یاسای دەوڵەتدان. فەرمان درا بە لەشکری (٤)*ی کوردستان کە سوپای عەشیرەی ناوبراو بکەن.

لەلایەن وەزیری جەنگەوە/ حەمدوڵڵا

ژمارەی ئەو بەڵگەنامەیە لەئەرشیفی رێکخراوەی بەڵگەنامەکانی میللی ئێراندایە ١٤٩٩ — ١٥ ١١٦٠٠٧

---

* لەشکری (٤): لەشکرێکی سەربازی بوو کە حکومەتی ئەو کاتەی ئێران (پاشایەتی) بۆ سەرکوتی کوردەکان دایەنابوو بەناوی پاراستنی سنوورەکانی کوردستان.

ژمارەی نامە.........نموونە: ٣٦٥

وەزارەتی پۆستو تەلەگرافو تەلەفۆن

لــــە/ مـەهابادەوە	ژمــــارەی پێشوو/٢٧٦	ڕێژەوی وشەکان	بەرواری سەرەکی	تێبینییەکان	بــــەرواری سەرەکی (ڕۆژ ●)	(مانگ)	ناوی وەرگر
بۆ/ تاران	ژمـــــارەی تەلەگراف	١٧٣	٣١		٦/١		

جەنابی سەرۆك وەزیران

نوسینی ناوەندی لەشکر/ نووسینی جەنابی "سدری قازی" نوێنەری کوردستان/ نووسینی نوێنەرانی ئازەربایجان بەگوێرەی تەلەگرافەکانی پێشوو/

سـەقزو بانـەو سەردەشـت کـە لـە دابەشـبوونی جوگرافیـایی وڵاتـدا لەگـەڵ "گـەرۆس"دا کـە بەشـێك لـەئازەربایجان بـوون، ئێـستا کەسەردەشـت بەشـێکە لەئازەربایجان. دەوڵەت لـەو ناوچـانەدا چـەند لەشـکری تانـكو فڕۆکـەو زری پـۆش داناوەو هەموو ڕۆژێ چەکدار و ئامێرە شەڕکەرەکانی زیاتر ئەکات و خەریکی پلانو چالاکینو نوێنـەری ئێمـەیان ڕەتکردۆتـەوە کـە یـەك کـەس لـەهێزی خۆیـان کـەم ناکەینەوە و هەر ئەوەندەو تەواو.

هەموو تانكو فڕۆکەو زرێ پۆشەکانمان لەوێ دەمێنێتـەوە، ئەگـەر وایـە دەوڵـەت کە بەڵێنی وابوو خێرا فەرمان بدات بارودۆخی لەشکر لەناوچـە ناوبراوەکانـدا وەکو بارودۆخی پێش بیستەمی مانگی خەرمانانی لێدێتەوە تـا لەئـەنجامی دانیـشتنەکاندا دوایین بڕیار لەسەری بدرێت لەبەر ئـەوەی کوردەکـان کەسـەکانیان بڵاوبکەنـەوە کە لەشکری پاشایەتی بتوانێت لانیکەم بۆ براکوژی ئازادی تەواوی هەبێ، ئەگینا بۆچی دەبێ بەڵێنو پەیمانو گرێبەستەکان لە بەر چاو نەگیرێن.

١٣٢٤ — ١٣٢٥ /٥/٣١ محەممەد قازی

١٣٢٦/٦/١

تاقمی ٢٠٥/ لاپەڕەی ٢٤/٨ چاپەمەنی تابان

کاتی هاتنی نامەکە بۆ نووسینگەی وەزیران ژمارە/ ٢٤٨٣٣ لەبەرواری/ ٢٥/٦/٤

ژمارەی ئەم بەلگەیە لەئەرشیفی ڕێکخراوی بەڵگەنامەکانی میللی ئێراندایە ١٤٩٨ — ١٥ — ١١٦٠٠٧

ژمارەی نامە (٧٢٧)نموونە ٣٦٥

وەزارەتی پۆستو تەلەگرافو تەلەفۆن ساڵ........١٩٤

تەلەگراف

لە/ مەهابادە وە	ژمارەی پسوڵە/(٧٦٣)	ژمارەی وشەکان	بەرواری سەرەکی	تێبینییەکان	بەرواری سەرەکی			ناوی وەرگر
					رۆژ	مانگ	ک	
بۆ/ تاران	ژمارەی تەلەگراف/ ٢٥	١٥	١٩		٨/١٩			

راستەوخۆ

جەنابی "ئەشرەف" سەرۆك وەزیران کۆپییە بۆ لیوا سەرلەشکر "رەزم ئارا"، پاشکۆی نامەی (٣٣٥١ — ١٣٢٥/٨/١٧) نزیکەی پێنجسەد سەرباز بۆ گوندی فیلسۆن والکۆ و داشا بەرنامەی هێرشی رەعیەتەکان بەردەوامەو یەك کەس سوارە نیزام رۆیشتوە بۆ لای گوندی "نەوبەهار" (بەهاری نوێ"و بوونەتە هۆی ترسی خەڵکی و ناوچەی "فەیزوڵڵا بەگی"یان هێناوەتە ئاراو جەنابی "فەیزوڵڵا" بەگی ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانیان خستۆتە ژێر گوشاری زۆرەوە.

وتوویانە هەرکات خەڵك لەسەقزدا لەلای فەرماندەیی هێزەوە ئامادە نەبن دەکەونە بەر پەلاماری هێزی سەربازی، لەمڕووەوە ئەوان خێزانەکانیان بردۆتە ئەملاوئەولای شار.

بۆ هاوکاری زیاتر داواکارم فەرمان بدەن پەلاماری گوندەکان نەدەنو خەڵك ئازار نەدەن بەهۆی دیمۆکرات بوونیانەوە. ٣٤٤٦ — ١٣٢٥/٨/١٩ محەمەد قازی

ئیدارەی تەلەگرافی تاران

ژمارەی ئەو بەڵگە لەئەرشیفی رێکخراوی بەڵگەنامەکانی میللی ئێراندایە ٢٥٢٥ — ١٠٩٠٨٦

نمره ۲۶۰

شماره کتاب ۱۳۵۹ — سال ۱۳۲

وزارت پست و تلگراف و تلفن

تلگراف

از مهاباد	قبض ۹۲۶	تعداد کلمه	تاریخ اصل	توضیحات	تاریخ وصول روز	ساعت
ط ۹	تلگراف ۱۲	۱۴۸	۷		۷	۹

جناب اشرف آقای نخست وزیر هرچند صریحاً طی شماره ۲۹۱۷ امریه صادر
فرموده بودید که به تجاوزات پادگان سردشت و قتل و غارت دهات راه انداخته
رسیدگی شود متأسفانه هنوز بامور رسیدگی نکرده اند دهات کلو سردشت در اثر
عملیات قوای تأمینیه دولتی خالی سکنه چند ده غارت سوزانده اند عده زیاد از
